

کەسێ کەوەک
هیچ کەس نی یە

فروغ فرخزاد

وەرگێرانی: حەمەکەریم عارف

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

فروغ فروخزاد

کەسێ کە وەك هیچ کەس نی یە

نووسین و ئامادەکردن و پاچڤەی:

حەمەکەریم عارف

چاپی یەکەم

٢٠١٧

Scanned by CamScanner

پێڕست

پێڕست ---------------------------------- ٥

یەکەم: دەستپێك: ---------------------------------- ٧

دووەم: فروغ لە قەڵەمڕەوی شیعرو ژیاندا ---------------------------------- ٢٤

فروغ لە ئاستانەی وەرزی ساردا: ---------------------------------- ٨٦

خاکی پەزێرا ئاماژەیەکە بۆ ئارامی: ---------------------------------- ٩٢

سێیەم: فروغ لە شیعر دەدوێت: ---------------------------------- ٩٧

چوارەم: پێنج سەرنج دەربارەی (لە دایکبوونێکی تر) ---------------------------------- ١١٢

پێنجەم: باڵندە مردەنیە، بەڵام فڕین هەر دەمێنێ ---------------------------------- ١٣٣

شەشەم: فروغ لە ئاوێنەی شیعرەکانیا ---------------------------------- ١٤٣

حەوتەم: مەرگی ئەو شەهیدە ---------------------------------- ١٨٨

هەشتەم: فەرهەنگۆك ---------------------------------- ١٩٣

Scanned by CamScanner

یەکەم: دەستپێك:

دنیای شیعری فارسی بێ فروغی فەروخزاد "١٩٣٤- ١٩٦٦" بۆنی ئافرەتی لێنایەت... فروغ ئازارمەندانە لەزەتی دەبردو هونەرمەندانە ئازاری دەچەشت، فروغ شیعری هەڵنەبژارد بوو، بەڵکو شیعر ئەوی هەڵبژارد بوو تا بە زمانی ئەوەوە رازی دڵی ژن بڵێ، چونکە تا ئەو دەمە کەمتر ژنێکی پەیدا کردبوو کە بە راستگۆیی و بوێری وشەهامەت و ڕاشکاوی ئەوەوە ببێ بە پەیامبەری پەیامی شیعرو بەو پەیامە تینوویەتی بەدەنی و رۆحی خۆی بشکێنێ و شیعری لەلا ببێ بە مێژوو، بە منداڵ و لە ئەنجامدا بە کامڵ بوونی مرۆڤانی... شیعر یەخەی ئەوی دەگرت و ئەو شەڕی بە شیعر نە فرۆشتووە... بەخۆی دەڵێ:

" شیعری خراوم زۆر وتووە، سەردەمانێ کە شیعرم دەوت، شیعر بە شێوەیەکی خۆرسك و زگماك لەمندا هەڵدەقوڵا، رۆژی دوو-سێ شیعرم دەوت، لە ئاشخانە، بەدەم درومانەوە، ڕاستە دیوان لە دوی دیوانم دەخوێندەوە، پڕ دەبووم، بە هەرحاڵ بەخۆیشم سووکە بەهرەیەکم هەبوو، بۆیە ناچار دەبوایە ئەو حاڵەتە عەکس بکەمەوە، نازانم ئەوانە شیعر بوون یان نا، بەڵام دڵنیام راستگۆیانە بوون، من هێشتا دروست نەبوو بووم، زمان و شێوەو

Scanned by CamScanner

دنیای فیکری خۆم نەدۆزی بووەوە..." بڕوانە (برگزیدە اشعار فروغ فرخزاد /چاپ جیبی).

زۆر ئافرەت هەیە کە بۆ شووکردن نەخولقاون. فروغیش یەکێك بوو لەو ئافرەتانە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە چارەنووسی زۆربەی ئەو ئافرەتانە سەرگەردانییە لە دنیای ژمارەیەك شووکردندا، ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەشقی نە بەکام و تاڵ و شیرینی ئارەزووەکانی دڵە، تا سەرەنجام گاسنی ڕۆژگار ڕوخساریان دەکێڵێ و بەفری پیری سەریان دادەپۆشێ و بەدەنی گەرم و گوڕیان وردە وردە لە ساردی مەرگ نزیك دەبێتەوە.

بەڵام فروغ پاش ئەوەی لە کۆتی ژن و مێردایەتی ڕەها بوو، چیدی ملی نەدایە "ئەسیر"ی بەڵکو "عصیان"ی کرد، یاخی بوو، بۆ هەمیشە ڕەها بوو وبە ڕەهایی ژیا، چونکە لە مێرد دابڕا، خۆی لە شیعر مارەکردو "لە دایك بووەوە"... فروغ ئاشقێکی گەورەی ژیان بوو، باوەڕی وا بوو دەبێ شیعرو ژیان بە جۆرێ ئاوێتەی یەکدی بن کە لە جیابوونەوە نەیەن.

هەر لەم پێوادنگەوە دوژمنی سەر سەخت و ژمارە یەکی ڕیا بوون، دەنگ و ڕەنگی فروغ، ئەفسوونێ بوو کاری لە هەمووان دەکرد، لێ مەخابن زۆربەی ئەو کەسانە لە دەنگی تێنەدەگەیشتن... فروغ بە ئەسیری هاتە دنیاوە، سەری دا بە "دیوار"ی زیندانا و "یاخی" بوو، لە هەوڵ و تەقەلای "لە دایکبوونێکی تر"دا بوو بۆ خۆی و هەموو دنیا... ئەوەتا بە خۆی دەڵێ: "یاری من شیعرەو شیعرە دڵدارم، دەڕۆم، دەڕۆم تا بەدەستی دەهێنم".

فروغ ئینسانێك بوو ئاشق، لە ئەشقدا دەسووتاو لە ئەشقدا لە دایك دەبووەوە. شەوان بە دەم ماچێکەوە دەمردو سپێدە بە دەم ماچێکی ترەوە زیندوو دەبووەوە. ئەشق لەلای ئەم مرۆڤە یاخییە شۆڕشگێڕە هەم ئارام بەخش بوو هەم سووتانو هەڵچوونو دانەمرکانەوە، فریاڕەسێك بوو تا ژیانی لە بێزاریو نا ئومێدی و بێتاقەت بوون، پێ ڕزگار بکاتو شکۆو مەزنایەتییەکی ئینسانی پێ ببەخشێت، فروغ ئینسانێك بوو زەحمەتە ئەوەی لەسەر ساغ بکرێتەوە کە ئەو لە شیعرو ئەشق بوو بوو، یان ئەشق و شیعر لەو بوو بوون، ئەو فرزەندی ئەمان بوو یان ئەمان فەرزەندی حەلاڵزادەی بێ غەلو غەشی ئەو بوون، ناڵەی ئینسانییانەی ئەم مرۆڤە سەوداسەرە لە هەرەتی هەڵچوونو هاڕوژاویدا، لە نەوای شیعرێ دەچوو، سۆفییەکی ئاشقە ئینسان لە شەوێکی خامۆش و کپدا بە سۆزو ئاوازەوە بیخوێنێ.

بە خۆی لەمبارەیەوە دەڵێ: "لە لووتکەی ئەشقداو لە هەرەتی تێکەڵ بوونی ئاشقاندایە کە مرۆڤ دەگاتە خوا". فروغ هەموو شادیو خەمەکانی، خۆشیو ناخۆشییەکانی هەڵدەڕشتە ناو شیعرەوەو هەر شیعر بوو بەرگەی کوڵو کۆڤانی ئەو مرۆڤە مەزنەی دەگرت. لە هەموو حاڵێکدا لە شیعرەوە دەستی پێدەکردو دیسان دەگەڕایەوە باوەشی شیعر .. شیعرە بۆ ئەو پەناگەیەکی ئاسمانی بوو... بەخۆی دەڵێ:

" شیعر بۆ من پێداویستییە، لە خواردنو خەوتن پێویست ترە، شتێکە هاوتای هەناسە، من لە شیعر جیا نیم، شیعر بریتییە لە

Scanned by CamScanner

ژیانی وشە لە ناخی مرۆڤداو ئەوجا نووسینی ئەو وشانە بە شێوەیەکی زیندوو لەسەر کاغەز، بۆیە دەبێ خۆ لە هەموو لەنگی یان وەستانێك بپارێزێ کە دەبێتە مایەی بێ گیان کردنی وشە."

بەڵێ شیعر بۆ ئەو پەناگەیەکی ئاسمانی بوو... چونکە شاعیر بوون بەلای ئەوەوە هاوتای بە ئینسان بوون بوو، بەخۆی دەڵێ: "هەندێ کەس دەناسم کە رەفتاری رۆژانەیان چ پێوەندییەکی بە شیعریانەوە نییە"، واتە تەنیا ئەو دەمانە شاعیرن کە شیعر دەڵێن. پاشان لە شاعیری، واتا لە ئینسانییەت دەکەونو دەبنەوە بە مرۆڤە گورگو زاڵمو کورتبینو بەغیلەکەی نێو گورگستانەکە. من بە قسەی ئەم جۆرە مرۆڤانە قایل نیم. من پتر بایەخ بە ژیان دەدەمو کاتێك ئەم ئاغایانە دەکەونە سمکۆڵانو نەڕە نەڕە - واتا لە شیعرو نووسینەکانیاندا - دڵم تێك هەڵدێو باوەڕ ناکەم راست بکەن... لە دڵی خۆدا دەڵێم ناشێت ئەم هەموو هەراو هەنگامەیەیان بۆ کاسە پلاوێك بێت!!..

شیعر بۆ ئەو پەناگەیەکی ئاسمانی بوو... دەنا وەك هەر ژنێکی هەوەسبازی نێرباز، تۆفانی غەزەبی کۆمەڵگە ڕایدەماڵیو نەدەبوو بەم ئەستێرە گەشەی ئاسمانی نەمران، هەر شیعر بوو ئەوی "ئەسیر" و "عاصی" کردو لە ئەنجامدا گەیاندییە "لە دایك بوونەوە"...

فروغ وەختێ دێتە سەر باسی شیعری خۆی، پتر بەلای "لە دایك بوونێکی تردا"دای دەکێشێو وا هەست دەکرێ لە شیعرەکانی پێشووی پەشیمانە، یان جۆرە پەشیمانییەك لە

قسەکانیدا بەدی دەکریّ... خۆشی بە ڕاشکاوی ئامارژە بۆ ئەم پەشیمانییە دەکات و دەڵیّ بۆیە ژێوانە چونکە بە شێوەیەکی سادەو ساکار دنیای دەرێی وێنەکێشاوەو دەربڕیوە، بەڵام پێناچێت ئەم پەشیمانییە سوودێکی هەبێ، چونکە شیعرەکانی لە کتێبدا بڵاوبوونەتەوەو شایەتی ئەو قۆناغانەن کە شیعری فروغ پێیاندا تێپەڕیوە... دیوارو عصیان لە قە فرتێیەکی نا ئومێدانەیە لە نێوان دوو قۆناغی ژیاندا، هەوڵ و تەقەلایەك بوو بۆ جۆرە رزگارییەك، زەمینە خۆشکردن بوو بۆ گەیشتن بە قۆناغی بیرکردنەوە... هەست لە سەردەمی لاویدا رەگوڕیشەی سستی هەیە، تەنیا رواڵەتی ناسکیان هەیەو ئەگەر پاشان فکرێك نەبێ بە جڵەوکێشی یان لە ئەنجامی بیرێکەوە گەشە نەکات ئەوا وشك دەکات و دەمریّ... فروغ لە دیوانی دیواردا بە شیعری "گنە کردم گناهی پر ز لذت" بەوپەڕی تواناوە هەڵچوونی بەدەنی نیشان داوەو دەشێت بڵێین، بەم شیعرە دەیەویّ خیتابی "ژنایەتی" مۆر بکات و بە ئاستەمیّ بە دیوی ژنانەی ناوەوەی ژندا شۆڕببێتەوە، پاش هەردوو دیوانی "ئەسیر" و "دیوار" دیوانی "عصیان" دێتە پێشیّ و دەشێت بە پێشەکییەکی دابنێین بۆ هەنگاوێکی کۆك و پتەوتر... بەڵام فروغ لە" لە دایك بوونێکی تر"دا پتر بە ناخی خۆیدا رۆدەچێت و شیعرەکانی بە شێوەیەکی ئەستوونی دەڕۆن و دەست بەرداری رەوتی ئاسۆیی بووە، هەڵبەتە لە شیعردا تا پتر دنیای ناوەوە بێ پەردەو شاعیرانە بخرێتە روو، ئەوەندە پتر شیعرییەت بە هۆنراوەکە دەدات .

Scanned by CamScanner

فـروغ، ئەشـقێکی دەویسـت لـە هـەواو هەوەسـی کـاتیو ساتەوەختی بیپـارێزێ و بـەلای ئـەوەوە ئـەو جۆرە ئەشقە زامنی پاکی ژن بوو. لەلایەکی تریشەوە هەواو هەوەسی ساتەوەختیشی، بە تایبەتی لە هەڕەتی هەڵچوون و هاڕووژاندا، لە ئەشق بە کەمتر نەدەزانی"

من پەرییەکی چکۆلەی غەمگین،
دەناسم، کە ئۆقیانووس نشینە
دڵی لە بلوێرێکی قامیشدا
هێدی هێدی لێدەدا
پەرییەکی چکۆلەی غەمگین کە شەوانە بەدەم ماچێکەوە دەمرێو
سپێدە بەدەم ماچێکەوە
لە دایك دەبێتەوە.

فروغ، تەقینەوەی گرێکوێرەی بە سویێو لە کرانەوە نەهاتووی بێدەنگی ژنانی ئێران بوو، شیعری فارسی بەبێ فروغ بۆنی ژنی لێنایـەتو تازییـەبارو بێگیـان دێتـە بەرچـاو... فـروغ شـانازی بە ژنایـەتی خۆیـەوە دەکـرد. ژن بـوو، بـەلام خـۆی لـە پیـاو جیا نـەدەکردەوە، فـروغ لـەو ژنانـە نـەبوو بچـێتە سـەر مینبـەرو کۆڕ بگێڕێ، بەلام لە تەنیایی خۆیداو بە تەنیا زۆرترین کاری بۆ ژنانی ئێرانی ئەنجام دا... فروغ بە حوکمی ئەو شوێنە تایبەتییەی کە گرتبووی، لەگەڵ چ کەسێکدا بەراورد ناکرێ، تەنیا فروغەو بەس،

بە تاقی تەنیاو تاقە سوارە زمان حاڵی هەموو ژنانی بێدەنگی چەندین سەدەی ئێران بوو. بە تەنیا لە مێژووی نێر ونێرسالاری یاخی بوو، بوێرانە خۆی کرد بە یەکەم ئاڵا هەڵگری مێ.... فروغ تاقە قارەمانی تراژیدیایەکی سخوچڕو مسیبەت ئامێزە.

ژنانی ئێرانی ئەگەر لە باری داهێنانی شاعیرانەوە چەندین سەدەیە، نەزۆك بن ئەوا لە (فروغ)دا ئاوس بوونەوەو بەوپەڕی روونیەوە لە ئاوێنەی زەماندا رەنگیانداوەتەوەو فروغ بۆشاییەکی بێوێنەی بێ هاوتای پڕکردەوە. شیعر قەدەرو چارەنووسی فروغ بوو... شیعرو فروغ لێکدی جودا نەدەبوونەوە، واتا لە یەکدیدا فەنا بوو بوون، بەخۆیشی نەیدەزانی ئەو شیعرە یان شیعر ئەوە "شیعر ئەو بەشەیە کە تەواوم دەکات".

ئەگەر بتوانین بڵێین شیعر بازنەیەکی بۆشەو شاعیر بە خۆی پڕی دەکاتەوە ئەوا فروغ بە جۆرێ بە خۆی پڕی کردۆتەوەو ئاوێتەی بووە پیاو نازانێ ئەو شیعرە یان شیعر ئەوە. هەندێجار وا هەست دەکەی شاعیر نەماوەو بە راستی لە شیعردا فەنا بووەو ئەگەر فروغ بیوتبا (أنا الشعر) چ زێدەڕۆییەك لەو قسەیەدا بەدی نەدەکرا. چونکە ئەو ئافرەتە هەرگیز خەمی چوونە پێشی نەبوو، بەڵکو خەمی گەورەی ئەو رۆچوون و قووڵبوونەوە بووەو رەنگە هەموو داهێنانێکی رەسەن بەو جۆرە سەری هەڵدابێ. ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەمان سیانەی نەمری سەرمەدییە کە پێی دەوترێ سێکوچکەی "ئەشق، جوانی و مەرگ" ئەم ناوەڕۆکانە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ژنسالارییەوە تا ئەمڕۆ ئەگەرچی بە پێی

Scanned by CamScanner

شوێن و زەمان شێوەی جیاوازیان گرتۆتە خۆ، بەڵام لە باری مەعناو چەمکەوە وەك خۆیان ماون... فروغ دەڵێ: "پێموایە ئەوانەی لە بواری هونەردا کاردەکەن، یەکێك لە هۆیەکانی بریتییە لە پێداویستییەکی ناخود ئاگایانە بۆ روو بە ڕوو بوونەوەی زەواڵ کە ئەمانە خەڵکانێکن کە ژیانیان پتر خۆشدەوێ و تێی دەگەن، وەك چۆن لە مەرگ تێدەگەن...

کاری هونەری هەوڵ و تەقەلایەکە لە پێناوی مان و نەمریدا، نەمری بەخشین بە خۆو سڕینەوەی مەعنای مەرگ....

"ئەشق، جوانی و مەرگ" وەك پەپوولە بە دەوری گوڵی ژندا سووڕاونەتەوە، جوانی سیفەتی ژنە، ئەشق هەوێنی ژنە، مەرگی خۆی یان دڵدارەکەی چارەنووسییەتی. جا فروغ لەبەر ئاوێنەی ئەم سێ ناوەڕۆکە نەمرەی شیعردا، جل و بەرگی زەمانی خۆی پۆشیوەو هێندەی بۆی کرابێ پێیاندا رۆچووەو بەرەو قووڵبوونەوە چووە... بۆیە هەر لەم پێودانگەوە شیعر لە لای ئەم ژنە هاوتای بوونە... پێیوایە هیچ پێوەندییەکی مرۆڤایەتی ناتوانێت مرۆڤ بگەیەنێتە لووتکەی کامڵ بوون، واتا کەس نابێت بە تەواوکەری کەس، ئەگەر وا بوایە ئەم پێوەندییە خۆی لە خۆیدا دەیکردە مەزنترین شیعری دنیا. "شیعر بۆ من پەنجەرەیەکە هەر وەختێ بەرەو روویدەچم خۆ بە خۆ دەکرێتەوە، لەبەریا دادەنیشم، تەمەشا دەکەم، گۆرانی دەڵێم، هاوار دەکەم، دەگریم، شیعر هۆیەکە بۆ بەرقەرار کردنی پێوەندییەکان لەگەڵ بووندا،

چاکییەکەی لەوەدایە وەختێ کە مرۆڤ شیعر دەڵێ، دەتوانێت بڵێ: من هەم، یا هەبووم".

فروغ، ژنێك بوو کە لە کەوشەنی خەڵکی زەمانی خۆی جیا بووەوە، جیابوونەوە بەو مەعنایە نا، کە پلەیەك کەوتە سەرووی ئینسانەوە، بەڵکو بەم مەعنایە کە ئەو ئیدی بە پێوەری خەڵکی سەردەمی خۆی نەدەهاتە هەڵسەنگاندن، ئەو شتانەی کە ئەو دەیبینی و ئەو هەستەی سەراپای بوونی فەتح کردبوو، شتێك بوو جیا لە ئەقڵیەتی خەڵك... واتا فروغ بۆ خۆی فروغ بوو، تیشکێك بوو بە ڕاستی بە شکۆترین تیشك و ڕۆشنایی زەمانی خۆی بوو، لە کوچەو بازاڕدا لەگەڵ خەڵکیدا دەژیا، دەیویست وەك ئەوان بێ... بەڵکو خودی ئەوان بێ... بەڵام جیا بوو، خەڵکی کوچەو بازاڕ لە زمانی تێنەدەگەیشتن، لە سەرەتادا زۆر بە ئاسانی ڕەفزیان کرد، کارەکانیان بە پێوەری تایبەتی خۆیان هەڵدەسەنگاند، پاشان کەوتنە ستایشی!

ئیدی عادەتی خەڵکی عەوام ئەوەیە کە یەکێکی جیا لە خۆیان بینی یا ڕەفزی دەکەن یا ستایشی دەکەن، بەڵام کەسێك کە لەوان جیا بێ، شێوەو ڕەفزو ستایشی جیاو تایبەتی خۆی دەبێ، نە گوێ بە ڕەفزی ئەوان دەدات، نە باوەڕ بە ستایشیان دەکات. ئەوەتا فروغ دەڵێ: "من لەو کەسانە نیم کە دیتم بەرد سەری یەکێکی شکاندووە، ئیدی لەمەوە بگەمە ئەو ئەنجامەی کە نابێ خۆ لە قەرەی بەرد بدەم، من تا سەری خۆم نەشکێنێ لە مەعنای بەرد تێناگەم"، بەڵام مەرگ بە یەکجارەکی ئەوی لە زەمانی خۆی

جیا کردەوەو فڕێی دایە ناو جەرگەی زەمانە لە بڕانەوە نەهاتووەکەوەو رەنگە زەمانێ بێ پێوەرێك لەگەڵ خۆیدا بێنێ و بتوانێت فروغ هەڵسەنگێنێ، مەسعوودی فەرزاد دەڵێ: *"فروغ، بە باوەڕی من، شتێك بوو نزیکی حافز..."* فروغ بە خۆی خۆزیای بە حافز خواستووەو لە نامەیەکیدا بۆ ئیبراهیمی گوڵستان دەڵێ: *"... خۆزگە دەمتوانی وەکو حافز شیعر بڵێم، هەستێکی وەك ئەوم هەبایە کە پێوەندیی لەگەڵ هەموو ساتە راستگۆکانی تێکڕای ژیانی سەر لەبەری خەڵکی ئایندەدا دروست بکردایە"*. ئەوەتا شاملۆی شاعیریش لە دەرگای ئەو زەمانەی داوەو دەڵێ:

"من هەرگیز نەمدیوە فروغ شتێك بدۆزێتەوەو ئەو شتە قەناعەتی پێبکات. فروغ لە شیعردا بە دووی چیدا دەگەڕا؟ ئەمە بەلای منەوە دەکاتە مەزنایەتی و گەورەیی بایەخی کاری شیعری لەلای فروغ"... رەزای بەراهەنیش لە دەرگای ئەو زەمانەی داوەو لە کتێبی کیمیاو خاك دا ل٨٤ دەڵێ: *" گەورەیی فروغ لەوەدایە، بە تایبەتی لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا پشت دەکاتە شیعری نیمایی و تەنانەت شاملوویی و دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئاهو ناڵەی ژنانی هاوچەرخ نە بە کێشی نێرینەی نیمایی و نە بە پەخشانی ئاهەنگداری نێرینەی شاملوو نایەتە دەربڕین و نیشاندان. ژنێك نە وەك نیما دەنووسێت و نە وەك شاملوو.*

فۆرمی شیعری فروغ، قەیرانی زاڵ بەسەر پێوەندییەکانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا، لە شێوەی قەیرانی شەکڵیدا دەردەبڕێ.

شیعری فروغ بەرجەستەکردنی ئاستەنگ‌و تەنگژەی شێوەی بیرکردنەوەی ژنێکە کە شیعر دەڵێت. شیعری ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە کە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێ‌و لە دەسەلاتی باوی شەکڵی شیعری پیاوان دەرباز بێ".

دنیای هونەرو ئەدەبیات، دنیای گۆڕینەوەی بیرو ئەزموونەو هیچ شاعیرێك نییە بتوانێ سوود لە ئەزموونی خەڵکانی دی وەرنەگرێت... دەشێت بڵێیت فروغیش گۆمێکی ژنانەی مەنگ بووە، شاعیرانی دی کەم‌و زۆر ئەو بەردە بوون کە مەنگییەکەیان شڵەقاندووەو شەپۆلیان پێبەخشیوە، لەوانە:

ئیبراهیم گلستان، حەکیم ناسر خسرو قبادیانی، محەمەد عەلی ئیسلامی، تاج بخش، ابو الحسن ورزی، فریدون توللی، شاملوو، نیما... فروغ لە بارەی نیماوە دەڵێ: "نیما رێنوێنی من بووە، بەلام من خۆم خۆم پەروەردە کردووەو هەمیشە پشتم بە ئەزموونەکانی خۆم بەستووە..." هەڵبەتە ئەم قسەیەی خاتوو فروغ راستە، چونکە فروغ پاش خوێندنەوەی نیماش شیعری خراپی زۆر وتووە... هەر لە شوێنێکی دیدا "جاودانە فروغ، أمیر اسماعیل‌و ابو القاسم صدارت" فروغ دەربارەی نیما دەڵێت: "نیما بۆ من سەرەتایەك بوو. نیما شاعیرێك بوو کە من بۆ یەکەمجار لە شیعری ئەودا فەزایەکی فیکریم بینی. هەستم کرد مامەڵە لەگەڵ ئینسانێکدا دەکەم، نەك لەگەڵ کۆمەڵێك هەستی سەرڤە سەرڤەو ئامانجی سواوی رۆژانە. سادەیی نیما سەرسامی دەکردم، بە تایبەتی ئەو دەمانەی کە لە پشت پەردەی ئەو

ســادەییە ناگەهانییــەوە روو بــە ڕووی ئــاڵۆزیو پرســیارە تاریکەکانی ژیان دەبوومەوە، وەك ئەستێرەیەك کە سەرنجی مرۆڤ بـۆ ئاسمـان رادەکێشـێت، لـە سـادەیی ئـەودا، سـادەیی خۆم دۆزییەوە".

فـروغ لـە گەورەییـدا منـداڵو لـە منداڵیـدا گـەورە بـووە، جا با پێکـەوە گـوێ لـەم دەمەتەقێیـەی سـەردەمی منـداڵی فـروغ لەگـەڵ پورانی خوشکیدا بگرین:

- فـروغ، حەزدەکـەی دەسـتت هێنـدە درێـژ بـێ کـە بگاتـە ئاسمان؟
- بـەڵێ، چـونکە ئـەو کاتــە بــە ئــاوات دەگــەم، دەتـوانم ئەستێرەکان چەپك چەپك بچنم.
- دەتەوێ چی لە ئەستێرەکان بکەیت؟
- هیچ رەنگە ملوانکەیەکیان لێدروست بکەمو لە ملی بکەم. خۆ لەوەشە هەڵیانپروێنم تا بزانم چییان تێدایە.
- پوران، حـەز دەکـەم بزانم لـە سـەرووی ئەسـتێرانەوە چی هەیە؟
- من دەزانم، مامۆستاکەمان دەڵێ تەنیا هەوای لێیە.
- مامۆستاکەتان بۆ خۆی دەڵـێ، بێگومـان لـە سـەرووی ئەو ئەستێرانەوە شتێك هەیە، بەڵام نازانم چییە؟

تۆزێ لە فکران راچووومو وتم:

- دایە گەورە دەڵێ ماڵی خوای لێیە.
- حەز دەکەم بگەمە ئەوێو ماڵی خوا ببینم.

Scanned by CamScanner

تۆزێ بێدەنگ بوو، و ئەوجا هەڵیدایێ:

– لەوەیە رۆژێ بێت بگەمە ئەوێو خوا بدینم.

بەڵێ ئەو فروغە ئاشقەی کە دەیوت: هەست دەکەم دڵم بە ئەندازەی هەموو دنیا گەورەیە، هەموو دنیاو هەموو دیمەنەکانی ژیانم خۆشدەوێ وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە تەمەنی سیو دوو ساڵیدا راخوشیو تاریکی باڵی بەسەر دنیای یاخیبوونی ئافرەتی ئێراندا کێشاو دنیای شیعری فروغانە بێ ناز کەوت.

ئەم ئافرەتە سەربەستە هەر لە منداڵی را زیرەکی پێوە دیاربووە، ئەوەتا خانمی یەزدی کە یەکێك بووە لە هاوپۆلەکانی دەڵێ: *زەنگی وانەی ئینشا بەلای فروغەوە لە هی هەموو وانەکانی دی ناخۆشتر بوو. لێی نەدەڕۆیی، چونکە مامۆستای ئینشا هەمیشە سەرزەنشتی دەکردو دەیوت: " فروغ تۆ ئەمانە لە کتێبانەوە دەدزی"* . ئەم ئافرەتە لە بواری نیگارکێشیشدا دەستی باڵای هەبووەو خەیاتێکی چاکیش بوووە، زۆر بە منداڵیو لە تەمەنی شازدە ساڵیدا شووی کردووەو زۆر زوو لە مێردەکەی جیا بووەتەوە.

ماڵو مێردی بەلاوە قەفەسو زیندان بووەو ئەویش تەحەمولی قەفەزو زیندانی نەکردووە. کوڕێکی بەناوی (کامیار) بووەو ئەم دایكو کوڕە لە دیداری یەکدی مەحرووم کراون، سادقی چوبەکی چیرۆکنووس دەڵێ: "فروغ هەمیشە خەمی دووری تاقە کوڕەکەی، کامیاری بووە، فروغیان لەلای ئەو منداڵە کرد بوو بە دێوو درنج، بە رادەیەك ئەو منداڵەش خۆی لە دیتنی دایکی دەدزییەوە.

Scanned by CamScanner

سبەینێ ئەگەر ئەو منداڵە گەورە ببێ. چی بە دوژمنانی دایکی دەڵێ؟ چی بەوانە دەڵێ کە فریشتەیان لێکردبوو بەخێو؟". دیارە فروغ زۆر نیگەرانی کوڕەکەی بووە، بە تایبەتی لەو رووەوە نیگەرانی بووە کە ئاخۆ چ راو بۆچوونێکی دەربارەی دایکی لە لا دروست کراوە. بۆیە هەمیشە دەیوت: *"رۆژێ کامی گەورە دەبێ و من وەك هەم دەناسێت. نەك بەو شێوەیەی فێرکراوەو پاکی ئەو منداڵەیان پێ لەوتاندووە"*. فروغ لە تەمەنی سیازدە چواردە ساڵییەوە دەستی بە شیعر وتن کردووە. لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی "ئەسیر"ەوە بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە دوای سێ ساڵ چاپی دووەمی بڵاوکرایەوە.

لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا دووەم کۆمەڵە شیعری بە نێوی "دیوار"ەوە بڵاوکردەوە. دیارە ئەم دوو کۆمەڵە شیعرە گروپێکی تەنگبینی لێ هاڕوژاندو کەوتنە جنێو پێدانی و فروغی تاق و تەنیایان کرد بە ئامێرێك تاخۆیان شۆرەتی پێ پەیدابکەن. تەنانەت رەخنەگرێکی وەك "عبدالعلی دستغیب"یش دەڵێت: "لە هەردوو دیوانی "ئەسیر"و "دیوار"دا یاخی بوونی فروغ یاخیبوونێکی فەردییە، لە دەرێی زەمینە کۆمەڵایەتییەکانداو لە چوارچێوەی مەسەلە سێکسییەکاندا دەسوڕێتەوە". بەڵام فروغی بیست و یەك ساڵە زۆر لەوە یاخیترو بوێرتر بوو پەلاماری ئەو بابەتە کەسانە، سادری بکاتەوەو دەستبەرداری پەیامی شیعر بێ *" شیعر ئەو بەشەیە کە تەواوم دەکات"*. لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا وەك تەحەددا سێیەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی

Scanned by CamScanner

"عصیان"ەوە بڵاو کردەوە، بەمەش خۆی خستە سەر ڕێگایەك کە ئیدی دەرفەتی گەڕانەوەو ژێوان بوونەوەی لە خۆ بڕیو دەبوایە بێباکانە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ. چونکە هونەر بوو بە قەدەرو چارەنووسی، ئەوەتا دەڵێ: "جا من هەقم چییە، با بە کەنار ئەم شیعرەدا "ای مرز پرگهر" تێپەڕنو کەپوویان بگرن. ئەم شیعرە زمانو شێوەی خۆی هەیە، من ناتوانم وەختێ کە باسی کۆڵانێکی پڕ لە بۆنی میزو پیسایی بکەم، لیستی عەتران لە بەردەم خۆم دابنێمو بۆن خۆشترینیان بۆ وەسف کردن هەڵبژێرم، ئەمە فێڵبازییە، فێڵێکە کە لە خۆ دەکرێ پاشان لە خەڵکی دەکرێ". دیارە ئەمە تەبیعەتی هەموو مرۆڤێکی یاخییە.

فروغ لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا خووی دایە سینەماو لەو بوارەشدا هەمان فروغی یاخیو سەرسەختو بوێری دنیای شیعر بوو، بەڵام ئەو ژنە هەرگیز لە خۆی ڕازی نەبوو، هێندەی لە بێدەنگیو لە جێی خۆدا ئەم پێو ئەو پێ کردن بێزار بوو لە چ شتێکی تر وەڕەز نەبوو، بۆیە هەرگیز بە بێدەنگیو بێکاری دانەنیشتووەو، ئەوجاش کەم کەس هێندەی ئەو بەرانبەر بەخۆی بێ ڕەحم بووە، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:

"من تەمەنم سی ساڵەو سی ساڵ بۆ ئافرەت کامڵ بوونە، بەڵام ناوەڕۆکی شیعرەکانم سی ساڵان نابێ، گەنجترە، ئەمە گەورەترین خەوشی کتێبەکەی منە. دەبێ هوشیارانە بژیت. خوێندنەوەی من پەراگەندە بووە، ژیانم پارچە پارچە بووە، ئاکامی ئەوەیە کە درەنگ فامم کردۆتەوەو هۆشمو وەبەر هاتووە". فروغ توانایەکی

Scanned by CamScanner

گەورەی فێربوونی زمانیشی هەبووە، لە سەفەرێکی چەند مانگیدا بۆ ئیتاڵیاو ئەڵمانیا ئەو دوو زمانە فێر بووەو بە چاکی قسەی پێکردوون. زمانی فەرەنسیشی بە ئەندازەی پێویستی خۆی دەزانی، بەڵام زمانی ئینگلیزی چ وەك قسەکردن و چ وەك نووسین و تەرجەمە پێکردن بە چاکی زانیوە.

فروغ وەك یەکێك لە دۆستەکانی دەڵێت: "شادترین و غەمگین ترین ئینسان بوو کە دیومە، ئەگەر شادی بەرپێیەکدا بڕوات و خەم بەرپێیەکی دیداو ئەم دووە لە خاڵێکدا یەك بگرنەوە، ئەوا ئەم خاڵی یەکانگیرییە فروغە. فروغ خاڵی یەکانگیری غەم و شادی بوو".

ژیانی فروغ بە شیعرەوە بەند بوو، هەر کەسێك شیعری وتبا، خۆ بەخۆ دەبوو بە دۆستی، هەموو شیعرێکی بلاوکراوەی دەخوێندەوە.

پتر بایەخی بە شاعیرانی لاو دەدا، بیدیتبایە شاعیرێکی ناوداری سەردەمی خۆی شیعرێکی لاوازی وتووە، هێندە خەمبار دەبوو وەك ئەوەی خۆی گوناهێکی کردبێ، فروغ جگە لە بەرهەمە چاپکراوەکانی چەندین شیعر، دوو سیناریۆ، ڕۆمانێکی تەواو نەکراو و ژمارەیەك تابلۆ و سکێچ و نیگاری لە پاش بە جێماوە.. فروغ، یەکێك بوو لەو مرۆڤانەی بەفرو دیمەنی بارینی بەفری خۆشدەویست، ئیدی بە ڕێکەوت و لە ڕۆژی مردنە ناوەختەکەیدا، لەو دەمەدا کە بە خاك دەسپێردرا بەفر ئەرز و ئاسمانی گرتبوو.. دایکی بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە چاوێکی گێڕاو بە دەم هۆنینی

گریانــەوە، هــاواری کــرد: *"فــروغ گیــان.. تــۆ بــەفرت خــۆش دەویست.. هەستە بڕوانە، چاوت بکەوە.. ئەم بەفرە لەبەر خاتری تۆ دەبارێ...."*،.. "باوەڕبێنین بە سەرەتای وەرزی سارد" ناو نیشانی دوا دیوانییەتی کە لە پاش مەرگی چاپ و بڵاو کراوەتەوە..

Scanned by CamScanner

دووەم: فروغ لە قەڵەمڕەوی شیعرو ژیاندا

گەورە بوو
خەڵکی رۆژگاری ئەمڕۆ بوو
سەر بە هەموو ئاسۆکراوەکان بوو
چەند باش لە زمانی ئاوو زەمین
تێدەگەیی.*

(بروانە: سهراب سپهری، هشت کتاب، حجم سبز، شعر "دوست" کە لاوانەوەیەکە بۆ مەرگی فروغ).

هەر چەندە فروغ بە خۆی گوتوویەتی: "قسەکردن لەمبارەیەوە (ژیانی شەخسی) بە بۆچوونی من کارێکی زۆر تاقەتبەرو بێفایدەیە، بەڵام ئەم حەقیقەتە هەیە کە هەر بەشەرێك دێتە دنیاوە، هەڵبەتە بەروارێکی لە دایکبوونی هەیە، خەڵکی شارێك یان دێیەکە، لە مەکتەبێکدا دەرسی خوێندووە، کۆمەڵێك واریقاتی زۆر ئاسایی و رۆتینی لە ژیانیا وەکو هەر کەسێکی دی روو دەدات، وەکو ئەوەی بە منداڵی بکەوێتە گۆلاوێکەوە. یا بۆ نموونە لە قوتابخانەدا قۆپی بکات، لە تەمەنی هەرزەکاریدا ئاشق ببێت، زەماوەند بکات و ئەو جۆرە شتانە.*" (بڕوانە: حرفهایی با فروغ فروخزاد: تهران، انتشارات مروارید، ١٣٥٦ ص١٢). بەڵام زانینی

هـەورازو نشـێوی ژیـانی هـەر شـاعیرێك، كـارێكی پێویسـتە، بـە تایبەتی شاعیری ئەمڕۆ كە جێ پێی ساتەكانی ژیانی شەخسی خۆی لە شیعرەكانیا كەم نییە، بەڵكو یەجگار زۆریشە. شاعیری ئەمڕۆ، گێرەرەوەو ڤەبێژی ڕاستگۆی ساتەكانی ژیانی خۆیو ئەو كۆمەڵگەیەشـە كـە تیایـدا دەژی. ئەرێنییـەكان، نەرێنییـەكان، خراپییەكان، باشیەكان، كرێتیو جوانیەكان وەكو نیگاركێشێكی زەبەردەست لە شیعرەكانی خۆیدا دەكێشێتو بۆیە شیعری ئەمڕۆ بـە پێچـەوانەوەی شـیعری دوێنێمانـەوە ئاوێنەیـەكی روحیـاتی شاعیرو مرۆڤانی سەردەمەكەی ئەوە، لەبەر ئەمە ناسینی سات بە ساتی ژیانی شاعیری ئەمڕۆ – بەتایبەتی شاعیرێكی وەكو فروغ كە لە هەموو ساتەكانی ژیانیا هەر شاعیر بوو– یەجگار پێویست دیارە.

فروغـی فـەرخزاد لـە ١٥/دی مـاە/١٣١٣ لـە تـاران دا چاوی بە دنیا هـەڵهێناوە كـە دنیـای ئـەو نـەبوو، دنیـای خـەڵكانێك بـوو كـە چارەنووسی ئەوو هاوڕۆژگارانی ئەویان دیاری دەكرد. سـەردەمی منداڵیـەتی وی لـە ماڵباتێكدا گـوزەرا كـە بـە هـۆی كـاری سـوپایی باوكیانـــەوە، جـــۆرە زەبـــتو رەبـــتو زەبـــرو زاكـــونی و دەسەلاتداریەكی ڕەها باڵی بەسـەردا كێشا بـوو: "سیماو چارەی بابە، هەمیشـە پڕ بـوو لـە جۆرە زبـریو زەبتو رەبتێكـی سـەیری پیاوسالاری. پیاوێـك بـوو تـاڵی تـاڵ، ساردی ساردو، زبـری زبـر. سـەربازێكی راسـتەقینە بـوو بـە سـیمایەكی رۆتـینی یـان بـە گوتەیـەكی دی بـە دەمامـكو ماسـكێكی ترسـناك، هەمیشـەش وا

Scanned by CamScanner

بوو. بیرم دێت هەرکە دەنگی مامزەو ناڵچەی چەکمەکانی بەرز دەبووەوە، هەموومان دەپەشۆکاین و خۆمان لێی دەشاردەوە. بەڵام هەر ئەم بابە تووڕەو تڕۆیە. ئەم بابە زبرە کە ئێمە تەنانەت لە دەنگی پێیەکانی هەڵدەهاتین، جار جارێ کە وەخۆ دەهاتەوەو دەمامکەکەی لادەبرد، بەوپەڕی سۆزو گودازو هەست و سۆزەوە لە هەمێزی دەگرتین و جوانترین روندکان لە گۆشەی چاوانیەوە دەڕژا. بابۆ ئاشق و شەیدای شیعر بوو. بابە جگە لە خوێندنەوە هیچ سەرگەرمیەکی دیکەی نەبوو و نیە. بابە هەموو تەمەنی خۆی لە دووی کەشف و تەحقیق بوو. سەرانسەری ماڵەکەی کردبوو بە کتێب و ئێستاش ژمارەیەك لەو کتێبانە بە بێنازی و بێ نەزمی لە ژووره تۆزاویەکەیدا کەڵەکە بووە."* (بڕوانە: سخنان پوران فروخزاد در مصاحبه با روزنامه کیهان، ۲۱/ بهمن/ ۱۳۵۰).

دایکی فروغ، ژنێکی دڵساف و ساویلکە بوو، لە باری زەمانیەوە لە رابردوودا دەژیا، رابردووی سەرڕێژ لە چاکی، جوانی و داب و نەریتانی پیرۆز: "دایکە، ژن بوو بە تەواوی مانای ژن. ژنێکی دڵساف، ساویلکە، مندالآساو خۆشباوەڕ، ژنێ کە توانای ناسینی خراپییانی نەبوو و هەموو دنیاو خەڵك و خوای لە قالب و چوارچێوەی چاك و چاکیدا دەبینی، ژنێك پابەند بە هەموو داب و نەریتەکانەوە"* (بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.)

فروغ چەند برایەکی هەبوو بە ناوێن: ئەمیر مەسعوود، میهرداد، مهران و فەرەیدوون. دوو خوشکیشی هەبوو بە ناوی پوران و گلوریا. فروغ چوارەمین منداڵی ئەم ماڵباتە بوو.

Scanned by CamScanner

منداڵیـەتی فـروغ لـە دنیـای چـیرۆکاندا بـوری: "لـە منداڵیـدا عاشـق و شـەیدای چـیرۆك و حیکایـەت بـوو. باپیرەیـان چـیرۆك و حیکایەتی جوانی دەزانی و فروغ بۆ تاقە ساتێکیش دەرفەتی بابە گەورەی نەدەدا. کە گوێی لە چیرۆکەکانی دەبوو، دووچاری جۆرە ماخولیایـەك دەبـوو."* (بڕوانـە: پـوران فروخـزاد، هەفتەنامـەی بامشاد، ابان ۱۳٤۷= ۱۹٦۸).

روناکی و بۆکەڵە، شنەو باڵندەو روناکی و ئاو، بە جۆرێ سات بـە سـاتی منداڵیـەتی ئـەویان تـەژی دەکـرد کـە پاشـان لـە نێـو جلەکانیاو لە توێی دەفتـەرەکانی کاتی منداڵیەتیـدا بۆ زەمانی لە دەستچـووی منداڵیـەتی خـۆی دەگـەڕا: "بـۆ مـن هێشـتاش، کـە سـەردەمی منداڵیـەتی و تەنانـەت جـەوانیم (لـە رووی دەروونیـەوە) تـێ پەڕانـد بـوو و لـە زۆر هەسـت و سۆز کـە خـەڵکی پێیـان وابـوو نیشـانەی منداڵیـەتی و نـا پوختـەیی و نەخەملینـە، بـە تـاڵ بوومەتـەوە، زۆر شـت هـەن وێڕای لایـەنی پێکەنیناوی رواڵـەتیان، دەمهـەژێنن. ئێسـتاش کـە ئێستایە کـاتێ لـە سـەرەتاکانی پـایزدا دایکم هەموو ساڵێ کەلپەل و جل و بـەرگی زستانەی منداڵـەکان لـە سـەندوقان دەردێـنێ تـا وەکـو دەڵـێن بیانداتـە هـەتاو، دیـتنی جلـەکانی منداڵیـەتیم، کـە دایکـم زۆری خـۆش دەوێـن، پشـکنینی گیرفانـەکانیان و دۆزینـەوەی دەنکـە نـۆکێکی بـرژاو یـان مێـوژێکی گـەنیو کـە زۆرجـار لـە بـنی گیرفانەکانـدا ماونەتـەوە، حاڵـەتێکی سەیرم لە لا دروستدەکەن. لەپڕ خـۆم ئەوەنـدە بچووك و پاك و بێ خەم و خەیاڵ دەبینمەوەو چەند دەنکە گەنمێکی برژاوو شادانە کە

Scanned by CamScanner

تێکەڵی کوڵکی بن گیرفانەکانم بوون، دەمبەنەوە بۆ ڕابردوویەکی دوورو و هەمان ئەو هەستو سۆزە ناسکو شادە منداڵانەیەی ئەوسام لە دڵو دەروونا بێدار دەکەنەوە. هێشتاش دەفتەری مەشقو ڕاهێنانەکانی پۆلی دووەمو سێیەمی سەرەتاییم ماون. هەموو سەروەتو سامانی من ئەو کاغەزە شڕانەیە کە بە درێژایی ساڵان کۆم کردوونەتەوەو بۆ هەر کوێیەك دەڕۆم دەگەڵ خۆمیان دەبەم. ئەو کاغەزانەی کە دەستی دۆستانم ڕۆژێ لە ڕۆژان نیشانەیەکیان لەسەر نەخشاندوون، خەتێکیان لەسەر کێشاون یان وێنەیەکیان تیا دروستکردوون، بە دیتنی هەر یەکێك لەوانە دەکەومە یادی یەکێك لەو ڕۆژە لە دەستچووانەی ژیانم و دەڵێی هەموو شتەکانم لەلا دووبارەو تازە دەبنەوە."* (بڕوانە: فروغ فروخزاد خاطرات سفر اروپا، مجله فردوسی، سالی نهم).

بابی فروغ – سەرهەنگ محەمەد فروخزاد– بەپێی کارەکەی، ڕێبازێکی تایبەتی لە پەروەردەو تەربێتی منداڵەکانیا دەگرتە بەر. زۆر حەزی لێبوو وەکو سەربازانی سوپا، دەگەڵ سەختیو دژواریدا ڕایان بێنێ: "بابم، لە منداڵیەوە ئێمەی بە سەختی ڕاهێناوە، ئێمە لە نێو پەتۆی سوپاییدا خەوتووینو گەورە بووین، لە کاتێکا پەتۆی زۆر نایابو نەرم لە ماڵەکەماندا هەبووەو هەیە. بابم ڕێبازێکی تایبەتی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیا گرتبووە بەر. من لە بیرمە کاتێ کە دەچوومە قوتابخانەی سەرەتایی، هەموو پشووەکەی هاوین دەگەڵ برایەکانمدا، لە ماڵەوە دادەنیشتمو کتێبی کۆنو بێ کەڵکو ڕۆژنامانی کۆنمان دەکرد بە

زەرف و نۆکەرەکـــەمان زەرفـــەکانی دەبـــردو بـــە دوکانـــەکانی دەفرۆشت و چەند پارەمان لەم کارە بە دەست دێنا، جگە لە پارەی رۆژانـە کـە بـابم دەیـداینێ، بۆمـان هـەبوو بـە کـەیفی دڵـی خۆمـان خەرجی بکەین. بابم دەیویست بەم کـارە تێمان بگەیـەنێ کە: کـار شەرم نییەو هەر کەسێك کە بتـوانێ بە ڕەنجی بازووی خۆی نـان بخوات هەقی ئەوەی هەیە کە ئاغاو گەورەی خۆی بێت و هەمیشە سـەری بـەرز بگرێـت، لـە کاتێکا کـە ئێمـە هـیچ پێویستیەکمان بـە کارکردن نەبوو و ئەوەندەی لە بیرم بێ، بابە هەمیشە بـە جورێکی شایسـتە پێویسـتیەکانی ژیـان و خوێنـدنی بـۆ فەراهـەم و دابـین دەکردین، من ئەگەر بەلای ئەوانەی دەوروبەرمەوە کەسێکی متمانە بـەخۆو سەرسـەخت دیـار بم، لەمـەدا خـۆم بـە قـەرزاربارى بـابم دەزانم."* (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.).

ساتە خۆشەکانی منداڵی بەسەر چوون، فروغ چووە قوتابخانـە و قۆنـاغی دەرس خوێنـدن دەسـتی پێکـرد. ئـەم رۆژگارانـە، بـە پێچەوانەی رابـردووەوە، بەرپێرەوێکی پـڕ لـە نـورو بوکەڵـە، شـنەو باڵندەو روناکی و ئاودا نەدەڕۆیی:

ای هفت سالگی

ای لحظة شگفت عزیمت

بعد از تو هرچه رفت در انبوهی از جنون و جهالت رفت

بعد از تو پنجره که رابطة ای بود سخت زنده و روشن

میان ماو پرنده

میان ماو نسیم

شکست

شکست

شکست

بعد از تو ان عروسك خالی

که هیچ چیز نمی گفت، هیچ چیز بجز اب، اب، اب

در اب غرق شد*

(بروانه: ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، تهران: انتشارات مروارید، ١٣٥٤، شعر "بعد از تو" ص٤٦- ٤٧).

بـەرە بـەرە دەورانـی سـەرەتایی بەسـەر بـرد، دەورانێـك كـە ساتەكانی بـەر لـە رۆییشـتن بـەرەو ئەسـارەت بـوو، دەورانێكی بیرەوەری ئەنگێزو حەسرەتبار:

Scanned by CamScanner

ان روز ها رفتند
ان روزهای برفِ خاموش
کز پشت شیشه، در ا تاق گرم،
هردم به بیرون، خیره‌می گشتم
پاکیزه برف من، چو کرکی نرم،
ارام می بارید
گرمای کرسی خواب اور بود
من تُوندو بیِّ پروا
دور ازنگاه مادرم خطهاي باطل را
از مشق های کهنه خود پاک می کردم
چون برف می خوا بید
در باغچه می گشتم افسرده
در پای گلدانهای خشك یاس
گنجشك های مرده‌ام خاك می کردم*
(بروانه: تولدی دیگر، تهران: انتشارات مروارید، ١٣٥٦، شعر ان روزها، صص ١٠- ١٢)

Scanned by CamScanner

ئەو ڕۆژانە ڕۆیشتن
ڕۆژانی بە بەفری خامۆش
کە لە پشت پەنجەرەوە، لە ژووری گەرمەوە
هەر کاتێ، نیگام دەبڕییە دەرێ
بەفری پاکیزەی من، وەکو کوڵکێکی نەرم،
بە ئارامی دەباری.
گەرمای کورسیەکە خەوهێن بوو
من خێراو بێ پەروا
دوور لە نیگای دایکم خەتە هەڵەکانم
لە مەشقە کۆنەکانی خۆم دەسڕییەوە
کە بەفر خۆشی دەکردەوە، کە بەفر دەخەوت
بە خەمینی بە باخچەکەدا دەگەڕام
لە پای گوڵدانانی و شکی یاس دا
چۆلەکە مردارەوە بووەکانم بە خاك دەسپارد.

***

لەم قۆناغەدا، فروغ حاڵەتی جیاوازی هەبوو: لە ڕوویەکەوە کیژێکی "شەیتانی بزێو بوو کە بە دارو دیوارا هەڵدەگەڕا، وەکو کوڕان دەچوو لەسەر ترۆپکی دەرختان دادەنیشت و بووکەڵە ئاسا بە ڕەفتارەکانی هەمووانی دێنایە پێکەنین"* و لە ڕوویەکی ترەوە کیژێکی "خەمینی، بیانووگر، سەرسەخت و هەستیار کە بە کەمترین هەنجەت و بیانوو بە سەعاتان بە دەنگی بەرز دەگریا."*

Scanned by CamScanner

(بڕوانه: سخنان پوران فروخزاد در مصاحبه با روزنامەی کیهان، ٢١/بهمن/ ١٣٥٠- ١٩٧١).

ئەنجام فروغ قۆناغی سەرەتایی تەواو کردو پێی نایە قۆناغی ناوەندی! ناوەندی خسرو خاور. چونکە بابی حەزی لە شیعرو ئەدەب بوو، بەرە بەرە ئارەزووی شیعر خوێندنەوەی پەیدا کردبوو، بەڵام لەم سەرو بەندەدا، زیاتر خووی دایە خوێندنەوەی شیعرو بەرەبەرە کەڵکەڵەی نووسین و گوتنی شیعری کەوتە سەر: "قەت ئەوەم لە بیر ناچێت کاتێ کە فروغ یەکەمجار شیعرێکی چکۆڵەی گوت و بە منی نیشان دا. من ئێستاش ئەو شیعرەم بە دەست خەتی فروغ لەلایە کە بە شێوازی نوێ بوو و بەم نیوە بەیتە "دوور لێرە، دوور لێرە" دەستی پێدەکرد، ئەو کاتانە فروغ لە قۆناغی خوێندنی دوا ناوەندی بوو."* (بڕوانە: سخنان پدر فروغ در مصاحبه با کیهان، ٢٤/بهمن/ ١٣٥٣- ١٩٧٤)

فروغ بە خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت: "من کاتێ کە ١٣ یا ١٤ساڵان بووم، غەزەلم زۆر دەنووسی و هیچ کاتێ بڵاوم نەدەکردنەوە. بە هەرحاڵ هەندێجار شیعرم دەگوت. هەروا خۆڕسك لە ناخمەوە هەڵدەقولا. ڕۆژی دوو سێ شیعر، لە موبەق، لەسەر مەکینەی خەیاتی، بە کورتیەکەی ملم پێوە دەنا. زۆر یاخی بووم. خۆ رسك شیعرم دەگوت. چونکە دیوان لە دووی دیوانم دەخوێندەوەو پڕ دەبوومو، سووکە بەهرەیەکیشم هەبوو. ناچار دەبوایە بە هەر شێوەیەك بووە خۆم بە تاڵ بکردایەتەوە. نازانم

Scanned by CamScanner

ئەمانە شیعر بوون یان نا، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە زۆر "من"ی ئەو رۆژانە بوون، هەڵقوڵاوی ناخ و راستگۆیانە بوون و دەزانم کە زۆر ئاسان و سادە بوون. من هێشتا دروست نەبوو بووم، زمان و فۆرمی خۆم و دنیای فیکری خۆم نەدۆزیبووەوە."* (بڕوانە: حرفهای با فروغ، ص٢٧- ٢٨).

فروغ لە پاڵ شیعر گوتندا، لە مەیدانی پەخشانیشدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئەوتۆی هەبوو کە مامۆستای دارشتنەکەیان باوەڕی نەدەکرد کە ئەو نووسینانەی فروغ لە پۆلدا دەی خوێندەوە، هی خۆی بن: "یەکێك لە هاوپۆلەکانی فروغ دەیگوت: دەرسی دارِشتن و ئینشا بۆ فروغ و لەلای فروغ ناخۆشترین دەرس بوو. هەمیشە دەیگوت: من لە دارِشتن بێزارم، چونکە ئینشای زۆر باشی دەنووسی و مامۆستای دارِشتن هەمیشە سەرزەنشتی دەکردو دەیگوت: فروغ تۆ ئەمانە لە کتێبانەوە دەدزی!"* (بڕوانە: مجلە زن روز، اسفند ١٣٤٥= ١٩٦٦).

لەم کاتەدا کە لە قۆناغی دوا ناوەندی دەیخوێند (١٣٢٩)و تەمەنی لە شازدە ساڵ زیاتر نەبوو، لە ناکاوا شووی کرد: "فروغ لە پۆلی حەوتەم بوو کە شووی بە پەرویزی شاپور کرد. پەرویز نەوەی پوری دایکمە: ئەو کاتانە زۆر هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد. کەسێکی مەجلیس ئاراو زۆر بە تەنزە. منداڵەکانی لە دەوری خۆی دادەناو چیرۆکی کۆمیدی بۆ دەگێڕانەوەو فروغ بە دووچاوی ئەبڵەقەوە دەیڕوانییە زاری پەرویزو کاتێکمان زانی

Scanned by CamScanner

حەزیان لێکدی کردووە. هەموو واقمان ورما، چونکە فروغ پۆلی حەوتەم بوو و شاپور زانستگەی تەواو کردبوو. یانی پازدە ساڵ لە فروغ گەورەتر بوو. کاتێ مقۆ مقۆی زەماوەند کەوتە سەر زاران و ئاشکرا بوو، بنەماڵەی ئێمە قاییل نەبوون، بەڵام بابم بە زوویی هاتە رەداو بەم زەماوەندە قاییل بوو. کاتێ شاپورو فروغ دەیانویست زەماوەند بکەن لە بیرمە کە شاپور نەیتوانی تەنانەت جلکی بوکێنیشی بۆ بکرێت. هیچی نەبوو، ئەمە بووە مایەی نارەزایی کەسوکارەکەمان، بەڵام فروغ مانی لە نان خواردن گرت، تۆرا کە من ئاهەنگی زەماوەندم ناوێ، جلك و جەواهێرم ناوێ، هیچ شتێکم ناوێ، ئەوە بوو کە زەماوەندەکەیان زۆر سادەو بە دوور لە هەر تەشریفاتێك ئەنجام درا."* (بڕوانە: پوران فروخزاد، هەفتەنامە بامشاد، شهریور / ١٣٤٧)

هۆی ئەم شووکردنە بە پەلەو زووە، هەندێ کێشەی خانەوادەیی بوو کە بنەماڵەکەی فروغ گیرۆدەی بوون: "باوکم حەزی لە ژنێکی دیکە کردبوو و دەیویست ئەو ژنە بخوازێت. وا دیارە ئێمە، یانی منداڵەکانی بە کۆسپ و رێگر دەزانی. ئەوە بوو کە منی بە پازدە ساڵی بە شووداو سەبارەت بە زەماوەندی فروغ و شاپوریش هەرچەندە کە هەموومان، بە هۆی جیاوازی تەمەن و وەزعی دارایی شاپورەوە- کە ئەوکاتە هێشتا هیچی نەبوو، ئەم زەماوەندەمان بە نەگونجاو دەزانی، کەچی بابم زوو هاتە رەداو قاییل بوو، چونکە دەیویست ئێمە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. زەماوەندی بابم دەگەڵ ژنی دووەمیدا، ژیانی هەر هەموومانی

داغان کردو هەر یەکێکمانی توڕدایە سووچێکەوەو بابم لەبەر خاتری ئەو ژنە لەگەڵمانا، گرژو مۆن و نا میهرەبان بوو. فروغ کە حەزی لە شاپور کردبوو، لەبەر ئەوە بوو کە پتر تامەزرۆو عەودالی میهرەبانی و مەحەبەت بوو و لە ماڵی ئێمەدا باوکم جگە لە زبری و ساردوو سڕی و دڕدۆنگی چاوەڕوانی هیچی دیکەی لێنەدەکرد."* (هەمان سەرچاوەی بەری).

فروغ، پاش ئەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کرد، چووە هونەرستانی خانمان و لەوێندەر خەیاتی و نیگارکێشی فێربوو. ماوەیەکیش دەچووە دەورەی فێربوونی نیگارکێشی لای مامۆستا عەلی ئەسغەری پتگەرو فێری شێوەکانی نیگارکێشی دەبوو.

لە ساڵی ١٣٣١دا، کە فروغ هێشتا هەڤدە ساڵی پڕ نەکردبووەوە، یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی "ئەسیر" بڵاوبووەوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە پاشتر لە ساڵی ١٣٣٤دا بە هەندێ دەستکارییەوە، چاپی دووەم کرایەوە.

لەم سەروبەندەدا، شیعرێکی فروغ لە یەکێك لە گۆڤارەکاندا بڵاوبووەوە کە کۆمەڵێك قسەو قسەڵۆکی دەربارەی فروغ لێکەوتەوە: "کاتێ شیعری " گوناهم کرد، گوناهی پڕ لەزەت" لە گۆڤارێکدا بڵاوبووەوە، هەراو هەنگامەیەکی زۆر لە نێو خانەوادەکەماندا بەرپا بوو. فروغ جانتاکەی هەڵگرت و لە ماڵ رۆیی. هۆدەیەکی لە پشت ئامادەیی فەیروز کوهی بە کرێ گرت تا لەوێندەر بژی، لەو کاتەدا تەنانەت تاقە بالیفێکیشی نەبوو. من لە ماڵی مێردەکەم کەمێك شتم بۆ برد. وەزعی زۆر بە زەقی دیار

بوو: پارەی نەبوو، کاری نەبوو، مووچەی نەبوو، لەوپەڕی تەنگانەدا بوو. فروغ بە خراترین هەلومەرج دەستی پێکرد."* (سخنان پوران فروخزاد در مصاحبه با روزنامەی کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٣٥).

بابی فروغ لەمبارەیەوە گوتویەتی: "ژیانی فروغ دوو قۆناغ بوو، کاتیێ کە دەستی بە شیعر گوتن کرد هانمدا، بەڵام کاتیێ کە شیعر گوتن بووە باعیسی ناوو ناتۆرە بۆیو خەریك بوو ژیانی خانەوادەیی ئەوی تێکدەدا ناڕەحەت بوو بووم، چونکە پێموابوو ئەم ڕێگەیەی ئەو هەڵی بژاردووە، دەبێتە مایەی لە بەین چوونی ژیانی خێزانی وی."* (بڕوانە، سخنان پدر فروغ در مصاحبە با روزنامەی کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٥٣).

دوور کەوتنەوەی فروغ لە بنەماڵەکەی خۆی، زۆری نەبرد: " تکام لە فروغ کرد تا ڕێگەم بدات کە دەگەڵ بابیدا قسان بکەمو ئاشتیان بکەمەوە تا فروغ بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، لێ لەو سەروبەندە فروغ سەبارەت بە بابی یەجگار نا ئومێدو بە گومان بوو. باوكو دایکی جیا بوو بوونەوەو باوکی ژنێکی دیکەی هێنا بوو."* (بڕوانە: طوسي حايری، هفتەنامە بامشاد، ١٢/ شهر يور/ ١٣٤٧).

بەڵام ئەنجام کاری ناوبژیوانیەکان سەری گرت: "بە بابی فروغم گوت: تۆ لە ماڵەکەتا ژوورێك بدە بە فروغ، خۆی ژوورەکە ئاوا دەکاتەوە. بابی قاییل بوو و ژوورێکی رووتی دایە فروغ... فروغ کاتیێ بۆ ماڵی بابی گەڕایەوە رایەخێکی بۆ ژوورەکەی کڕیو

Scanned by CamScanner

ئیدی دۆستو ئاشنایان هەریەکەو شتێکیان بە دیاری بۆ مینا ی
بەو شتانە ژوورەکەی ئاوەدان کردەوەو لە بیرم دێ کە دووس
جاران لەو ژوورەدا میوانداری کرد."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە).

گریزانم از این مردم که با من
به ظاهر همدم و یکرنگ هستند
ولی در باطن از فرط حقارت
به دامانم دو صد پیرایه بستند
از این مردم که تا شعرم شنیدند
به رویم چون گلی خوشبو شکفتند
ولی ان دم که در خلوت نشتند
مرا دیوانه ای بدنام گفتند*

(بڕوانە: اسیر، تهران: امیر کبیر ١٣٤٦، شعر "رمیده" ص٢٠)

***

بێزارم لەم خەڵکەی کە دەگەڵ منا
بە رواڵەت هاودەم و یەکڕەنگن
لێ لە ناخا، لەبەر بچووکی خۆیان
دووسەد بوختانیان بۆ هەڵبەستم.
لەم خەڵکەی کە گوێیان لە شیعرم بوو
وەکو گوڵی خۆشبۆ بە رووما شکۆفانەوە
لێ لە مەجلیسی خەڵوەتا
بە دێوانەی بەدناویان کردم.

***

فروغ له سالّی ۱۳۳۲ دا. دەگەڵ پەرویز شاپوری مێردیا چوو بۆ ئەهواز تا دەگەڵ ئەودا ژیانێکی نوێ دەست پێبکات.

شهری است در کناره ان شط که سالهاست
انموش خود بەروی من و او گشودە است
بر ماسەهای ساحل‌و در سایەهای نخل
او بوسەها ز چشم‌و لب من ربودەاست
شهری است در کناره ان شط پرخروش
بانخلهای درهم‌و شبهای پر زنور
شهری است در کناره ان شط و قلب من
انجا اسیر پنجەی یك مرد پر غرور*(بڕوانە: هەمان سەرچاوە، شیعر، "یادی ازگزشتە" ص ٤٧- ٤٨).

***

شارێکە لە کەناری ئەو شەتەدا کە ساڵانێکە
هەمێزی خۆی بۆ من‌و ئەو کردووەتەوە
لەسەر لمەڵانی کەنارەکەو لەسێبەرێن نەخڵ دا
ئەو راموسانانی لە چاو ولێوی من رفاندوون
شارێکە لە کەناری ئەو شەتە پڕ خرۆشەدا
بە نەخڵێن تێك ئاڵاوو شەوانی پڕ نوور
شارێکە لە کەناری ئەودا شەت‌و دڵی من
لەوێ ئەسیری دەستی پیاوێکە پڕ غروور.

Scanned by CamScanner

زۆری نەبرد کە فروغ جارێکی دی بۆ تاران گەڕایەوە، فروغو مێردەکەی نەیانتوانی بوو بسازێنو ناتەباییەکانیان وەلاوەبنەن، لەوەدەچوو کۆمەڵە ناکۆکییەك لە یەکدی دووری خستبنەوە. کوڕێکیان بوو بە نێوی (کامیار) ئەمە نەك هەر نەیتوانی ناکۆکی نێوانیان کەم بکاتەوە، بەڵکو زیاتری کرد: "فروغ تا ئەو کاتەی کامیار، کوڕەکەی، نەهاتبووە دنیاوە هێشتا نەبوو بوو بە ژن، منداڵ بوو. تا چواردە پازدە ساڵان زۆر ناشیرن بوو و ئەم ناشیرینیە رواڵەتیە زۆری ئازار دەدا.

لێ کاتێ کامی هاتە دنیاوە، فروغ شکۆفایەوە، وەکو گوڵ کرایەوە. لە ناکاودا جوان بوو و لەمە بەدواوە ناکۆکی نێوان ئەو و شاپور زیاترو توندتر بوو. ئەم ناکۆکیە ئەنجامو زادەی پەیوەندی سۆزداری وان نەبوو. فروغی خوشکم، ژنێکی مجێزسارد بوو. کە پێشوازی لە مەبەحەتی زۆر کەسان دەکرد، لە رووی سۆزداریو غەریزییەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر کەمی ئەو مەحەبەتە بوو کە سەرانسەری دڵی سارد کردبوو.

ئەنجام ناکۆکیەکان زیادیان کردو فروغ نەخۆش کەوتو مودەتێك لە ئاسایشگەی رەزاعی مایەوە. کە لە ئاسایشگەش هاتە دەرێ، ماوەیەکی زۆر وەزعی باش نەبوو... فروغ و شاپور خەڵکی دوو دنیای جیاواز بوون. فروغ پڕ هەست، نا ئارامو دیوانە بوو و پەرویز شاپور کەسێکی لوژیکی، بە حیسابو کیتابو پراگماتیکو پیاوێکی ئاسایی بوو کە وەکو هەموو پیاوان بەرخوردێکی تایبەتی دەربارەی ژیان نەبوو. ئەو دووە

نەیانـدەتوانی پێکـەوە بسـازێن‌و هەڵبکـەن."* (بڕوانـە: پـوران فروخزاد، هفته نامه بامشاد، ٢٦/شهر یور/ ١٣٤٧).

سەرەنجام لـە ساڵی ١٣٣٤دا دەخالـەتی هەنـدێ لـە دۆستانی فروغ، ئەم ناکۆکیانەی بەرەو جیابوونەوە برد: "هەوەڵین شتێك کە من‌و میهـری ڕەخشـا هەسـتمان پێکـرد ئەمـە بـوو کـە فـروغ‌و مێردەکـەی هـیچ گونجـان‌و تەباییـەکی دەروونیـان لەنێوانـدا نیـەو هەستمان کـرد ئـەم هاوسـەرییە ڕێگـە لـە نەشـونماو گەشـەکردنی فیکری فـروغ دەگرێت. من مێردەکـەی، پـەرویز شاپورم زۆر بـاش دەناسی. کاتێ کە دەگـەڵ ئەحمەدی شاملودا دەژیام، شاپور زۆر دەهاتـە ماڵمـان‌و لـەوە دەچـوو کـە ئەمانـە بـۆ یـەکتری دروسـت نەبووبن. بە هەرحاڵ کاتێ ئەو ڕۆژەی ئاشنایەتیم دەگەڵ فروغ دا پەیـدا کـرد، زۆرم قسـان دەگـەڵ کـرد، دەربـارەی شـیعرەکانی‌و، دەربـارەی ئـەوەی کـە پێویسـتە ڕێگـەی خـۆی بناسـێت قسـانمان کردو پاشان – ئیدی غەڵەت بـوو یـان ڕاسـت– کـەم‌و زۆر هانمانـدا کە لە مێردەکەی جیا ببێتـەوەو فروغ دوای پێنج شـەش مـانگ لـە مێردەکـەی جیـا بـووەوە."* (بڕوانـە: طوسـي حـایری، هەفتەنامـە بامشاد، ١٢/شهر یور/ ١٣٤٧).

جگـە لـە دەخالـەتی خـەڵکی، سەرسـەختی خـودی فـروغیش فاکتـەرێکی دیکـەی ئـەم جیابوونەوەیـە بـوو: "مـن دەگـەڵ جیابوونـەوەی لـە مێردەکـەی نـەبووم، حـەزم نـەدەکرد جیاببێتـەوە، بـەڵام ئـەو ئەوەنـدە مکـوڕ بـوو لەسـەر ڕاوبۆچـوونی خـۆی کـە ئاقیبەت جیا بووەوە. ئاکارو ڕەفتاری فروغ تایبەت بە خۆی بوو،

Scanned by CamScanner

لە هەمان کاتدا لە رادەبەدەر میهرەبان و دلۆڤان و هەستیار بوو، بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیشی هەبوو. هیچ شت و هیچ کەسێك نەیدەتوانی لەو فیکرەی هەی بوو یان لەو بڕیارەی دەیدا ژێوانی بکاتەوە. وێڕای ئەوەی کە کاریگەری و دەسەلاتێکی باوکانەم بەسەریەوە هەبوو، بەلام وەختێ بڕیاری دەدا بە هیچ جۆرێ نەمدەتوانی کاری تێبکەم. هەر چەندە بە رواڵەت لەم خەسڵەتەی ناڕەحەت بووم بەلام لە ناخا، لە دڵی خۆمدا ئافەرین و ستایشم دەکرد."* (بڕوانە: سخنان پدر فروغ در مصاحبە با روزنامەی کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٥٣).

فروغ لە دوای جیابوونەوە، هەندێجار ناچار دەبوو – ئەگەر بۆ ساتێکیش بووە– دەرگا لە رووی ئەندێشەێن پەشیمانی بکاتەوە: "فروغ، پەرویز شاپوری خۆش دەویست، ئەمەی چەندین جار گوتبوو. ئەگەر کەسێك لە پاشملەو، ئەو کاتەی کە جیا بوو بووەوە، قسەیەکی بە شاپور گوتبا، هەرگیز تەحەمولی نەدەکرد."* (بڕوانە: پوران فروخزاد، هفتەنامە بامشاد، ٢٦/ شهر یور/ ١٣٤٧).

Scanned by CamScanner

گفتم قفس، ولی چه بگویم که پیش از این
اگاهی از دوو رویی مردم مرا نبود
دردا که این جهان فریبای نقشباز
با جلوه‌و جلای خود اخر مرا ربود
اکنون منم که خسته ز دام فریب و مکر
بار دگر به کنج قفس رو نموده ام
بگشای در که در همه دوران عمر خویش
جز پشت میله‌های قفس خوش نبوده ام
پای مرا دوباره به زنجیرها ببند
تا فتنه‌و فریب ز جایم نیفکند
تا دەست اهنین هوسهای رنگ رنگ
بندی دگر دوباره به پایم نیفکند*
(بڕوانه: اسیر، شعر "بازگشت"، ص ۱۱۲).

***

Scanned by CamScanner

گوتم قەفەز، لیٚ چ بڵێم کە لەمە پێش
من لە دووڕوویی خەڵکی بیٚ ئاگا بووم
سەد داخ کە ئەم دنیای فریبۆکەو بیٚ وەفایە
ئاقیبەت منی رەدووی جیلوەو جەلالی خۆی خست.
ئەمە منم ماندووی داوی فریبو فێڵاٚن
جارێکی دی رووم کردۆتەوە کونجی قەفەسان
دەرگا بکەوە کە لە هەموو تەمەنی خۆمدا
جێی خۆشی من هەر ناو قەفەز بووە
دووبارە پێوەندو زنجیرانم لە پیٚ مەکە
تا فیتنەو فریوان لە جێی خۆم هەڵمنەکەنن
تا دەستی ئاسنینی هەوەسێنو ڕەنگاو ڕەنگ
دووبارە پێوەندێکی دیکەم لە پێیان نەکات.
***

Scanned by CamScanner

بەلام حەقیقەتێکی پەنهانیش لەم جیابوونەوەیەدا هەیە کە نابێ بشاردرێتەوە. حەقیقەتە پەنهانەکە، ئەوەیە کە فروغ ناچار بوو لە نێوان شیعرو ژیاندا، یەکێکیان هەڵبژێرێتو بەو سەر سەختیە غەریزیو سروشتیەوە کە لە فروغ دا هەبوو، ["کاتێ دەڵێم: پێویستە، ئەم "پێویستە"یە رەنگدانەوەی جۆرە سەر سەختیەکی غەریزیو سروشتیە لە مندا... من لەو بەشەرانە نیم کە کاتێ دەبینم کە سەری کەسێك بە بەرد دەکەویو دەشکێت، ئیدی پەند وەربگرم کە نابێ بەرەو بەرد بڕۆم. من تا سەری خۆم نەشکێنێ، لە مانای بەرد ناگەم!"*] ئەوە بوو لایەنی شیعری گرتو پەیوەندی سستی دوو ناو پچڕا . (بڕوانە: حرفهای بافروغ، ص ٢٧و ٢٩).

دانم اکنون کز ان خانه‌ء دور
شادی زندگی پر گرفته
دانم اکنون طفلی به زاری
ماتم از هجر مادر گرفته
لیك من خسته جانو پریشان
می سپارم ره ارزو را
یار من شعرو دلدار من شعر
می روم تا به دست ارم او را*
(بڕوانە: اسیر، شعر "خانه متروك" ص ١٣٣- ١٣٤).

***

Scanned by CamScanner

دەزانم ئەمێستا لەو ماڵە دوورەدا

شادی ژیان باڵی گرتووە

دەزانم ئەمێستا تولفێك بەزاری

پرسەی بۆ هیجرانی دایك گرتووە

لێ منی شەکەت گیانو پەریشان

ڕێگەی ئارەزوو دەپێوم

یاری من شیعرو دڵداری من شیعرە

دەڕۆم تا بە دەستی بێنم.

***

یاسا، ئەم پەتکە قرچۆکەی عەدالەت، لە منداڵەکەیو تەنانەت مافی دیتنی منداڵەکەشی مەحروم کردو، فروغ شازدە ساڵی تەواو، تا کۆتایی تەمەنی، ئاشقی کوڕەکەی بوو کە هەرگیز نەی بینیو هەموو سوێندێکی بوو بە "گیانی منداڵەکەم". کاتێ کە چاوانی منداڵانەی ئەشقی ئەویان بە دەسەسڕی تاریکی قانون دەبەست، فروغ یاخیانە رووی کردە دڵبەستەگیو خۆشویستنو شێتانە خۆشویستن:

وقتی که اعتماد من از ریسمان سست عدالت اویزان بود
و در تمام شهر
قلب چراغهای مرا تکه تکه‌می کردند،
وقتی که چشمهای کودکانه عشق مرا
با دستمال تیره‌ی قانون می بستند
واز شقیقه‌های مضطرب ارزوی من
فواره‌های خون به بیرون می پاشید
چیزی نبود، هیچ چیز بجز تیک تاك ساعت دیواری
در یافتم: باید، باید، باید
دیوانه وار دوست بدارم*

(بڕوانە: ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، شعر "پنجره" ص٦١– ٦٢).

***

کاتیٚ کە متمانەی من بە پەتی سستی عەدالەتەوە ئاویٚزان بوو
و لە سەرانسەری شاردا
دڵی چراکانی منیان پارچە پارچە دەکرد،
کاتیٚ کە چاوانی منداڵانەی ئەشقی منیان
بە دەستماڵی تاریکی یاسا دەبەست
و لەلا جانگە شپرزەکانی ئارەزووی منەوە
خویٚن فوارەی دەکردە دەریٚ
هیچ نەبوو، هیچ شتیٚك جگە لە چرکە چرکی سەعاتی چاڵمە
بۆم دەرکەو: دەبیٚ، دەبیٚ، دەبیٚ
شیٚتانە خۆشەویستی بکەم.

Scanned by CamScanner

***

لەبەر خاتری ئەشقی شیعر، لە ژیانی، لە منداڵەکەی جیابوو بووەوەو هەنووکە شیعر بۆ ئەو لفو جووتێکی دیکە بوو، دۆستێکی دی بوو: "پەیوەندی دوو بنیادەم هیچ کاتێك ناتوانێ تەواو بێت یان تەواوکەر بێت، بە تایبەتی لەم سەروبەندەدا. بەڵام شیعر بۆ من وەکو دۆستێکە کە کاتێ دەیگەمێ دەتوانم بە ئاسانی دەردە دڵی دەگەڵدا بکەم. لف یان جووتێکە کە تەواوم دەکات، کاملم دەکات... هەندێ کەس کێماسی و کەموکورتیانی خۆ لە ژیاندا بەوە پڕ دەکەنەوە کە پەنا بۆ خەڵکانی دی دەبەن، بەڵام قەتاو قەت پڕ نابنەوەو بەوە قەرە بوو نابنەوە. ئەگەر پڕ ببوایەتەوە یان قەرەبوو ببوایەتەوە، ئایا ئەم پەیوەندییە بۆ خۆیو لە خۆیدا نەدەبوو بە گەورەترین شیعری دنیاو بوون؟"* (بڕوانە: حرفهای با فروغ، ص٤٨).

شیعر بۆ فروغ دەلاقەو دەرکەیەك بوو کە بە "بوون"ەوەی گرێ دەدا، شتێك بوو بۆ تاکیدی خودو بۆ خۆ دۆزینەوە: "شیعر بۆ من وەکو پەنجەرەیەکە کە هەر کاتێ بەرەو ڕووی دەچم خۆ بە خۆ دەکرێتەوە، من لەوێندەر دادەنیشم، تەمەشا دەکەم، گۆرانی دەڵێم، هاوار دەکەم، دەگریم، تێکەڵی سێبەرو وێنەی درەختەکان دەبمو دەزانم کە لەو دیوی پەنجەرەکەوە فەزایەك هەیەو نەفەرێك گوێ دەگرێت، نەفەرێك کە لەگینە سەدەیەکی دی ببێ یان سێ سەد ساڵ لەمەپێش هەبووبێ – فەرق ناکات – شیعر ئەوزارێکە بۆ پەیوەندی کردن بە بوونەوە، بە "بوون" بە هەموو مانایەکەوە،

بە هەموو بەرینییەکی خۆیەوە. باشیەکەی لەوەدایە کە بنیادەم وەختێ شیعر دەڵێت، دەتوانێت بڵێت: منیش هەم، یان منیش هەبووم. دەنا چۆن دەشێت بڵێیت کە: من هەم یان هەبووم. من لە شیعری خۆما جستوجۆی هیچ ناکەم، بەڵکو شیعری خۆما، خۆم دەدۆزمەوە."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە).

شیعر بۆ فروغ بەرەبەرە دەبێت بە پرسێکی جدی. شیعر بۆ ئەو وەڵامێکە کە دەبێ بە ژیانی خۆیی بداتەوە: "ئێستا شیعر بۆ من پرسێکی جدیە. مەسئولیەتێکە کە لە هەنبەر بوونی خۆما هەستی پێدەکەم. جۆرە وەڵامێکە پێویستە بە ژیانی خۆمی بدەمەوە. من، چەند مرۆڤێکی مەزەبی ڕێزی مەزەبەکەی خۆی دەگرێت، ئەوەندە ڕێزی شیعر دەگرم." (بڕوانە: حرفهای با فروغ، ص٧٠).و بۆچی وا نەبێت، چونکە "شیعر لە بنەڕەتدا بەشێکە لە ژیان و هەرگیز ناتوانێ لە دەرەوەی ژیاندا هەبێت و لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو کاریگەریانە بەدەر بێت کە ژیانی واقیعی لە بەشەری دەکات، بەدەر بێت، دەشێت بە "دیدی شاعیرانە" تەمەشای ژیانی مەعنەوی –تەنانەت ژیانی مادی–ش بکرێت. ئەسڵەن شیعر ئەگەر ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەو هەلومەرجە نەبێ کە تیایدا دێتە ئاراوەو گەشە دەکات و گوێی نەداتێ، هەرگیز ناتوانێ شیعر بێت."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص٧ و ٨).

بەڵام بۆ فروغ، ئەگەر شیعر بەشێك بوایە لە ژیان هەرگیز بەمجۆرە خۆی فیدای نەدەکردو خاچی مەرگی خۆی بەمجۆرە بە کۆڵا نەدەدا. شیعر بۆ ئەو هەموو ژیان بوو هەموو ساتەکانی ژیان

Scanned by CamScanner

بۆ ئەو ساتێن شاعیرانە بوون: "باوەڕم بە یەك شتی دیکەش هەیە ئەویش "شاعیر بوونە" لە تێکڕای ژیانـدا! شاعیر بوون دەکاتە ئینسان بوون. هەندێ کەس دەناسم کە رەفتاری رۆژانەیان هیچ پەیوەندییەکی بە شیعریانەوە نییە، یانی تەنیا ئەو کاتانەی شیعر دەڵێن شاعیرن. کە تەواو دەبێت، دووبارە دەبنەوە بە بنیادەمێکی چاوچنۆکی نەوسنی زاڵمی، بیرتەسکی بەدبەختی حەسوودی بەغیلی بچووك، باشە، من قسەکانی ئەم بنیادەمانەشم قەبووڵ نییە. من زیاتر بایەخ بە ژیان دەدەمو وەختێ ئەم ئاغایانە کۆڵەمشتیان دەگوشنو هاوار دەکەن، یانی لە شیعرو وتارەکانیاندا، من رقم هەڵدەستێ، بێزار دەبمو باوەڕم نایەت کە راست دەکەن، دەڵێم ناشێ ئەم هاتو هاوارەیان تەنیا لە پێناوی قاپێ پلاودا بێت! پێموایە ئەو کەسەی کە کاری هونەری دەکات، دەبێ لە سەرەتاوە خۆی دروست بکاتو بخەملێنێ. پاشان لە خودی خۆی بێتە دەرەوەو وەکو یەکەیەك لە بوونو گەردوون تەمەشای خۆی بکات تا بتوانێت حاڵەتێکی گشتی بە گشت ئەنجامگیری، بیروهەستەکانی ببەخشێت."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ص٧٠).

فروغ پاشان ئەوەی لە هاوسەرەکەی جیابووەوە، دەرفەتێکی بۆ رەخسا کە سەفەری هەندەران بکات، بەڵام ترسی دووری لە کوڕەکەی کە زۆری خۆشدەویست ئازاری دەدا: "نزیکی نیوەڕۆ بە مەبەستی دیتنی کوڕەکەم لە ماڵ وەدەرکەوتم، لێ نەمتوانی بیدۆزمەوە. ترسم لەم دیدارە هەبوو، بەڵام وەختێ بۆ ماڵ

Scanned by CamScanner

هاتمەوە، ڕێك بە پێچەوانەوەی تەسەوری خۆمەوە، سەیرم کرد لە کەنار مێزەکە دانیشتووەو دەگەڵ باب و داکما خەریکی نانخواردنە، چکۆلەو ڕەنگ بزرکاو بوو... بە دەستەکانی دەموچاوی نەوازشت کردمو هەستم کرد کە شتێك لە بوونمدا لە حاڵی توانەوەو پارچە پارچە بووندایە. هەنگێ لە لایەوە دانیشتم، نازانم بۆچی نەمتوانی نان بخۆم، دەستەکانم بەنج بوو بوون، وەختێ بیرم دەکردەوە کە ماوەیەکی زۆر، دوورو درێژ دەستەکانم، دەستان، دەمووچاوو تەوێڵی ئەو نەوازشت ناکەن، دەتگوت ئازارێکی هۆڤی هەوسار پچڕیو، چنگ دەنێتە سەراپای بوونم، دوای نیوەڕۆژە هەردووکمان پێکەوە لەسەر تەختەکە ڕاکشاین و من وەکو هەمیشە چیرۆکم بۆ گوت. لەو حاڵەدا بیرم دەکردەوە کە ئەگەر من بڕۆم کێ قژی بۆ شانە دەکات؟ کێ جلی جوانی بۆ دەدروێت؟ کێ لەسەر کاغەز وێنەی فیل و قیتارو سێ چەرخەی بۆ دەکێشێت؟ کێ ئەو خۆشەویستییەی منی دەداتێ؟ من دەزانم کە بیرم هەست و سۆزم لەو ساتەداو لەبەر خاتری ئەو تەواو بێهودەبوون، چونکە بە هەموو حاڵ و حیسابێك لە ژیانی ئەو چوو بوومە دەرێ، بەڵام نەمدەتوانی بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە."*

(بڕوانە: فروغ فروخزاد، خاطرات سفر اورپا، مجله فردوسی، ساڵی نۆیەم). بە هەر حاڵ، فروغ لە ساڵی ١٣٣٥دا بە مەبەستی سەردانی ئیتاڵیا بەرەو روما ڕۆیی. سەردانی ئیتاليا، بۆ ئەو تەنیا بیانوو بوو، دەیویست خۆی لەو ژینگەیە رزگار بکات کە گیرۆدەی بوو بوو: "گوشاری ژیان، گوشاری ژینگەو گوشاری ئەو کۆت و

زنجیرانەی کە لە دەستو پێم بەسترا بوونو من بە هەموو هێزو توانایەکی خۆمەوە هەوڵم دەدا لە هەنبەریاندا بەرگری بکەم، شەکەت و ماندوویان کردبووم. من دەمویست "ژنێک" واتا "بەشەرێك" بم، من دەمویست بڵێم کە منیش مافی هەناسەدانو هاوار کردنم هەیەو ئەوانی دی دەیانویست هاوارەکانم بەسەر لێوانمەوە هەناسەم لە سینەمدا خەفە بکەنو بتاسێنن. ئەوان چەکی تیژو بڕندەیان هەڵبژاردبوو و من نەمدەتوانی زیاتر پێ بکەنم، نەك لەبەر ئەوەی پێکەنینەکانم وشکیان کردبوو، تەواو بوو بوون، نا، بەڵکو هێزو توانام تەواو بوو بوو و من بۆ ئەوەی هێزو وزەیەکی تازە بۆ "سەر لە نوێ پێکەنین" بەدەست بێنمەوە، لە ناکاو لێبڕام کە مودەتێك لەم ژینگەیە دوور بکەومەوە."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوەی بەرێ.). و کاتێ کە لەم ژینگەیە دوور کەوتەوە، زیاتر پەی بە بچووکیو لاوازی ئەو مرۆڤانە برد کە لە نێویاندا ژیا بوو: "بیرم لەو خاكو وڵاتە کردەوە کە بە فەرسەخان لێوەی دوور بوومو لەوێ نەدەبوو بەو شێوەیە بێ کە هەبوو. لەوێندەر خەڵکانی لۆدەو لێبۆكو لاوازی ئەوتۆم بینی کە بە گوێڕایەڵیو ملکەچیەکی دەستکردەوە سەریان لە بەرانبەر ئەو بتانە دانەواند بوو کە ساڵەها بوو بۆ خۆ دروستیان کردبوونو بە خۆشیان دەیانزانی کە بە فەرسەخان لە ڕاستیو حەقیقەتەوە دوورن، بەڵام ئەوەندەیان زاتو جورئەت نەبوو کە بە مشت بە تەپڵی سەری بتەکاندا بکێشنو لەو دنیا کۆمیدیو قێزەونە بچنە دەرێ کە بە

دەسـتی خۆیـان بـۆ خۆیـان دروسـتیان کردبـوو."* (هـەمان سەرچاوە).

فـروغ، دوای گەڕانـەوەی بـۆ ئێـران، یەکسـەر کەوتـە کـاری هونـەریو داهێنـانی خـۆی: "فـروغ زۆری دەخوێنـدەوە، هـەموو شیعرەکانی سەعدی ئەزبەر بوو. غەزەلەکانی حافزی لەبەر بوو بۆ ساتێ دەستبەرداری خوێندنـەوە نـەدەبوو. بیرم دێت فروغ بـەر لەوەی کارو دەرامەتێك پەیدا بکات، تەنیا شەش حەوت کتێبی هەبوو، بەڵام لەم دواییانەدا کتێبخانەیەکی ئاواو ئاوەدانی هـەبوو. تامـەزرۆی خوێندنـەوە بـوو و مێشکیشـی زۆر بـە باشـی وەری دەگرت، هەر شیعرێکی دەنووسی یەکسەر لەبەری دەکرد. شیعری بـە کـەڕەتێك دەنووسـی، ڕاسـتی نـەدەکردەوە، تـەواوی دەکـردو لەسـەر کاغـەزێك پاکنووسـی دەکـردەوە."* (طوسـي حـایری، هفتەنامە بامشاد، ١٢/ شهريور/ ١٣٤٧).

لە ساڵی ١٣٣٦ کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی فروغ بە ناونیشانی "دیـوار" بڵاوبـووەوە. کۆمەڵەیـەك بـوو کـە هەرچـەندە لـە ڕووی نێوەڕۆکـەوە درێـژەی کۆمەڵـە شـیعری "ئەسـیر" بـوو، بـەڵام نموونەیەکیش بوو لە پێشکەوتنی فروغ لە مەیدانی شیعرو بە دەست هێنـانی ئـەزموونێن تـازە: "لـە "ئەسیر"دا مـن تـەنیا بـە شێوەیەکی سادەو ساکار گوزارشتم لە دنیای دەرەوە کردبوو، لەو سەردەمەدا شیعر هێشتا لە مندا نەتوابووەوە، بەڵکو وەکو مێرد لە یەك ماڵ دەگەڵما بوو، وەکو ماشوق، وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە چەند مودەتێك دەگەڵ بەشەر دان. لێ پاشان شیعر لە مندا

ڕەگی داکوتاو لەبەر ئەمە بابەتی شیعر لەلام گرنگ بوو. ئیدی من شیعرم، تەنیا بە دەربڕینی هەستێکی تایبەت سەبارەت بە خۆم نەدەزانی، بەڵکو چەند شیعر لە ناخما، لە بوونما ریشاڵی بوو ئەوەندە پەراگەندەتر بووم و دنیایێن تازەترم دۆزییەوە."* (بڕوانە: مصاحبه صدرالدين الهی با فروغ، مجله سپیدو سیاه، اسفند ۱۳٤٥).

پاش ئەوەی ئەزموونی زیاتری پەیدا کردو بە شیعرو نوێینی جیاوازی شاملو بۆ "زمان" ئاشنا بوو: "کاتێ کە "شیعرێ کە ژیانە"ی شاملوم خوێندەوە، تێگەیشتم کە زمانی فارسی توانایەکی یەجگار زۆری هەیە. ئەم خەسێت و تایبەتمەندیەم لە زمانی فارسیدا کەشف کرد کە دەشێت بە سادەیی قسان بکرێت. تەنانەت سادەتریش لە "شیعرێ کە ژیانە" واتا بە هەمان ئەم سادەییەی کە من ئا ئێستا من لەگەڵ تۆدا قسان دەکەم. بەلام کەشف بەس نییە. باشە، وا کەشفەکەم کرد، ئەدی دواتر؟ تەنانەت لاسایی کردنەوەش ئەزموونی دەوێت. دەبوایە بە ڕەوتێکی سروشتی، لە دەروون و ناخی خۆماو بە گوێرەی پێویستیە بەدەنی و فیکریەکانی خۆم بەرەو ئەم زمانە بڕۆم و ئەم زمانە خۆ بە خۆ لە مندا دروست دەبوو: لە خەڵکانی دیدا دروست بوو بوو، ئێستا بڕێك وای لێهاتووە. من هزردەکەم کە لەم بوارەدا دەچوومە پێشێ، زۆرم کاغەزان ڕەش کردەوە. ئێستا وام لێهاتووە کە کاغەزی بۆر دەکڕم، هەرزانترە...!"* (بڕوانە: حرفهای با فروغ ص١٩).

دوای ئەزموونانی زۆر، سەرەنجام فروغ، نیماو بەرینی نۆپینی ئەوی ناسی: "من نیمام زۆر درەنگ ناسیو لەوەیە بە مانایەکی دی بشێت بگوترێ زۆر لە شوێنی خۆیدا. واتا دوای ئەزموونو وەسوەسەیەکی زۆرو گوزەراندنی سەردەمێك لەسەرگەردانیو لە هەمان کاتدا جسوجۆ. شاعیرانی دوای نیمام زۆر زووتر ناسین، بۆ نموونە شاملو وئەخەوان، لە چواردە ساڵیدا مەهدی حەمیدیو لە بیست ساڵیدا نادر پورو سایەو موشیری، شاعیرانی ئایدیالی من بوون، هەر لە هەمان سەروبەندا بوو کە لاهوتیو گولچین گەیلانیشم کەشف کردنو ئەم کەشفە سەرنجی بۆ کۆمەڵێك جیاوازیو پرسێن تازە ڕاکێشام کە پاشان شاملو لە زەینی مندا شەکڵو شێوەی پێدانو زۆر دواتر نیما کە باوەڕو سەلیقەی تەقریبەن یەکجارەکی منی سەبارەت بە شیعر " دروست کرد "و جۆرە بنجبڕییەکی پێ بەخشی... من ناتوانم بڵێم چۆنو لە چ زەمینەیەکدا لە ژێر باندۆرو کاریگەری نیمادا هەم یان نیم. ساغ کردنەوەو وردکردنەوەی ئەم شتە کاری خەڵکانی دیکەیە. لێ دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێم کە لە رووی فۆرمێن شیعریو زمانەوە، سوود لە دەسکەوتو ئەنجامگیریە هونەرییەکانی. ئەو دەبینم، بەڵام لەلایەکی ترەوە –یانی لە بواری هاماجی فیکری تایبەتو ئەو شتەوە کە لە راستیدا روحی شیعرە– دەتوانم بڵێم: لەوەوە فێر بووم کە چۆن تەمەشا بکەم، یانی ئەو بەرینی نیگایەکی بۆ دیاری کردووم، کە من دەمەوێ بگەمە ئەو ئەو مەرزە. رەگو ریشە شتێکەو، لێ ئەوەی کە دەڕوێت شتێکی

جیاوازە، چونکە بەشەران جیاوازن. من بە هۆی تایبەتمەندیی ڕوحی و ئاکارییەکانی خۆم – و بۆ نموونە تایبەتمەندی ژن بوونم- بە تەبیعەت پرسەکان بە شێوەیەکی دی دەبینم. من دەمەوێ ڕوانینی ئەوم هەبێ بەڵام لە پەنجەرەی خۆما دانیشتبم. نیما چاوی منی کردەوەو گوتی: بڕوانە، تەمەشا بکە. بەڵام نۆڕینی خۆم فێر بووم." (هەمان سەرچاوە، ل ٢٣- ٢٥).

کتێبی "عصیان" کە لە ساڵی ١٣٣٨= ١٩٥٩دا بڵاوبووەوە دوایەمین ئەزموونانی شاعیرێکی نیشان دەدا کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئۆتۆسفیری شیعری تایبەتی خۆیدا بوو: "دیوارو عصیان لە ڕاستیدا هەوڵ و تەقەلایەکی نا ئومێدانەیە لە نێوان دوو قۆناغی ژیاندا. دوایەمین هەناسەی پێش جۆرە ڕزگارییەک. بنیادەم دەگاتە قۆناغی هزرین و ڕامان، لە گەنجیەتی دا، هەستە بەشەرییەکان ڕەگ و ریشەیان سست و لاوازە، لێ جەزەبەیان زۆرترە. ئەگەر پاشان لەلایەن فیکرەوە ڕێبەری نەکرێن و یان زادەو بەرەنجامی هزرین نەبن، وشك دەکەن و تەواو دەبن. من تەمەشای دنیای دەوروبەرم، شتان و مرۆڤانی دەوروبەرم و هێڵە سەرەکیەکانی ئەم دنیایەم کرد، کەشفم کردو وەختێ ویستم بە وتنی بسپێرم، سەیرم کرد پەیڤ و وشەم پێویستە. وشەێن تازە کە وشەی هەمان دنیا بن. ئەگەر بترسامایە دەمردم. لێ نەترسام، وشەم هێنان. جا ئەگەرئەم وشانە هێشتا نەبووبن بە وشەی شیعری چ قەیدیە، خۆ گیانیان تیایە، شیعریەتیان پێدەبەخشین!"* (هەمان سەرچاوە، ل٢٨).

ئەم ئەزموونانە فروغیان ناچارکرد کە جدیتر بیر لە مەسەلەی "زمان" بکاتەوەو بەم بیرکردنەوەیە لە "زمان"، شێوازی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە: "من لە شیعری خۆما، زیاتر لە هەر شتێکی دی هەوڵدەدەم ئەو کێماسیی و نوقسانیەی چێدەبێت ناوی (کەمی وشەیێن جۆراوجۆر)ی لیٚ بنرێت. شیعری ئێمە بڕێك سوننەتی و تەقلیدیە، هەندیٚ وشە هەن کە بەردەوام لە شیعرا دووبارە دەبنەوە. ئەمانە چەمکی خۆیان لە دەست داوەو چەمك و ماناکانیان لە گوێی ئێمەدا کاریگەریی واقیعی خۆیان نییە.

لەلایەکی ترەوە، ئەو وشانەی کە هەڵگری سوننەتە شیعریەکەن، دەگەڵ هەستی شیعریی ئەمڕۆی ئێمەدا تێك ناکەنەوە، چونکە ژیانی ئێمە گۆڕاوەو پرس و مەسەلەیێن نویٚ هاتوونەتە ئاراوە کە هەستی تازەمان لا چێدەکەن و ئێمە بۆ دەربڕینی ئەم هەستانە پێویستمان بە کۆمەڵێك وشەی نویٚ هەیە کە چونکە لە شیعرا باو نەبوونە، هێنانیان بۆ ناو شیعر زۆر ئەستەمە. جا من هەوڵم بۆ ئەوەیە ئەم وشانە بێنمە ناو شیعرەوەو پێموایە ئەمە کارێکی دروستیشە، چونکە شیعری ئەمڕۆ، ئەگەر قەراربیٚ شیعرێکی گیانداروو زندووبیٚ، پێویستە سوود لەم وشانە وەربگرێت و لە خۆیدا بەکاریان بێنیٚ."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە ل٦). هەڵبەتە ئەم کارە لە فروغ دەوەشایەوە، چونکە وێڕای ئەو توانا ئەفراندنەوانیە عەجیبەی کە لێی هەڵوەقولا، هەوڵی دەدا رۆڵەی زەمان و رۆژگاری خۆی بێت و ئاوازو ریتمی زەمانی خۆی بدۆزێتەوەو تێبگات، نە لە ئەدەبی کلاسیکدا نقوم بێت و نە

Scanned by CamScanner

ڕەدوکەوتەو ئەفسوونی ئەدەبیاتی ئەوروپا بێت: "یەکێك لە خۆش شانسیەکانی من ئەمەیە کە نە زۆر خۆم لە ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆماندا نقوم کردووەو نە زۆریش ئەفسوونی ئەدەبیاتی فەڕەنگی بووم. مـن عـەودالی شـتێکم لـە دەروونـی خۆمـاو لـە دنیـای دەوروبەری خۆما... لە قۆناغێکی دیاری کراوا کە لە ڕووی ژیانی جڤاکیو فیکریو ڕەوتو ڕەوشی ئەم ژیانەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، رازی کار لەمەدایە کە ئەم تایبەتمەندیە دەرك بکەینو ئەم تایبەتمەندییە بێنینە ناو شیعرەوە."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٣٢).

فـروغ لـە پـاڵ خـەمی هونـەرو داهێنـانی خۆیـدا، لـە خۆشەویستیو خەمی کوڕەکەشی بە دوور نەبوو، هەم کوڕەکەی دەویسـت هـەم هونەرەکـەی، هـەردووکیانی پێکـەوە دەویسـت: "پـێش هـەموو شـتێكو پـتر لـە هـەر شـتێك هونەرەکـەمو پاشان کوڕەکەم خۆش دەویو ئاواتم ئەمەیە کە کوڕەکەم گەورە بوو ببێ بە شـاعیر یـان نووسـەر."* (بڕوانـە: نامـە فـروغ، مجلـە خوشـە، نوروز/١٣٤٦). جا فروغ بۆ ئەوەی پەردەیەك بەسەر ئەم ترسو خەمو نیگەرانیانەی خۆیدا بدات، لە هەوڵی ئەوەدا بوو پەنا وەبەر خۆشەویسـتی بـەرێت، خـۆی لـە بیرێـن خـەمناکی جـودایی لە کوڕەکەی رزگار بکات: "بە تەواوەتی لە ژیانی رابردوو دابڕاوم، کاتێ کامی لە جادەوبانان دەبینم کە ئێستا بالای دەگاتە شانم، لەشم دەکەوێتە لەرزینو دڵم دەکەوێتە خورپە خورپ، لێ نامەوێ، نامـەوێ. سـوودی ئـەم خۆشەویسـتیو پەیوەندیانـە چیە؟ مرۆڤ

Scanned by CamScanner

دەبێ بۆ لفی خۆی بگەڕێتو، هەر کەسەو لفێکی هەیە، دەبێ ئەو لفەی خۆی بدۆزێتەوە... چونکە ژیان تەنیا هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی نقوستانیەکان."* (بڕوانە: نامەی فروغ، مجله فردوسی، ۲۷/مرداد/ ۱۳٤۸). خەڵکی ئەم ڤیانو دڵبەستەییەی ئەویان بە جۆرێکی دی لێکدەدایەوەو لەم قسەیەی ئەو تێنەدەگەییشتن کە: "پەیوەندی دوو کەس هیچ کاتێک ناتوانێ تەواو یان تەواوکەر بێت، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا. لێ شیعر بۆ من وەکو دۆستێکە کە کاتێ دەیگەمێ دەتوانم بە ئاسانی دەردەدڵی دەگەڵدا بکەم. لفێکە کە دەتوانێ تەواوم بکات... هەندێ کەس، کەموکورتیەکانی ژیانی خۆیان بە پەنا بردنە بەر خەڵکانی دی پڕو قەرەبوو دەکەنەوە، بەڵام قەت قەرە بوو نابێتەوە. ئەگەر قەرەبوو ببوایەتەوە ئایا ئەم پەیوەندیە، بە خۆی نەیدەکردە گەورەترین شیعری دنیاو بوون؟"* (بڕوانە: حرفهای بافروغ، ص٤٨).

خەڵکان، حەزیان دەکرد کە ڤیانو ئەشقی فروغ، دەگەڵ دڵبەستەگیو ڤیانە بازاڕیە باوەکانی ژیانی خۆیاندا، بە یەکسان بزانن: "بە نۆڕینی من ئەم قسانەی کە دەربارەی پەیوەندێن ئاشقانەی فەروخزاد کراون، هەر هەمووی بوختانو قسەیە. فەروخزاد مرۆڤێکی ئەوەندە تەنیا وشەکەت بوو کە ناچار بوو بۆ پەناگەیەکی روحی بگەڕێتو هەڵبەتە وەکو هەر بنیادەمێک بە تەبیعەت بیانوویەکی هەبوو و بۆ بیانوویەک دەگەڕا. لێ هەستی مەرگو تەنیاییو بێ توانایی جەوهەرو کرۆکی فیکری

Scanned by CamScanner

فەروخزادەو لەبەر ئەمەیە کە شیعری وی مانایەکی سەیری دەگەڵ مردنەکەیدا پەیدا کردووە. فروغ، بە دەقیقی نەیدەزانی چی دەوێت، هەمەرەنگخواز نەبوو و لەگەڵ ئەمەشدا لەگینە کە لە رۆژگاری ئاشنایەتیدا دەگەڵ گوڵستاندا، لە رووی سەرسەختی یان نائومێدیەوە جار جاریٚ رووی دابێتە یەك دوو کەسی دی، بەلام دڵنیام کە ئەمە هەرگیز لە سنووری دۆستایەتی ڕاستگۆیانەو پاك هێوەتر نەچووە، چونکە فەروخزاد بە هۆی ئەم ئەزموونە تاڵەوەکە لە ڕابردووداو دەگەڵ خەڵکانی رۆژگارانی رابردوودا هەی بوو، جگە لەوەی پشت بە یەك نەفەر ببەستیٚ و باوەڕ بە یەك پەناگا بکات، چاوی لە هیچی تر نەبوو."* (بڕوانە: م. ازاد، هفتەنامه بامشاد، ۱۹/شهریور/ ۱۳٤۷).

قسەی خەڵکی – مێرووی گەنیوی نێو مرداوان- کوڵی پێنادەن، چونکە ئەو لە تیرەی درەختانەو هەوای کۆن قەڵسی دەکات، ئەو بیر لە رووناکی و خۆر دەکاتەوە نەك لە بیرێن جەنازەیێن باکردووی مەیتخانەکانی ئەم جیهانەی کە لە هەوەڵی وەرزی ساردا دانیشتووە:

چه‌می تواند باشد مرداب
چه‌می تواند باشد جز جای تخم ریزی حشرات فاسد
افکار سردخانه را جنازه‌های بادکرده رقم می زنند
نامرد، در سیاهی
فقدان مردیش را پنهان کرده‌است
و سوسک،.... اه
وقتی که سوسک سخن میگوید
چرا توقف کنم؟
من از سلاله درختانم
تنفس هوای مانده ملولم می کند
پرنده‌ای که مرده بوو به من پند داد که پرواز به خاطر بسپارم
نهایت تمامی نیروها پیوستن است، پیوستن
به اصل روشن خورشید
و ریختن به شعور نور.
طبیعي است
که اسیابهای بادی می پوسند
چرا توقف کنم*
(برِوانه: ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، ص۹۲- ۹۳).

***

Scanned by CamScanner

مرداو دەتوانیٚ چ بیٚ
دەتوانیٚ چ بیٚ جگە لە شوێنی گەرا خستنی مێرووانی گەنیو
جەنازەێن باکردوو، بیرێن مەیتخانان دەنووسنەوە.
نا پیاو، لە تاریکی دا
نامێرێنی خۆی شاردووەتەوە
و قالۆنچە،.... ئاە
کاتیٚ کە قالۆنچە قسە دەکات
من بۆچی بوەستم؟
من لە تیرەی درەختانم
هەوای خەفە، خەمبارو کزم دەکات
باڵندەیەك کەمردبوو، دەرسی دام کە فێری فڕین بم
کۆتایی هەموو هێزەکان پەیوەست بوونە، پەیوەست بوون
بە پرەنسیپی روناکی رۆژەوە
و رژانە ناو هەستی روناکییە.
ئاساییە
کە ئاشەبایان دەسوێن، دەرزن
ئیدی بۆچی بوەستم؟.
***

فروغ، لە شەهریوەری ١٣٣٧دا، شان بە شانی شیعر رووی کردە فیلمسازیو لە کۆمپانیای "گوڵستان فیلم"دا، کە ئیبراهیمی گولستان بەڕێوەی دەبرد، دەست بەکار بوو: "سینەما بۆ من، شێوەیەکە لە شێوەیەکانی دەربڕین. کە من عومرێکە شیعر دەڵێم، مانای وانیە کە شیعر تاقە ئەوزارو رێگەی دەربڕینە. من حەز لە سینەما دەکەم. لە هەر بوارێکی دیکەشدا، ئەگەر بتوانم کار دەکەم. ئەگەر شیعر نەبوو لە شانۆدا کار دەکەم، ئەگەر شانۆ نەبوو، فیلم دروست دەکەم. درێژە پێدانیشی بەندە بەمەوە کە قسەکانم درێژەیان هەبێ، هەڵبەتە ئەگەر قسەیەکم هەبێ."

یەکەمین کاری فروغ مۆنتاجی فیلمی "ئاگرێک" بوو: لە ئوردیبەهەشتی ١٣٣٧دا بیرە نەوتی ژمارە شەشی ئەهواز لە کاتی هەڵکەندنیا گەییە چینێك لە غاز. غازەکە گڕی گرتو گڕی شەوتاندۆخی ئاگرەکە دوای هەفتا رۆژ ئەوسا کۆنترۆڵ کراو کوژێنرایەوە. شاروخ گولستان لەم ماوەیەدا نزیکەی هەزارو پێنج سەد مەتر فیلمی کارکرد. فیلمەکە ناو نرا "ئاگرێك"و فروغ بە مۆنتاجی ئەم فیلمە گیانی وەبەر، ئەم کارە قارەمانانەیەی پیاوانی کۆڵنەدەرو کۆشیار، خست. فیلمی نێوبراو، لە ساڵی ١٣٤١-١٩٦٢ لە دوازدەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمانی دیکۆمێنتاری ڤینیسای ئیتاڵیادا، میداڵی زێڕو نیشانی برونزی وەرگرت.

فروغ، لە ساڵی ١٣٣٨دا، بە مەبەستی شارەزایی و فێر بوونی چۆنیەتی ئامادەکردنی فیلم -بە تایبەتی فیلمی دیکۆمێنتاری- سەفەری بەریتانیای کرد. لە ساڵی ١٣٣٩دا، دەزگای نیشتمانی

کەنەدا، ئامادەکردنی فیلمێکی دەربارەی ڕێوڕەسمی خوازگاری لە ئێراندا، بە "گولستان فیلم" سپارد. فروغ لەم فیلمەدا دەوری بینی و لە ئامادەکردنیشیا ڕۆڵی کاریگەری بینی.

لە ساڵی ١٣٤٠دا، لە دروستکردنی بەشی سێیەمی فیلمی "ئاو و گەرما"دا چالاکیەکی شایستەی نواند. ئەم فیلمە کە بەرهەمی ئیبراهیمی گولستانە لە کۆبوونەوەی پەنجاو چوارەمی "بنکەی فیلم"دا (لە خوردادی ١٣٤١=١٩٦٢) نمایش کراو لە هەمان ساڵدا بوو کە فروغ ئامادەکردنی دەنگی فیلمی "موج و مرجان و خارا"ی لە ئەستۆگرت. "موج و مرجان و خارا" فیلمێکی سی و پێنج میلیمەتری چل دەقیقەیی بوو، لە سیناریۆو دەرهێنانی ئیبراهیمی گولستان بوو. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٦٢دا خەڵاتی تایبەتی وەرگرت.

فروغ، بە مەبەستی دیتنی دەورەی کاری فیلمسازی، جارێکی دی سەفەری بەریتانیای کردو کە لەم سەفەرەی گەڕایەوە، فیلمی یەك دەقیقەیی "ڕۆژنامەی کەیهان"ی دروستکرد کە هەر چەندە فیلمێکی بانگەشەیی بوو بەڵام مایەی سەرنج بوو.

لە بەهاری ساڵی ١٣٤١دا چوو بۆ تەورێز تا ئامادەکاری بۆ دروستکردنی فیلمێك دەربارەی گولانی خۆرەوێکەوتان بکات. لە هاوینی ئەم ساڵەدا فیلمێك لە کۆمپانیای "گولستان فیلم" بە ناوی "دەریا" ئامادە دەکرا – کە لە چیرۆکی "چرا دریا توفانی شده بود؟"ی سادقی چوبەکەوە وەرگیرا بوو– فروغ لەم فیلمەدا

Scanned by CamScanner

دەوری بینیو لە ئامادەکردنەکەیدا یارمەتیەکی زۆری گولستانی دا، لیٚ ئەم فیلمە بە نیوەچڵی مایەوە.

فروغ، لە پایزی ١٣٤١دا جاریٚکی دی چوو بۆ تەوریٚز، ئەمجارەیان سیٚ کەسی دیکەی دەگەڵ بوونو فیلمی مەکۆی گولاٚن لە ماوەی مانەوەی دوازدە رۆژەی وی لەویٚندەر، ئامادە کرا، کە ناوی "خانه سیاه است"ی لە خۆ گرت. دیالۆگەکانی ئەم فیلمە لە دەقیٚن مەزەبی ئیسلامیو تەوراتەوە وەرگیراون. "خانه سیاه است" لەسەر داوای" "ئەزموونی کۆمەك بە گولان" دروستکراو کاراکتەرەکانی ئەم فیلمە، لە گولانی ئاسایشگەی بابا باغی تەوریٚز بوون. فروغ لە گوتو بیٚژیٚکدا دەربارەی ئەم فیلمە دەڵیٚت: رۆژی یەکەم کە گولەکانم بینی زۆر تیٚکچووم. بە ڕاستی ترسناك بوو، کۆمەڵە خەڵکیٚك لەو گولخانەیەدا دەژیان کە هەموو تایبەتمەندیو هەستی هەر ئینسانیٚکیان هەبوو، لیٚ لە چارەو سیمای مرۆڤانی بیٚبەش بوون. ژنیٚکم بینی کە هەموو دەموچاوی بریتی بوو لە تاقە کونیٚكو لەو کونەوە قسانی دەکرد. بە ڕاستی ترسناکە، لیٚ من ناچار بووم کاریٚ بکەم متمانەم پیٚبکەن، لە راستیا بە باشی رەفتاریان دەگەڵ ئەمانەدا نەکرد بوو. هەر کەسیٚ کە چوو بوو بۆ لایان تەنیا تەمەشای عەیبەکانیانی کردبوو. لیٚ من، بە زاتی خوا، لەسەر سفرەکەیان دادەنیشم، دەستم لە زامەکانیان دەدا، دەستم لە پیٚیان دەدا کە خۆرە "گولی" قامکەکانیانی هەڵوەراند بوو. بەو جۆرە بوو کە گولەکان متمانەیان بە من پەیدا کرد. کە خوا حافیزیم لیٚدەکردن، هەموو

Scanned by CamScanner

دوعای خێریان بۆ دەکردم. ئێستاش کە ساڵێک بەسەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕێ ژمارەیەکیان هێشتا هەر نامەم بۆ دەنووسن و داوام لێدەکەن سکاڵانامەو عەرزوحاڵەکەیان بگەیەنمە وەزیری تەندروستی و پێی بڵێم کە لە برنجی گولەکان دەدزرێ، خواردنیان نیە، حەمامیان نییە، لەوێ پیاوێکی گولم بینی کە تەقریبەن تەواوی بەدەنی ئیفلیج بوو، لێوەکانیشی ئیفلیج بوون و بە دەست لێوی بەرز دەکردەوە تا بتوانێت قسە بکات. چاوەکانیشی کوێر بوون. بەو حاڵەشەوە هەر کە منی دەبینی دەیگوت: ئاخر من چەند کەڕەت عەرزوخاڵ بنووسم کە ژنەکەمم بۆ بنێرن، من گولم بەڵام ژنەکەم ساغەو دەیەوێ دەگەڵ مندا بژی. ژنانی گول زۆر سەیرن، هەموو جوانیەکی خۆیان لە دەست داوە، کەچی هەموو رۆژێ چاوان دەڕێژن. قامکەکانیان، کە گولی تێی داون، پڕن لە موستیلە، ملوانکەو بازنەکەی منشیان برد. ژوورەکەیان پڕە لە ئاوێنەو کوژەکەی چاوەزار، ئیدی ئەوانیش بەشەرن..."* (بڕوانە: مصاحبە بافروغ، مجلە روشنفکر، سال ١١، اسفند/ ١٣٤٢).

لە ساڵی ١٣٤٢دا فیلمی "خانە سیاه است" لە فیستیڤاڵی فیلمی ئەڵمانیای رۆژاوادا، براوەی باشترین فیلمی دیکۆمێنتاری بوو. فروغ دەربارەی ئەم خەڵاتە گوتویەتی: "ئەم خەڵاتە بۆ من گرینگ نەبوو. گرینگ کارەکەم بوو، لەزەتی من لە کارەکەمدا بوو، خوای دەکرد بوکەڵەیەکیان دەدامێ، بوکەڵەیەکە دەکاتە چی؟ خەڵاتیش بوکەڵەیە."

دەیەمین فیستیڤاڵی "اوبر هاوزن" لە چواردەمین دەورەی خۆیدا، خەڵاتی گەورەی خۆی بۆ فیلمێن دیکۆمێنتاری بە ناوی فروغی فەروخزادەوە ناو نا. فیستیڤاڵی "اوبر هاوزن"ی ئەڵمانیای رۆژاوا یەکێکە لە فیستیڤاڵە هەرە بە سەنگو ئیحتوبارەکانی جیهان، دەستەی بەڕێوەبەری ئەم فیستیڤاڵە دروشمی خەڵاتی گەورەی خۆی لە دیلۆگەکانی فیلمی "خانە سیاه است"ەوە هەڵبژاردبوو.

فروغ، لە ساڵی ١٣٤١دا، دەربارەی "ئامادەکردنی رۆژنامەیەك" جارێکی دی فیلمێکی بۆ رۆژنامەی کەیهان دروستکردو لە بەهاری ١٣٤٢دا بە مەبەستی ئامادەکردنی فیلمێك سیناریۆیەکی نووسی، بەڵام نەیتوانی فیلمەکە بەرهەم بێنێ. لەمبارەیەوە دەڵێت: "من لەم سیناریۆیەدا هەوڵم داوە ژیانی راستەقینەی ژنی ئێرانی نیشان بدەم. حەز دەکەم ئەم فیلمە لە یەکێك لە خانووە کۆنەکانی ئێراندا وێنە بگیرێت، ئەو خانووانەی کە ژوورەکانیان، یەك لە ناو یەکدان..."

فروغ، پاش ئەوەی شارەزایی تەواویی لە تەکنیكو هونەرەکاریانی سینەمادا پەیدا کرد، رووی کردە شانۆ، فروغ لە هەموو بوارە هونەرییەکاندا، تواناو بەهرەیەکی سەیری هەبوو و هەوڵی دەدا ئەم تواناو بەهرەیەی خۆی لە هەموو هونەرەکاندا بجەرپێنێ. ئەوە بوو کە لە مانگی دەی/ ١٣٤٢دا لە شانۆنامەی "شەش ئەکتەر لە تاقیبی نووسەردا"ی لویچی پیراندیللو – نووسەری بە ناوبانگی ئیتالیایی– بەشداری کردو دەورێکی

سەرکەوتوانەی بینی. دەڵێن فروغ شانۆنامەی "جانی پیرۆز"ی برنادشۆی، کە دەربارەی ژیانی جاندارکە، پاچڤە کرد بوو تا بە خۆی لەم شانۆنامەیەدا دەوری جاندارك بدینیٚ. هەروەها پاچڤەی سیاحەتنامەی هنری میللەر لە یونان دا بە ناوی "ئەستونی بەردینی ماروس" دراوەتە پاڵ فروغ، بەڵام هیچ دەقێکی چاپکراوی ئەم پاچڤانە لەبەر دەستانین و رەنگە دەستنووسەکانیشیان لە هیچ شوێنیٚ نەبن.

فروغ لە بەهاری ساڵی ١٣٤٣دا، لە دروستکردنی فیلمی "خشت و ئاوێنە"دا کە بەرهەمی کۆمپانیای "گولستان فیلم" بوو یارمەتی ئیبراهیم گولستانی داو لە هاوینی ١٣٤٣دا چوو بۆ ئەورووپاو سەری ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتالیای دا.

لە پایزی ١٣٤٤دا دوو فیلم لەمەڕ ژیانی فروغ دروست کران: یونسکو فیلمێکی نیو سەعاتی دەربارەی ژیانی وی چێکردو برناردو برتولوجی-ش، فیلمێکی چارەکە سەعاتی دەربارەی ئەو چێکرد. فروغ لە بەهاری ١٣٤٥ سەفەرێکی ئیتالیای کردو لە دووەمین فیستیڤاڵی "پڕژارو" بەشدای کرد.* (بڕوانە مجلە زن روز، ١٦/اسفند/ ١٣٤٥، و حمید شعاعی: نام اوران سینما در ایران، تهران: بی نا، ١٣٥٦).

فروغ سەرباری ئەم هەموو چالاکیە سوودبەخشانە هێشتا هەستی دەکرد کە دەیتوانی داهێنانی زیاتری هەبێت: "هەستدەکەم کە تەمەنی خۆم بە فیڕۆ داوەو زۆر کەمتر لەوە دەزانم کە دەبوایە بیزانم، رەنگە هۆیەکەی ئەمە بیٚ کە هەرگیز ژیانێکی

روناکم نەبووە. ئەو ڤیان و زەماوەندە کۆمیدیەی لە تەمەنی شازدە ساڵیمدا روویدا، پایەی ژیانی ئایندەمی هەژاند، من هەرگیز لە ژیاندا رێنوێنێکم نەبووە. هیچ کەسێك لە باری فیکری دەروونییەوە پەروەردەی نەکرد بووم. هەرچیەکم هەیە، هی خۆمە، هەرچیەکم نیە، هەموو ئەو شتانەیە کە دەمتوانی هەمبێ، بەڵام کەچرەوی و خۆ نەناسی و کوێرە کۆڵانەکانی ژیان، نەیان هێشتووە بەو شتانە بگەم."* (بروانە: نامە فروغ، ارش، شمارە ۱۳، اسفند/ ۱۳٤٥).

فروغ، هەرچەند هەوڵی دابوو لە رێگەی شیعرو فیلمسازی و شانۆوە، خۆی لە بیرکردنەوە لە کورەکەی –کە لێی دوور بوو– دوور بخاتەوە، بەڵام لە ناخا هەر لە خەمی ئەودا بوو: "من هیچ ئاواتێکی ترم لە دنیادا نییە. هەستدەکەم هەموو ئاواتەکانم هاتوونەتە دی، بەڵام دەزانم – یان وا خەیاڵ دەکەم– ئینسان ئەگەر ئاوات و ئارەزوویەکی نەبێت دەمرێت و ئەمەش بە ڕاستی ترسناکە، زۆر ترسناکە. دەترسم کوڕەکەم نەبینم، ئەمە زۆر ترسناکترە."* (بڕوانە: نامە ف. فروخزاد، مجلە روشنفکر، ۲۰/ ابان/ ۱۳٤۷).

ئاقیبەت بۆ ئەوەی جێی خاڵی کوڕەکەی لە ژیانی خۆیدا پڕ بکاتەوە، کوڕێکی بە فرزەندی هەڵگرتەوە: "سەرەنجام کاتێ لە ساڵی ۱۳٤۱دا بۆ وێنەگرتنی خانەی گولان و ئامادەکردنی فیلمی "خانە سیاە است" بۆ مەشهەد رۆیی بوو حوسێنی چکۆلەی دۆزییەوە. حوسێن منداڵێکی چکۆلەو ساوای داك و بابێکی گول

بــوو کــه لــه خانــەی گولانــدا دەگــەڵ ئەوانــدا دەژیــا. فــروغ، بە ڕەزامەندی داك‌و بابی حوسێن، حوسێنی دەگەڵ خۆیدا بۆ تاران هێنایــەوەو لــه جێگــای کــامی بــه فرزەنــدی هەڵیگرتــەوەو نــاوی نــا "ئەســفەندیار". لــه زمــانی فروغــەوە دەگێڕنــەوە کــه لەمبارەیــەوە گوتوویەتی: فیکرو خەمی کامی بە ڕۆکی بەرنەدەدام، دەیکوشتم، لــه نــاوەوە دای دەتاشــیم، کــه حوســێن هــات، ئــارامتر بوومــەوە. ئەسڵەن هەندێجار لە سیمای ئەم کوڕەدا کامی دەبینم. کاتیٚ کە دەستی دەگرم‌و یان قژی نەوازشت دەکەم هیچ بیر لەوە ناکەمەوە کە ئەمە حوسێنە یان کامی، هیچ فەرقێك ناکات، ئەوەندە دەزانم هەستدەکەم کوڕی خۆمە."* (بڕوانە: هفتەنامە بامشاد، ۳۰/مهر/ ۱۳٤۷).

له ساڵی ۱۳٤۳دا کتێبی "تولدی دیگر"ی بڵاوکردەوە، کتێبێك بــوو کــه فــروغ لەوێــدا نیشــانی دا کــه زمــانی تایبــەتی خــۆی دۆزیوەتەوەو شیعری وی لە نویٚ لە دایك بووەتەوە. بەڵام هەستی کــەماڵخوازی کــه لــەو – ولــه هــەر هونەرمەنــدێکی دی– دا هەیە، دەکاتــه کارێــك کــه ئــەم کتێبــەش تینویــەتی نەشــکێنیٚ: "مــن دەربــارەی کارەکــانی خــۆم قازیــەکی زالمــٚم... وەخــتیٚ تەمەشــای کتێبی "تولــدی دیگــر" دەکــەم. بــەروبوومی چــوار ســاڵی ژیــان! (۱۳۳۸– ۱۳٤۲) زۆر کەمە. من تــەرازووم بە دەستەوە نەگرتووەو شیعرەکانی خۆم کێشانە ناکەم، لیٚ چاوەڕوانی لەوە زیاتر بووم‌و هــەم. شــەویٚ کــه دەمــەویٚ بخــەوم لــه خــۆم دەپرسم: ئەمڕۆ چیت کــردووە؟ دەمــەویٚ بڵێم عــەیبی کــاری مــن لەمەدایــه کــه دەکرا زۆر

باشتر بێت و زۆر خێراتر گەشە بکات، بەڵام من لە بری ئەوەی کۆمەکم کردبێت، ڕێگەم گرتووە، بە تەمەڵی و فیپۆدان، بە بێ موبالاتی و ڕەشبینی فەیلەسوفانەی هیچ و ساردبوونەوەی زادەی بیر تەسکی و گەوجانە دەربارەی ژیان. عەیبی کاری من لەمەدایە کە هێشتا هەموو ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵێم ناتوانم بیڵێم. من تەمەڵم، زۆر تەمەڵم، هەمیشە لە لایەنە ئیجابیەکانی بوونی خۆم هەڵدێم و خۆم بە لایەنە نەرێنییەکان دەسپێرم.

من تەمەنم سی ساڵەو سی ساڵ بۆ ژن، تەمەنی کەماڵە، بە هەرحاڵ جۆرە کەماڵێکە. بەڵام نێوەڕۆکی شیعری من سی ساڵە نییە، گەنجترە. ئەمە گەورەترین عەیبی کتێبەکەی منە. پێویستە بە هوشیاری و هۆشمەندییەوە بژی، من کەسێکی شەپرێوو مشەوەش بووم، پەروەردەیەکی فیکری بنەما دروستم نەبوو، خوێندنەوەم پەراگەندە بووە، پچڕ پچڕ ژیاوم و ئەنجامەکەشی ئەمەیە کە درەنگ بێدار بوومەتەوە - ئەگەر بشێت ئەم قسانە بە بێداری دابنرێت- من هەمیشە باوەڕم بە دوا شیعرم لە هەر شیعرێکی ترم زیاترە. ماوەی ئەم باوەڕەش زۆر کورتە، ئیدی بێزار دەبم و هەموو شتێکم ساویلکانە دێتە بەرچاو.

من چەندین مانگە کە لە کتێبی "تولدی دیگر" جیابوومەتەوە. وێڕای ئەمەش پێموایە دەشێت لە بەشی کۆتایی شیعری "تولدی دیگر"ەوە دەست پێبکەم، جۆرە دەستپێکردنێکی فیکری، هەستدەکەم دەتوانم "پری غمگینی کە در اقیانوسی مسکن داردو

Scanned by CamScanner

دلش در يك نى لبك چوبين من نوازد" بكەم بە سەرەتايەك."* (بڕوانە: حرفهاى بافروغ، ص٣٩ و ٤١ و ٤٢).

فروغ بە كتێبى تەواو نەكراوى "ايمان بياوريم بە اغاز فصل سرد" – كە دواى كۆچى دوايى فروغ بڵاوبووەوە- ئەو سەرەتايەى دامەزراندو توانى بەم كارەى تەنانەت شاعيرانى گەورەى سەردەمى خۆى سەر سام بكات: "شيعرى فروغى فەروخزاد بەلاى منەوە شتێكى ترە، شيعرى فروغ هەندێجار لە نۆرينى منا شێوە پەڕجوويەك پەيدا دەكاتو من ئەو لە چوارچێوەى پێوەرێكى جيهانيدا، بە يەكێك لە شاعيرانى بەرجەستەى ئەم رۆژگارە دەژمێرم. گەلێك لەو شاعيرە ناودارانەى جيهان كە گوايە لەقەبى "گەورەترين"يان بە دواوەيە – بە باوەڕى من– هێشتا زۆريان ماوە بگەنە ئاستى فروغ. زۆر جار رێكەوتووە كە سەرم لە پارچە شيعرێكى فروغ سوڕماوەو، يان تا درەنگانێ ئەوسا توانيومە باوەڕى پێبكەم."* (بڕوانە: مصاحبه على اصغر ضرابى با احمد شاملو، مجله فردوسى، فروردين/ ١٣٤٥).

لێ خەڵكانێكيش هەبوون كە شيعرى فروغيان پێ قووت نەدەچوو. زمان درێژانێ كە هەموو هونەرێكيان لە زەخمى زمانياندا پەنهان بوو: "رەوشى ئەدەبيات وەكو جارانى خۆى بوو، چەنەبازيەكى زۆرو قسەكردنى ناپەسندو بێهودەو بڕێكى كەم كاركردن... من دڵم تێكهەڵدێو ئەوەندەى بتوانم هەوڵدەدەم خۆم لە پڕتەوى ئەم پێوەرو ئامانجە گەوجانەو سواوو بازاڕيانە دوور دەگرم. من بير لە دنيا دەكەمەوە، هەرچەندە ئومێدى دنيايى بوون

زۆر کەمەو لە نرخی نەبوودایە، بەلام باشیەکەی ئەمەیە کە ئینسان لە سنووورداری و چوارچێوەی ئەم ژینگە سێ بە چوارەو لەم مرداوی کرمانە رزگار دەکات. هەر نەبێ لە داوەری بنکەو مەڵبەندە بچووکە هونەرییەکانی ئەم مەملەکەتە -کە بەدبەختانە تێ پەڕیوە- ناترسێت، و تەنانەت پێکەنینیشی پێی دێت."*
(بڕوانە: نامە فروغ، دفترهای زمانە، بهمن / ١٣٤٦، ص٢٨).

لەم ساتانەدایە کە فروغ وەکو پێویستییەکی پێویست، وەکو پێویستی ئینسان بە هەوا، بیر لە شیعر دەکاتەوەو، ئەگەر شیعر لە ئاستی پێویستی هەوا بۆ ئینسان نەبوایە، ئایا ئەو، هەموو ژیانی خۆی فیدای شیعر دەکرد؟ لەم ساتانەدایە کە دەگەڵ هەر شیعرێکدا، دەستبەرداری بەشێکی گیانی خۆی دەبێت و بە شیعرەکەی دەبەخشێت: "شیعر بۆ من پێویستیە، پێویستیەکی بالاتر لە خواردن و خەوتن، شتێکە وەکو هەوا بۆ هەناسە. مەبەستم ئەمەیە کە ئەم پێویستیە بۆ من زەرورەتێکە ناتوانم دەسبەرداری بم. شیعر لە منا بڵاوبووەتەوە، سەردەمانێك من ئەم بوونەوەرەم دەگەڵ شتەکانی دیدا، لە شێوەی شتێکی مجەڕەداو لە دەرێی خۆمدا وێناو تەسەور دەکرد، نها مودەتێکە هاتووەتە ناومەوە، یانی منی فەتح کردووەو لەبەر ئەمە من لە شیعر جیانیم. "ئەو کاتانە -واتە پێش ساڵی ١٣٤٢- باوەڕم بە شیعر نەبوو، کە دەڵێم باوەڕم نەبوو، ئەمەش چەند قۆناغێکی هەیە. سەردەمانێ بوو کە من شیعرم بە جۆرە سەرگەرمی و خۆشیەك دەزانی، وەختێ لە سەوزە پاککردن دەبوومەوە، بەدەم گوێ

خوراندنەوە دەمگوت: ئیٚ، با بڕۆم شیعرێک بڵێم. پاشان زەمانێکی دی هاتە پێشەوە هەستم دەکرد ئەگەر شیعر بڵێم شتێکم بۆ زیاد دەبێت. ئێستا ماوەیەکە کە هەرکاتیٚ شیعر دەڵێم پێموایە شتێکم لیٚ کەم دەبێت، یانی شتێك لە خۆم دەبڕم و دەیدەمە خەڵکانی دی. بەمجۆرەیە کە شیعر بۆ من بووە بە کارێکی جدیو حاڵی حازر تاسووبێکی زۆرم بۆی هەیە. زەمانێك کاتیٚ کە شیعرم دەگوت گاڵتەم بە شیعرەکانی خۆم دەکرد، لیٚ ئەمێستا ئەگەر گاڵتە بە شیعری خۆم بکەم تووڕە دەبم، چونکە زۆرم خۆشدەویٚ. زەحمەتێکی زۆرم کێشا تا توانیم ئەم شتە غەریبە کێویە بۆ خۆم کەوی و رام بکەمو پاشان زەحمەتێکی زۆرم کێشا کە بیخمە ناو خۆمەوە، ئاوێتەی ببمو ئالکاوی یەکدی ببین، بە جۆریٚ ئاوێتەی یەکدی ببین کە جیاکردنەوەمان ئاسان نەبێت."* (بڕوانە: مصاحبه صدرالدین الهی با فروغ، مجله سپیدو سیاه، اسفند/١٣٤٥).

گوتراوە شیعری فروغ، دەنگی ژنی گەمارۆدراوی سەدان ساڵە، بەڵام ئەمە شتێك بوو کە تەنانەت خودی فروغیش هیچ حیسابو ئیحتوبارێکی بۆ نەدەکرد، شیعری ئەو چەند رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئازاری ژنی رۆژگارو سەردەمی خۆیەتی، دەشێت رەنگدانەوەی دەردو ئازاری پیاویش بێت: "ئەگەر شیعری من کەمێك شەقڵو حاڵەتی ژنانەی لە خۆ گرتبیٚ، ئەمە زۆر ئاساییە چونکە بە خۆم ژنم، من خۆشبەختانە بابایەکی ژنم، بەڵام ئەگەر مەسەلە بێتە سەر هەڵسەنگاندنی بەهای هونەری، پێموایە هەنگیٚ

Scanned by CamScanner

مەسەلەی جێندەرو رەگەز هیچ رۆڵێك نابینیٚ. تەرح كردنی ئەم مەسەلەیە لە بنەڕەتدا دروست نییە، ئاساییە كە ژن بە هۆی هەلومەرجی فیزیولوجی بەدەنی، هەستەوەری و دەروونی خۆیەوە، گرینگی بە هەندیٚ مەسەلان بدات كە لەوەیە بۆ پیاوو بەلای پیاوەوە خەم نەبێت و، راو بۆچوونێك لەمەڕ هەندیٚ پرسان بدات كە لە ڕاوبۆچوونی پیاو جیاواز بێت. من پێموایە ئەو كەسانەی كە كاری هونەری بۆ گوزارشتكردن لە بوونی خۆیان هەڵدەبژێرن ئەگەر قەرار بیٚ رەگەزی خۆیان بكەن بە مەرزو ئاقاری كارە هونەرییەكەیان، پێموایە هەمیشە لەو چوار چێوەو مەرزەدا دەمێننەوەو ئەمەش بە ڕاستی كارێكی دروست نییە. من ئەگەر وا بیر بكەمەوە چونكە ژنم، كەواتە دەبیٚ هەموو كاتیٚ سەبارەت بە ژنایەتی خۆم قسان بكەم، ئەمە نەك هەر وەكو شاعیرێك بەڵكو وەكو بەشەرێكیش، نیشانەی وەستانە، جۆرە لە نێوچوونێكە، چونكە ئەوەی گرینگە، ئەوەی كە مەسەلەیە، ئەمەیە كە بنیادەم لایەنە ئەرێنییەكانی بوونی خۆی بە جۆریٚ پەروەردە بكات كە بگاتە ئاستێك لە بەها مرۆڤانیەكان. ئەسڵی مەسەلەكە بنیادەمە، ژنو پیاو لە ئارادا نییە. بە هەر حاڵ من وەختیٚ شیعر دەڵێم ئەوەندە گویٚم لەم بابەتە نییەو ئەگەر بێتە ئاراشەوە، بە شێوەیەكی نا ئاگایانەیە، خۆڕسكە."* (بڕوانە حرفهای بافروغ، ص ٢١ و ٢٢).

ئەو دەردەی كە لە شیعری فروغ دا شەپۆل دەدا، برینی زاركراوەی ئینسانی رۆشنبیری سەردەمی ئەوە، ئینسانێك كە لە

Scanned by CamScanner

پاش شۆڕشی پیشەسازی، لەسەر چوار ڕیانی زەوال و نەمانی بەهاکان ڕاوەستاوەو هێندەی سزای دژوارو سەخت کێشاوە کە ئەو پەیڤە پیرۆزە لە هزرو بیری هەڵاتووە !و فروغ کە شیعر دەڵێت بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەم زەواڵ و نەمانەیەو بەرخودانە لە هەنبەر زەواڵێکی گەورەتر کە مەرگە: "لە زەمانێکدا دەژین کە تێکڕای چەمك و پێوەرەکان خەریکن ماناکانی خۆیان لە دەست دەدەن و خەریکن - نامەوێ بڵێم بێ بایەخ دەبن- لە حاڵی لەق بووندان.... دنیای دەرەوە ئەوەندە ئاوەژووە کە نامەوێ باوەڕ بکەم.

من ناتوانم ئەوە روون بکەمەوە کە بۆچی شیعر دەڵێم. پێموایە هەموو ئەوانەی کە کاری هونەری دەکەن، هۆیەکەی - یا بەلای کەمەوە یەکێك لە هۆیەکانی- جۆرە پێویستیەکی نا ئاگایانەیە، بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەو دژایەتی فەوتان و نەمان. ئەمانە (ئەهلی هونەر- وەرگێڕ) خەڵکانێکن کە ژیانیان زیاتر خۆشدەوێ و تێی دەگەن و هەروەها لە مەرگیش دەگەن. کاری هونەر جۆرە هەوڵێکە لە پێناوی نەمریدا یان جاویدانە کردنی "خود"و سڕینەوەی مانای مەرگ.

هەندێجار بیردەکەمەوە راستە کە مەرگیش یەکێکە لە یاساکانی سروشت، لێ بنیادەم تەنیا لە هەنبەر ئەم یاسایەدا هەست بە بێدەسەڵاتی و بچووکی دەکات. مەرگ، مەسەلەیەکە هیچی لەگەڵدا ناکرێت، تەنانەت ناکرێت خەبات لە پێناوی لە نێو بردنیشیا بکرێت، فایدەی نیە، دەبێ ببێت، زۆریش باشە. ئەمە

Scanned by CamScanner

راڤەو شرۆڤەیەکی گشتیە کە لەوەشە گەوجانە بێت."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٨، ٥٧، ٤٧، ٤٨).

"هەندێجار بیردەکەمەوە کە بە جێهێشتنی ئەم ژیانە بۆ من لە چاو تروکانێکا ئاساییە، چونکە دڵم بە هیچ شتێکەوە نییە. مرۆڤێکی بێ رەگو ریشەم، تەنیا خۆشەویستییە کە دەمپارێزێ، بەڵام فایدەی چیە؟"* (بڕوانە: مجلە فردوسی، ٢٧/مرداد/١٣٤٨). ئەم زەواڵو نەمانە شتێکە کە دەڕوانێتە هەموو جێیەک لەبەر چاوی ئەوە، تەنانەت ئاوێتەی ڤیانە گەورەکەی ئەوە!:

به جۆرێ ئالودەیە
ئەشقی غەمناکم بەترسی زەواڵ
کە هەموو ژیانم دەلەرزێنێ*
(بڕوانە: تولدی دیگر، شیعر "گزران" ص١٨).

هەروەها دڵە خورپەی وێرانی، هەر ساتێکی خۆشبەختی ئەو تەڕی نائومێدی دەکات:

در شب کوچك من دلهره ویرانی ست
گوش کن
وزش ظلمت را می شنوی؟
من غەریبانە به این خوشبنجتی می نگرم
من به ئومیدی خود معتادم
گوش کن
وزش ظلمت رامی شنوی؟*
"بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٣١).

Scanned by CamScanner

***

له شه‌وی بچووکی منا دڵه خورپه‌ی وێرانییه

گوێ بگره

هه‌ڵکردنی تاریکی ده‌ژنه‌وی؟

من غه‌ریبانه ده‌ڕوانمه ئه‌م خۆشبه‌ختییه

من خووم به نا ئومێدی خۆمه‌وه گرتووه

گوێ بگره

گوێت له شنه‌و هه‌ڵکردنی تاریکی هه‌یه؟

***

ئه‌م ترس‌و نیگه‌رانییه له وێرانی، له هه‌موو جێیه‌ك ده‌بینیٚ، ئه‌م نیگه‌رانییه له مانگا ده‌بینیٚ‌و له‌سه‌ربانی ژووره‌که‌شیا نه‌مان‌و زه‌واڵ هێلانه‌ی کردووه‌و ترسی هه‌ره‌س هێنان‌و داڕوخانی هه‌یه:

در شب اکنون چیزی می گزرد

ماه سرخ است‌و مشوش

و براین بام که هر لحظه در او بیم فرو ریختن است

ابرها، همچون انبوه عزاداران

لحظه باریدن را گوییی منتظرند.*

(بڕوانه: هه‌مان سه‌رچاوه، ل٣١).

***

Scanned by CamScanner

له شەوا ئێستاشتێك دەگوزەرێ
مانگ سوورەو شێوپاگ
و لەم سەربانە كە ترسی ئەوەی لێدەكرێ
لە هەر ساتێكا هەرەس بێنێ
هەوران، وەكو ئاپۆڕای تازیەداران
لە تۆ وایە چاوەڕوانی دەمی بارینن.

***

لەم جیهانەدا كە لە بەرانبەر ئینسانی رۆشنبیری سەردەم، شكۆی كۆنكریتی هەموو ژیانی گرتووەتەوە ئایا لوتكەو بەرزییەك هەیە تا بدرێتە چاو تا بیگەتێ، لە كاتێكا ترسی زەوالّ لە هەر زەڕەیەكدا هێلانەی كردووەو مەرگ بەو دەمو زارە ساردو هەلّ لوشەرەی خۆیەوە هەموو ساتێك مرۆڤ بەرەو لای خۆی بانگ دەكات؟ فروغ ڤەبێژی (ڕاوی) ئەم ترسەی مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی:

تمام روز، تمام روز

رهاشده، رهاشده چون لاشه اَی بر اب

به سوی سهمناکترین صخره پیش میرفتم

به سوی ژرفترین غارهای دەریایی

و گوشتخوارترین ماهیان

و مهرەهای نازك پشتم

از حس مرگ تیر کشیدند.

کدام قله؟ کدام اوج؟

مگر تمامی این راههای پیچاپیچ

در ان دهان سرد مکنده

به نقطهء تلاقی و پایان نمی رسند؟*

(بڕوانە: تولد دیگر- شعر "وهم سبز"، ص ١١٩).

***

تەواوی رۆژ، بە درێژایی رۆژ

وێڵ، وێڵ وەکو لاشەی سەر ئاو

بەرەو ترسناکترین تاوێر دەڕۆیشتم

بەرەو قووڵترین غارێن دەریایی

گۆشت خۆرترین، دڕندەترین ماسیان

و بڕ بڕە ناسکەکانی پشتم

بەدەم هەستی مەرگەوە

تەزوویان پێدا هات

کام قوللە؟ کام لوتکە؟

مەگەر هەموو ئەم رێگا پێچاو پێچانە

لە نێو ئەو زارە ساردە هەڵ لوشێنەرەدا

ناگەنە خاڵی یەکانگیریو کۆتایی؟

***

Scanned by CamScanner

بۆیە خاك بۆ ئەو، لای ئەو دەبێ بە رەمزی هێوریو ئارامی، رەمزی مەرگو ئاوێتە بوون بە خاك:

امروز، روز اول دی ماه است
من راز فصل ها من دانم
و حرف لحظه ها می فهمم
نجات دهنده در گور خفتەست
وخاك، خاك پزیرنده
اشارتی ست بە ئارامی.*
(بڕوانە: ایمان بیاوریم بە اغاز فصل سرد، ص٢٤).

ئەمڕۆ، رۆژی یەکەمی دەی مانگە
من نهێنی وەرزەکان دەزانم
پەیڤی ساتەکان تێدەگەم
فریارەس لە گۆڕا نوستووە
و خاك، خاکی پەزێرا
ئاماژەیەکە بۆ ئارامی
***

فروغ جارێکیش رێگەی گەییشتن بە خاکی پەزێرای تا نیوە بڕی بوو، بەڵام دەستی تەقدیر جارێکی دی بۆ "جیهانی بێ موبالاتی فکرو پەیڤو دەنگانی کە لە لانەی ماران دەچن" گێڕا بووەوە: "پێنج شەش ساڵ لەمەپێش (١٣٤١- ١٣٤٢) فروغ

Scanned by CamScanner

جارێك هەوڵی خۆکوژی دا. یەك پاکەت حەبی گاردنالی لە یەو جێ قووت دا. ئێوارە بوو کە کارەکەرەکەی پێی زانی و ئیدی بۆ نەخۆشخانەی ئەلبورزیان برد، کاتێ گەیینە نەخۆشخانە فروغ بێهۆش بوو، کاتێ کە لە مەترسی مەرگ دەرباز بوو، چەندمان لێ پرسی کە بۆچی ویستویەتی خۆی بکوژێت، تاقە وشەیکی نەدرکاند، بەڵام کارەکەرەکەی پێی گوتین کە ئەو رۆژە دەگەڵ گولستاندا بەشەڕ هاتبوو و فروغ دوای ئەو قەرقەشەو گەنگەشەیە حەبەکانی خوارد. فروغ رەوشی دەروونی جیاوازی هەبوو، هەموو مانگێك دوو سێ جار تووشی قەیرانی دەروونی دەبوو کە لەم رۆژو حاڵانەدا لە هەموو کەس و لە گشت شتێك هەڵدەهات. دەرکەی ژوورەکەی لە خۆی دادەخست و دەگریا."* (بڕوانە: پوران فروخزاد، هفتەنامە بامشاد، ابان / ١٣٤٧).

فروغ، لە یەکێك لەم گۆشەگیریانەی خۆیدا نووسیویەتی: "زەینم مشەوەشەو دڵم تەنگەو تاقەتم لە تەمەشاڤانی چووە، هەر کە بۆ ماڵ دەگەڕێمەوەو بە تەنێ دەگەڵ خۆمدا دەبم، لە پڕ هەستدەکەم سەرانسەری رۆژەکەم بەسەرگەردانی و وێڵی لە نێو دنیایەك شتدا کە هی من نین و رەوتەنین بە فیڕۆ چووە. لە نێو ئەم هەموو ئاپۆرای خەڵکە جۆراو جۆرەدا ئەوەندە هەست بە تەنیایی دەکەم کە هەندێجار گریان لە ئەوکمدا پەنگ دەخواتەوەو خەریکە شەق دەبات."* (بڕوانە: نامە فروغ ارش، ش ١٣/اسفند/ ١٣٤٥).

دڵتەنگی و تەنیایی فروغ کۆتایی نەبوو: "دڵم تەنگە... گیراوە... گیراوەو لێرە زۆر تەنیا کەوتومەتەوە. ئێوەش هەمووتان رۆییون،

دایکم هەمیشە خەفەتبارەو باوکم مەگەر تەنیا سڵاوی لێ بکەی. ئێستاش کە ئێستایە هەندێجار دادەنیشم و دەگریم."* (بڕوانە: نامەی فروغ، مجله فردوسی ۲۷/ مرداد/ ۱۳٤۸).

فروغ وێڕای ئەوەی گەیی بووە لوتکەی کەماڵ، بەڵام وەکو گەلێك لە هونەرمەندان، باری مادی ژیانی لەوە کەمتر بوو کەلایەنی کەمی پێویستیەکانی ژیانی پێ دابین بکرێت: "لە بارێکی دارایی خراپدا دەژیم. زۆر جار لە ناوەڕاستی مانگدا تاقە پوڵێکم پێ نامێنێ و کەسێکم نیە کە کۆمەکم بکات. ئێستا ناوەڕاستی زستانەو من هێشتا سۆپام نییە. ئەوەندە تەنیام وەکو سەگ کار دەکەم. ژیان ئەمەیە... هەمیشە تەنیایت و تەنیایی دەتخوات و دەت هاڕێت. من زۆر تێك شکاوم و قژم سپی بووەو بیری ئایندە خەفەم دەکات."* (بڕوانە: نامەی فروغ، مجله فردوسی، ۲۷/ مرداد/ ۱۳٤۸). "کێ دەزانێ کە فروغ بە ڕاستی چی بوو و کێ بوو؟ چ کەسێك جگە لەو سێ چوار کەسەی کە هەمیشە لەگەڵی بوون، گریەو حاڵاتە خەمناکەکانی ئەویان دیتبوو؟ کێ دەیزانی کە فروغ بە هەفتان نەخۆش دەبوو، لە جێدا دەکەوت و پارەی دکتۆرو دەواو دەرمانی نەبوو یان لە زستاندا، ئاگری سوپاکەی لە نیوەی هەر مانگێکدا لەبەر بێ نەوتی و بێ پارەیی دەکوژایەوە؟ فروغ، ئەو پارەیەی کە دەبوایە نەوتی پێ بکڕێ، بۆ خەرجی خوێندنی منی لە ئەڵمانیا، دەنارد یان خەرجی ئەو منداڵەی دەکرد کە لە خانەی گولان هێنابووی و بە فرزەندی هەڵی گرتبووەوە، یان دەیدا بە خەڵکانێك کە لەو دەست کورترو ئاتاج

Scanned by CamScanner

تر بوون. دوای ئەوە، بە سەعاتان‌و رۆژان بە تاقی تەنیا لە ژووری داخراودا دەمایەوە، بیری دەکردەوە، شیعری دەنووسی‌و لە شیعردا ژیانی خۆی بەرجەستە دەکرد. لە زۆربەی نامەکانیا ئەم رستەیە بەرچاو دەکەوت: ئێوە هەموو رۆییشتوون‌و من لێرە بە تاقی تەنیا ماومەتەوەو خەریکە لە تەنیاییدا دەمرم."* (بڕوانە: ف. فروخزاد، مجله فردوسی، بهمن/ ١٣٤٨).

هەرچەندە فروغ لە دوا قۆناغەکانی ژیانیا، لە رێگەی کاری سینەماییەوە سووکە خۆشگوزەرانیەکی بە دەست هێنا بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش – بە پێچەوانەی گەلێك لە ژنانی هاو رۆژگاری خۆی- بایەخی بە مادیات‌و کەمالیات نەدەداو حەزی لە سادەیی دەکرد: "سەرو وەزعی ڕواڵەتی بەلاوە گرینگ نەبوو. جل‌و بەرگی سادەو ئاسایی لەبەر دەکرد. موستیلەو بازنی لە دەست نەدەکرد. ئەم کارانەی بە بچووك دەزانی."* (بڕوانە: سخنان امیر مسعود فروخزاد در مصاحبه با روزنامه کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٥٣). "ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە پارە بوو. کاتیٚ کە مرد، هەموو موڵك‌و ماڵەکەی بریتی بوو لە سی‌و حەوت تمەن‌و هەشت ڕیاڵ‌و پاکەتێك جگەرە."* (بڕوانە: سخنان ف. فروخزاد در مصاحبه با روزنامه کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٥٣). بەڵام فروغ سادەیی‌و ساکاری‌و خاکێتی خۆی ئاوێتەی سەلیقەی هونەرمەندانەی خۆی دەکردو جیلوەیەکی تایبەتی بە ژیانی خۆی دەدا: "ماڵەکەی زۆر چاك‌و بە سەلیقەو کەمێك رۆشنبیرانە رازاندبووەوە، دیار بوو ماڵەکەی خۆش دەویست. هۆڵی میوانەکەی بچووك بوو و شتی

ناسک‌و بچووکی توحفه‌ی تیادا ده‌بینرا. یه‌ک دوو تابلۆی شێوه‌کاریشی به‌ دیواره‌کانه‌وه‌ هه‌ڵواسی بوو که‌ بیرم نه‌ماوه‌ به‌رهه‌می کێ بوون."* (بڕوانه‌: م. ازاد، هفته‌نامه‌ بامشاد، ۱۹/ شهریور/ ۱۳٤۷).

فروغ به‌ خۆیشی ده‌ستی نیگارکێشی هه‌بوو: "زۆر باش‌و به‌ ئاسانی له‌ نیگارکێشی ده‌گه‌یی‌و هه‌ستی پێده‌کرد. شاره‌زاییه‌کی باشی له‌ ڕه‌نگدا هه‌بوو و له‌ سکێچ کاریدا به‌ ده‌سه‌ڵات بوو. یه‌ک دوو مانگ پێش مردنه‌که‌ی، دووباره‌ زه‌وقی نیگارکیشی په‌یدا کردبووه‌وه‌. بۆیه‌ی زه‌یتی کڕی‌و دوو تابلۆی کێشا که‌ یه‌کێکیان پورترێتێکی حوسینه‌ – منداڵی دایکێکی گول- که‌ فروغ به‌ فرزه‌ندی هه‌ڵی گرتبووه‌وه‌."* (بڕوانه‌: مجله‌ زن روز، ۱٦/ اسفند/ ۱۳٤٥).

فروغ له‌ بواری موسیقادا، جگه‌ له‌ مۆسیقای ڕۆژاوایی میانه‌یه‌کی تایبه‌تی ده‌گه‌ڵ مۆسیقای ئێرانیدا هه‌بوو: "موسیقای ئێرانیم له‌به‌ر خه‌مینی‌و خه‌مبارییه‌که‌ی خۆش ده‌وێ. من به‌ ته‌بیعه‌ت خه‌م دۆستم‌و له‌زه‌ت له‌ ره‌نج‌و په‌ژاره‌ ده‌بینم."* (بڕوانه‌: نامه‌ فروغ، مجله‌ خوشه‌، نوروز/ ۱۳٤٦).

* * *

Scanned by CamScanner

فروغ له ئاستانەی وەرزی ساردا:

فروغ، دوای ئەوەی قۆناغی یاخی بوونی بڕی، هەنووکە ژنێکە سی سالان، ڕۆژانی ڤیان و ئەڤینداری شێتانە ئیدی تەواو بوون و هەنووکە ژنێکە تەنیا:

ان روزها رفتند
ان روزها مثل نباتاتی که در خورشید می پوسند
از تابش خورشید، پوسید ند
و گم شدن ان کوچەهای گیج از عطر اقاقی ها
در ازدحام پر هیاهوی خیابانهای بی برگشت
و دختری که گونەهایش را
با برگهای شمعدانی رنگ می زد، اه
اکنون زنی تنهاست
اکنون زنی تنهاست.*

(بڕوانە: تولدی دیگر، شعر "ان روزها"، ص ١٥و ١٦).

***

Scanned by CamScanner

ڕۆییشتن ئەو ڕۆژانە
ئەو ڕۆژانەی چوون ڕوەکان لە هەتاوا سیس دەبن
لە تیشکی خۆرا، دەژاکێن، دەچرمسن
کوچەو کوڵانانی مەستو گێژی بۆنی ئاقاقیا
لە جەنجاڵی، پڕ هەراو هەنگامەی شەقامانی بێ
گەڕانەوەدا ون بوون.
و ئەو کیژەی کە گۆناکانی
بە گەڵای شەمانی دەڕەنگاند، ئاه
هەنووکە ژنێکە تەنیا
هەنووکە ژنێکە تەنیا.

***

ئەو ڕۆژانە ڕۆییشتن، هەنووکە ئەو و تەنیایی ماونەتەوە:
واین منم
زنی تنها
در استانه فصل سرد
در ابتدای درك هستی الوده زمین
ویأس سادەو غمناك اسمان
و ناتوانی این دستهایی سیمانی*
(بڕوانە: ایمان بیاوریم بە اغاز فصل سرد، شیعر "ایمان بیاوریم، ص ٢٣).

***

ئەمە منم
ژنێکی تەنیا
لە ئاستانەی وەرزێکی ساردا
لە سەرەتای دەرکی بوونی ئالودەی زەوی
و نائومێدی سادەو غەمناکی ئاسمان
و بێ توانایی ئەم دەستە کۆنکریتیانە.

** *

ئەنجام لە ئاستانەی سی و دوو ساڵیدا بیر دەکاتەوە: "خۆشحاڵم کە قژم سپی و نێوچەوانم چرچ بووەو دوو چرچی گەورە کەوتوونەتە نێوان برۆکانمەوە. خۆشحاڵم کە ئیدی خەیاڵاوی و خۆشخەیاڵ نیم. ئیدی خەریکە دەبم بە سی و دوو ساڵ، هەرچەندە کە سی و دوو ساڵی دەکاتە بەڕێ کردنی سی و دوو ساڵی تەمەن و چوون بەرەو کۆتایی، بەڵام لە قەرەبووی ئەوەدا خۆم دۆزیوەتەوە."* (بڕوانە: نامە فروغ، ارش، ش ۱۳/اسفند/ ۱۳٤٥). بەڵام هەستی تەنیایی و بێهودەیی گیانی پڕدەکات، ئەوجا دەگەڕێتەوە بۆ یادگاریانی ژیانی سەرڕێژ لە ناڵین خۆشبەختی و سروودی ئامانێن مسین، هەنگێ بیر نەکردنەوە لە پێشکەوتن و ئالوودەبوون بە نائومێدی خۆی کە هەموو کاتێ ڕۆچوون لە یادی ئەودا زندوو دەکاتەوە:

Scanned by CamScanner

کام قوللە، کام لوتکە؟
پەنام بدەن ئەی کوانگانی پڕ ئاگر - ئەی نالێن خۆشبەختی-
وئەی سروودی ئامانێن مسین لە ناڕەواکاری موبەقدا
و ئەی ئاوازی خەمناکی چەرخی خەیاتی
و ئەی شەڕی رۆژو شەوی فەرش و گسکان
نەمدەتوانی، ئیدی نەمدەتوانی
دەنگی پێم لە ئینکاری رێگاوە هەڵدەستا
و نائومێدیم لە سەبرو هەدای روحم بەرینتر بوو بوو
و ئەو بەهارە،و ئەو وەهمە سەوزە
کە بە بەر دەرکەدا دەڕۆیی بە دڵی دەگوتم:
"تەماشاکە
تۆ هیچ کاتێ نەچوویتە پێشێ
تۆ رۆچوویت،
***

Scanned by CamScanner

کدام قله، کدام اوج

مرا پناه دهید أی اجاقهای پر اتش —أی نعلهای خوشبختی-

وای سرودی ظرفهای مسین در سیاهکاری مطبخ

وای ترنم دلگیر چرخ خیاطی

وای جدال روزو شب فرشهاو جاروها

نمی توانستم، دیگر نمی توانستم

صدای پایم از انگار راه برمی خاست

و یأسم از صبوری روحم وسیع تر شده بوو

وان بهار، وان وهم سبز رەنگ

که بر دریچه گزر داشت با دلم می گفت:

"نگاکن

تۆ هیچگاه پیش نەرفتی

تو فرو رفتی.*

(بروانه: تولدی دیگر، شعر "وهم سبز" ص ۱۲۱و ۱۲۲).

***

Scanned by CamScanner

بەو جۆرە هەموو بوونی خۆی وەکو نیشانەیەکی تاریکی دەبینێ‌و دوای ئەوە، ئەندێشەو بیری زەواڵ و بێهودەیی و ئەوسا مەرگ زەینی پڕ پڕ دەکات:

من سردم است و می دانم

که از تمامی اوهام سرخ یك شقایق وحشی

جز چند قطر خوٚن

چیزی به جا نخواهد ماند.

ما مثل مردەها هزاران هزار ساله بهم می رسیم وانگاه

خورشید برتباهی اجساد ما قضاوت خواهد کرد*.

(بڕوانە: ایمان بیاوریم بە اغاز فصل سرد، شعر "ایمان بیاوریم...." ص٢٨- ٢٩).

***

من سەرمامەو دەزانم

کە لە تێکڕای وەهمە سورەکانی لالەیەکی کێوی

جگە لە چەند دڵۆپە خوێنێك

هیچی دی نامێنێتەوە

ئێمە وەکو مردوان هەزاران هەزار ساڵە بە یەك دەگەین‌و ئەوساش

خۆر قەزاوەت لەسەر فەوتانی جەستەمان دەکات.

خاکی پەزیرا ئاماژەیەکە بۆ ئارامی:

"من هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی دیکەم لە دنیادا نیە. هەست دەکەم گشت ئاواتەکانم هاتوونەتە دی، لێ دەزانم، یا لەوەیە پێموابێ، بنیادەم ئەگەر ئاوات و ئارەزوویەکی نەبێ، دەمرێت و ئەمە بە ڕاستی ترسناکە، زۆر ترسناکە. دەترسم کوڕەکەم نەبینم، ئەمەیان زۆر ترسناکترە."* (بڕوانە: نامە فروغ، مجلە روشنفکر، ٢٠/ابان/ ١٣٤٧).

"هەندێجار هزر دەکەم کە بە جێهشتنی ئەم ژیانە بۆ من لە چاو تروکانێکا مومکینە، چونکە دڵبەندی هیچ شتێك نیم."* (بڕوانە: نامە فروغ، مجلە فردوسی، ٢٧/مرداد/ ١٣٤٨). و پێشتر گوتبووی: "دەترسم زووتر لەوەی تەسەوری دەکەم بمرم و کارەکانم بە تەواونەکراوی بمێنن."* (بڕوانە: هەمان سەرچاوە).

سەرەنجام ڕۆژی کۆتایی ژیانی فروغ (دوو شەممە، ٢٤/ بهمن/ ١٣٤٥) هات: "دوا ڕۆژ کە پێکەوە فراڤینمان خوارد سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو. من هەستام تا بچم بۆ سەر کاری خۆم. ویستم ئەویش بگەیەنم. گوتی: تۆ ئەوەندە هێواش داژۆیت کە ئینسان بێ تاقەت دەبێ. دوایی بە ئوتومبیلێك ڕۆیی کە لە ستودیۆوە ناردبوویانە دووی..."* (بڕوانە: سخنان محمد فروخزاد در مصاحبە با کیهان، ٢٤/ بهمن/ ١٣٥٣).

فروغ لە ژیانا شەیدای "خێرایی" بوو: "مەسەلەی خێرایی بۆ من شت بوو. وەك بڵێی ئەم خێراییە وەڵامی خامۆشی و قەیرانی من بێت و سوکناییەکم پێ ببەخشێت. کاتێ بە خێرایی دەچمە

پێشیٚ، ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوەو ئەمەم لە گیان خۆشە. هەستدەکەم باری مەسئولەتێکی قورس لەسەر شانم هەڵدەگیرێت. خۆم لەو ڕەوشە رزگار دەکەم کە بەپەلە بۆ پێشەوەم دەبات و ئەم ریٚ برینە، بۆ من جۆرە حاڵەتێکی نەفەس تازەکردنەوەی هەیە."*

(بڕوانە: خاطرات سفر اروپا، مجله فردوسی، ساڵی نۆیەم.)

لە سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆی دوو شەممەی ٢٤/ بهمن/ ١٣٤٥، فروغ بە خێرایی "بۆ ستودیۆ دەڕۆیی. فروغ منداڵ و باڵندانی زۆر خۆش دەویست. دەیگوت: ئەوانە پاکترن. ئەنجامیش گیانی خۆی لە پێناوی خۆشەویستی منداڵاندا دانا.

فروغ کە دۆستی دێرینەی منداڵان بوو وەختیٚ بینی پاسی قوتابخانەی شهریار قلهك-ی سەرەتایی بۆ پێشی ئەو پێچی کردەوە، بۆ ئەوەی تامپۆن نەکات دەستی بە ڕاستا شکاندەوەو لە جادەکە دەرچوو. تەنیا بزەی تاقە منداڵێکی لە مەرگ رزگار بوو بۆ ئەو بەس بوو. ئەو لە شووشەی پێشی ئۆتۆمبیلەکەی خۆیەوە منداڵەکانی دەبینی کە بەترسەوە دەیانڕوانیە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو کە خەریك بوو تامپۆنی دەگەڵ ئەواندا دەکرد.

ئۆتۆمبیلەکەی لە جادەکە لای دا بەڵام ئەوجاش نەیتوانی خۆی بگرێتەوەو لە پاسی منداڵەکان نەدات، بەر بۆدی ئۆتۆمبیلەکەی ئەوان کەوت، بەڵام تامپۆنەکە زۆر توند نەبوو، بەو حاڵەشەوە سەری فروغ بە هۆی توندی ئەو ئستۆپەوە کە گرتبووی بەر شووشەکەی پێشەوەی جێب ستێشنەکە کەوت و کەپووی لە ناوەڕاستەوە لەت کرد، زەربەکە ئەوەندە توند بوو کە

Scanned by CamScanner

دەرگــای ئۆتۆمبیلەکــە بــە تونــدی کرایــەوەو فــروغ دەگــەڵ پێشــخزمەتەکەی ســتودیۆی گولســتاندا کــە لــە دوای جێبەکــەوە دانیشتبوو، پەڕییە دەرەوە، لەو کاتــەدا ســەری فــروغ لــە دەرگای ئۆتۆمبیلەکە گیر بوو و گوێی چەپی ئاسیوێکی وەهای گەییشتێ کە خەریك بوو لێ دەبووەوە.

هــەنگێ فــروغ بەســەرا کــەوت و ســەری بــە شۆســتەکە کــەوت و سەری شکا. بۆ نەخۆشخانەیان برد، لێ مخابن کە ئیدی کار لە کار ترازا بوو."* (بڕوانــە: دختر شــورانگیز شعر، نوشــتە مسعود بهنود، مجلە روشنفکر، اسفند/ ١٣٤٥).

لە نیوەڕۆی چوار شەممەی ٢٦/بهمن/ ١٣٤٥دا، خاکی پەزێرا -کە ئاماژەیەك بوو بۆ ئارامی- بەو زارە ساردە هەل لوشەرە -کە شێوەی گۆڕی وەرگرتبوو- ئەوی هەڵ لووشی: "ئامبولانسێکی سپی کە نقومی گوڵە بە هێمنی لە شەقامی گۆڕستانی ظهیر الدولە نزیــك دەبێتــەوە. زەمزەمەیــەو بــارانی فرمێســك ، جەنازەکــە لــە ئەمبولانسەکە دێننە دەرێ. ئەو بە هەمان ناسکی شیعرەکانی لە ژێــر شــاڵێکی تورمەییــدا راکشــاوە. ئەحمــەدی شــاملو، سیاوەشی کیســرایی، مەهــدی ئــەخوانی تــالس، هۆشــەنگ ئیبتهــاج (سایە)، ســاعدی و چــەند کەســێکی دی تابووتەکــەی دەگرنــە ســەر شان. دووبــارە بــاران و فرمێســك دەســت پێدەکەنــەوە. بــەڵام ســەڵای سەڵاوات باڵ بەسەر گریان و باراندا دەکێشێت. جەنازەکە بەسەر شانی ئەم چەند کەسەوە بەرەو گۆڕستانەکە دەبرێت و پاشان لە پای گۆڕەکەدا، لە عاردی دادەنرێت:

Scanned by CamScanner

كدام قله، كدام اوج؟
مگر تمامی این راههای پیچا پیچ
در ان دهان سرد مکنده
به نقطه تلاقی و پایان نمی رسند؟*
(بڕوانه: تولدی دیگر، شعر "وهم سبز"، ص۱۹).
***
کام ترۆپك؟ کام لوتکه؟.
مەگەر هەر هەموو ئەم ڕێگا پێچاو پێچانه
لەو زاره سارده مژنەدا
ناگەنه خاڵی یەکانگیری و کۆتایی؟
***
کاری گۆڕ هەڵکەنەکان تەواو بووه. ئێستا خەریکن خشت و گەچ له ناو گۆڕەکەدا هەڵدەچنن، فروغ هێشتا له ژێر تۆپه شاڵه تورمەییەکەدا چاوەڕوانی گۆڕه. بارستایی دەستەکانی له ژێر شاڵەکەوه دیاره... دەنگی گۆڕ هەڵکەنەکان بەرز دەبێتەوه، پاشان دەنگی سەڵاوات و ئەوجا هەڵگرتنی جەنازەکه بەرەو گۆڕەکه. باران بۆ چەند ساتێك دەوەستێتەوه، بایی ئەوەی که شاڵه تورمەییەکه لەسەر جەنازەکه لاببرێت، پاش ئەوه بەفر بەفری پاك و سپی له ئاسمانەوه دادەڕژێ، سپی تر له کفنەکەی ئەو. ئەوەی سەراپا سپی پۆش، به ئارامی له گۆڕەکەی دەنەن. ڕەنگی سپی بەفر، زەویەکەو گۆڕەکەی داپۆشیوه."* (بڕوانه: پرویز لوشانی، مجله سپیدو سیاه، اسفند/ ۱۳٤٥).

شاید حقیقت ان دو دست جوان بود، ان دو دست جوان
که زیر بارش یکریز برف مدفون شد
ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد
ایمان بیاوریم به ویرانەهای باغهای تخیل
به داس های واژگون شده بیکار
و دانەهای زندانی
نگاه کن که چ برفی می بارد*

(بڕوانە: ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، شعر "ایمان بیاوریم...." ص٤٢).

ڕەنگە حەقیقەت ئەو دوو دەستە جەوانە بیّ، ئەو دوو دەستە جەوانەی
که لە ژێر، بارینی یەکڕیزی بەفرا نێژرا.
باوەڕ بێنین
باوەڕ بێنین بە دەستپێکی وەرزی سارد
باوەڕ بێنین بە وێرانەکانی باغێن خەیاڵ
بە داسێن ئاوەژووی بێکار
و تۆوی زندانی.
تەمەشاکە کە چ بەفرێ دەبارێ.

***

سەرچاوە (دیوان اشعار فروغ فروخزاد، با مقدمه بهروز جلالی/ انتشاران مروارید/ چاپ چهارم ١٣٧٤= ١٩٩٥ ص ٩-٥٠).

سێیەم: فروغ لە شیعر دەدوێت:

"من لەو کەسانە نیم کە دیتم یەکێك سەری بەر بەرد دەکەوێو دەشکێ، ئیدی قەناعەت بەوە بکەم کە نابێ رووەو بەرد بڕۆی ،چونکە تا سەری خۆم نەشکێنێ لە مەعنای بەرد تێناگەم. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە پاش خوێندنەوەی نیماش، گەلێك شیعری خراپم وتووە. من پێویستم بەوە بوو لە ناو خۆمدا گەشە بکەم، ئەم گەشە کردنەش زەمانی دەویستو زەمانی دەوێت. بە هەرحاڵ سەردەمێ شیعرم دەوت، شیعرەکانم بە شێوەیەکی خۆ بە خۆو غەریزی لە مندا هەڵدەقوڵین.

رۆژێ دوو- سێ شیعرم دەوت. لە موبەق، لەسەر مەکینەی دروومان، بە کورتی دیوان لەسەر دیوانم دەخوێندەوەو پڕ دەبووم. لە پاڵ پڕ بوونەکەدا سووکە بەهرەیەکیشم هەبوو. ناچار دەبووایە ئەم پڕ بوونە هەڵڕێژم، نازانم ئەوانە شیعر بوون، یان نا، بەڵام ئەوە دەزانم کە زۆر زۆر لە منی ئەو رۆژانەوە نزیك بوون، بگریە پارچەیەك بوون لە منی ئەو رۆژانە، راستگۆو ئاسانو سادە بوون. من هێشتا دروست نەبوو بووم، زمانو شێوازو جیهانی فیکریی خۆم نەدۆزیبووەوە، لە ژینگە تەسكو چكۆلەکەی ژیانی خانەوادەیی دەرنەچوو بووم. پاشترو لە پڕ لە هەموو ئەو قسانە خاڵی بووم، ژینگەی خۆم گۆڕیو "دیوار"و "عصیان" لە ڕاستیدا باڵە فرەیەکی نێوان دوو قۆناغی ژیانمن، دوا هەناسەی بەر لە جۆرە رەهاییەکن، مرۆڤ دەگاتە بیرکردنەوە، هەستەکان لە

Scanned by CamScanner

سەردەمی گەنجیدا وێڕای بریقەو جەزبەیان، ریشەیان سستە، ئەگەر پاشان فیکر رێنوێنیان نەکات و لە بیرکردنەوەوە هەڵنەقوڵێن، دەپەڕوێن و وشک دەبن. چاوم کردەوە، ڕوانیمە دەوروبەرو شت و خەڵکەکانی دەوروبەرم، ڕوانیمە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم جیهانەو کەشفم کردن. کە هاتمە ئەوەی بیانڵێم، سەیرم کرد پێویستم بە وشەیە. وشەی تازەو تایبەت بە هەمان جیهان، ئەگەر ترسابام،دەمردم، بەڵام نە ترسام، وشەم پەیدا کرد، چبکەم گەر وشەکان هێشتا نەبووبن بە وشەی شاعیرانە! بەڵام خۆ گیانیان تێدا بوو، چ قەیدییە شیعریەتیان پێ دەبەخشم، وشە پەیدا بوون، ئەوجا مەسەلەی گۆڕین و دەستکاریی کێش هاتە پێشێ. ئەگەر ئەم پێویستییە خوڕسک و ئاساییە نەهاتبا پێشێ، کاریگەری نیما هیچی پێ نەدەکرا. نیما ڕێنوێنی من بوو، بەڵام دروستکەرەکە خۆم بووم. هەمیشە پشتم بە ئەزموونی خۆم بەستووە، دەبوا لە سەرەتاوە ئەوە کەشف بکەم کە نیما چۆن گەیووەتە ئەو زمان و فۆرمە.

گەر کەشفم نەکردبا چ فایدەیەکی نەدەبوو. ئەو دەمە دەبووم بە لاساییکەرەوەیەکی بێ ویژدان. دەبوایە ئەو قۆناغە ببڕم بۆ ئەوەی بژیم. کە دەڵێم دەبوایە، ئەم دەبوایەیە ڕەنگدانەوەی جۆرە سەرسەختییەکی غەریزی و سروشتیی منە. جگە لە نیما زۆری دی ئەفسوونیان کردم، بۆ وێنە نزیکترین شاعیر لە سەلیقەی شیعری و هەستی منەوە ئەحمەد شاملووە. کاتێ کە " ئەو شیعرەی ژیانە"م خوێندەوە، گەورەیی توانای زمانی فارسیم بۆ دەرکەوت. ئەم

سیفەتەم لە زمانی فارسیدا کەشف کرد کە دەکرێ بە شێوەیەکی سادە قسە بکرێ. تەنانەت سادەتر لە "ئەو شیعرەی ژیانە"ش، واتە بەم سادەییەی کە ئێستا من قسەی پێدەکەم، بەڵام هەر کەشف کردن بەس نییە ئەدی پاش کەشفکردن چ دێ؟ تەنانەت لاسایی کردنەوەش ئەزموونی دەوێ.

دەبوایە بە شێوەیەکی سروشتی لە ناخی خۆمداو بەپێی پێویستییە حسیو فیکرییەکانی خۆم بەرەو ئەم زمانە سادەیە بڕۆم. ئەم زمانە بەرە بەرە و خۆ بە خۆ لە مندا دروست دەبوو. پێدەچوو بەرەو ئامانج بڕۆم... زۆرم کاغەز رەشکردەوە، وام لێهات کاغەزی بۆری رۆژنامە بکڕم، چونکە هەرزانتر بوو. من مرۆڤێکی سادەم، بە تایبەتی کاتێ کە دەمەوێ قسە بکەم، هەست دەکەم پتر پێویستم بە سادەیی هەیە. من هیچ کاتێ کێشی عەرووزم نەخوێندووە. ئەم کێشانەم لەو شیعرانەدا دۆزینەوە کە دەمخوێندنەوە، بۆیە بۆ منو بەلای منەوە کێشی عەرووز حوکم نەبوو، رێگەیەك بوو خەڵکانی دی پێیدا رۆیی بوون. یەکێك لە بەختەوەرییەکانی من ئەمەیە کە نە زۆر لە ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆماڵیدا غەرق بوومو نە زۆر شەیداو رمودەی ئەدەبیاتی بێگانە بووم. من عەودالی شتێکی ناو ناخی خۆمو دونیای دەوروبەری خۆمم – هەڵبەتە لە قۆناغێکی تایبەتدا کە لە باری ژیانی کۆمەڵایەتیو فیکریو ئاهەنگی ئەم ژیانەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە- نهێنیی کار لەمەدایە کە ئەم تایبەتمەندییانە دەرك بکەینو بمانەوێ ئەم تایبەتمەندییانە بخەینە ناو شیعرەوە، بۆ من

وشه زۆر گرینگه، هەر وشەیەك گیانو تامو بۆی تایبەتیی خۆی هەیە، هەروەها شتەكانیش، من گوێ بە پێشینەی شیعریی وشەو شتەكان نادەم. من چ بكەم كە تا ئێستا هیچ شاعیرێكی فارسی زمان بۆ وێنە وشەی "انفجار"ی لە شیعری خۆیدا بەكار نەهێناوە. من لە بەیانییەوە تا ئێواریێ كە دەڕوانم دەبینم شتێك لە حاڵی تەقینەوە "انفجار"دایە، بۆیە كە دەمەوێ شیعر بڵێم ناتوانم خیانەت لە خۆ بكەم. گەر دیدو بۆچوون، دیدو بۆچوونی ئەمڕۆ بێ، زمانیش وشەی خۆی پەیدا دەكاتو، وشەش ئاهەنگی خۆی. كە زمان بوو بە زمانێكی پوختەو پاراوو ڕاستگۆ، هەنگینێ وەزنو كێش خۆ بە خۆ، خۆی دەسەپێنێ.

من ڕستە بە هەمان سادەییەوە كە لە مێشكمدا دروست دەبێ، دەڕێژمە سەر كاغەزو كێشو وەزن وەك داوە دەزوویەكی باریكەو بێئەوەی ببینرێ بە نێو ئەو وشانەدا ڕەت بووە، تەنێ ئەوەیە كە وشەكانی گرتووەو ناهێڵێ بكەون. ئەگەر وشەی "انفجار" لە قاڵبی وەزندا نەگونجێو جۆرە وەستانێك دروست بكات، ئەوا با وەك گرێیەكی ئەو داوە دەزووە حسێب بكرێو دەشێت لەگەڵ گرێكانی دیدا یەك بخرێو جۆرە هاو ئاهەنگییەك پێك بێنن. چما نیما ئەم كارەی نەكردووە؟.

بە ڕای من ئیدی ئەو زەمانە بەسەر چووە "چەمك" بكرێ بە قوربانی وەزن. لە زمانی فارسیدا هێندێ وەزن هەن كە لە ڕووی توندیو سستی ریتمەوە پتر لە ئاهەنگی گفتوگۆوە نزیكن، دەشێت هەر ئەو وەزنانە وەربگیرێنو پەرەیان پێبدرێ. وەزن،

Scanned by CamScanner

دەبێ سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە. ئەوەی کە وەزن پێکدێنێ و دەبێ وەزن دروست کات بە پێچەوانەی جارانەوە زمانە، هەستی زمان و غەریزەی وشەو ئاهەنگی دەربڕینی زمان، وەزن دروست دەکات. بە هەرحاڵ مەسەلەی وەزن، مەسەلەیەکی ریازی و مەنتیقی نییە - هەرچەندە خەڵکانێك هەن بە مەسەلەیەکی ریازی و مەنتیقی دەزانن- بەڵام لای من حسێکە دەبێ گوێم قبوڵی بکات. کاتێ لە من دەپرسن لە مەیدانی زمان و وەزندا گەییومەتە چی؟ تەنیا ئەوە دەڵێم گەییوومەتە راستگۆیی و سادەیی. نابێ ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ئەندازەیی رەسم بکرێ، دەبێ سادەترین و واقیعیترین وشە بێتە هەڵبژاردن. تەنانەت گەر شاعیرانیش نەبێ، دەبێ قاڵب برژێنرێتە ناو ئەم وشانەوە نەك وشە بخرێتە قاڵبەوە. وەزنە زیادەکان دەبێ لابدرێن، تێکدەچێ؟ چش، چونکە ئەگەر هەست و وشەکانتان رەوانی و سواریی خۆیان هەبێ، ئەوا یەکسەر ئەم تێکچوونە پڕدەکەنەوە. هەر لەو تێکچوونانەوە دەشێت شتی تازە دروست بکرێ. ئەگەر گوێچکە مەداری قبووڵکردن و وەرگرتنی تەسك نەبێ، ئەم ئاهەنگە تازانە کەشف دەکات. خاڵی گرینگ لەمەدایە کە ئەم مەسەلەیە، واتە وەزن و زمان لێکدی جیا نین- پێکەوە دێن و کلیلی خۆیان لە ناو خۆیاندایە. دەتوانم نموونە بۆ ئەم حاڵەتە بهێنمەوە. با واز لە شاعیرە ناسراوەکان بێنین و شیعری "أی وای مادرم"ی شەهریار تەمەشا بکەین، دەبینین کاتێ شاعیرێکی غەزەلخوانی وەك شەهریار تووشی مەسەلەیەك دەبێ ناتوانێ چ کاردانەوەیەکی

Scanned by CamScanner

بەرانبەری هەبێ جگە لە ڕاستگۆیی، بۆیە وەزن و زمان خۆ بە خۆ ئاوێتە دەبن و لە ئەنجامدا شتێك پێك دێنن کە لە یەکێکی وەك شەهریار چاوەڕوان ناکرێ. ئەم شیعرە ئەنجامی سەرنجدانێکی ڕاستگۆیانەی حەقیقەتەکانی ژیانی ئەمڕۆیە بەشێوەی تایبەتی ئەمڕۆی، بەڵام دەربارەی شیعری خۆم، ئەگەر ئێوە پێتان وایە مەسەلەی فۆرم لە شیعری مندا حەل بووە یان جۆرە هاوئاهەنگییەك لە نێوان بەشەکانی شیعری مندا هاتۆتە ئاراوە، پێموایە ئەمە ئەنجامی جۆرە هەڵبژاردنێکە - هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی نەك تەنیا لە ساتە وەختی داهێناندا- من نازانم لە چ پایەیەکدام، ئەوەندە دەزانم تا ئێستا هەموو شتێك خۆ بە خۆ دروست دەبێ و ئەم خۆ بە خۆ دروست بوونەش ئەنجامی گەیشتنە بە "خود" یا ئەنجامی "خود" ناسینە. ئێستاکێ سەلیقە، فیکر، هەست و بینین ژێراو ژێر، بەڵام بە شێوەیەکی بنجبڕانە ڕێنوێنیم دەکەن. شیعریش وەك بنیادەم دەبێ لە سەرەتادا پێبگات و باڵق ببێ و ئەوجا هەرچی بوێ بیکا. پاش ئەم قۆناغە هەق وایە شیعر بوترێ. بە هەرحاڵ دەبێ ئەم قۆناغە ببڕی و بگەیتە کەماڵ. نەك هەر لە بواری شیعردا، بەڵکو لە بواری ژیانی ئاسایی ڕۆژانەشدا.

خەوشی کاری من لەمەدایە کە هێشتا هەموو ئەو شتانەی کە دەمەوێ بیڵێم، ناتوانم بیڵێم. من تەمەڵم. زۆر تەمەڵم. هەمیشە لەلایەنە ئیجابییەکانی بوونی خۆم هەڵدێم و خۆم بەلایەنە سەلبییەکان دەسپێرم. بە هەرحاڵ ئەم حاڵەتانە ناتوانن لە شیعری

Scanned by CamScanner

شاعیردا بیَ کاریگەری بن، کە دەڕوانمە کتێبی "تولدی دیگر" خەمبار دەبم. بەرهەمی چوار ساڵ ژیانەو کەچی زۆر کەمە. من ئارازووم بە دەستەوە نەگرتووەو شیعرەکانم کێشانە ناکەم، بەڵام چاوەڕوانی زیاترم لە خۆم. شەوان کە دەنووم لە خۆ دەپرسم ئەمڕۆ چیت کرد ؟

عەیبەکەی من لەمە دایە کە کارەکانم دەشیا زۆر چاکترو زیاتر بوونایە، بەڵام منی گەوج لە بری ئەوەی پەرەیان پێبدەم، پێشم لێگرتوون. بە تەمەڵیی خۆم، بە نا ئومێدیی زۆر فەیلەسووفانەو خەمساردی گەوجانە پێشم لێگرتوون. ئەم پرسیارەش کە لە کوێدا سەرکەوتووم ؟ نازانم. ناشمەوێ بزانم، چونکە دەبێ تێپەڕم، شیعر لە ڕەوتی خوێ نەکەوتووەو بەردەوامەو ناتوانێ لە قاڵبێکی جواندا قەتیس بمێنێ. بیری سەرکەوتن بنیادەم تەفرە دەدات. دووچاری خۆپەسندی و غرووری دەکاتو لە جێی خۆی دەیچەقێنێ، من دەمەوێ بژیمو شتی تازە فێر ببم، بەڵام پرسیاری دووەم کە لە کوێدا بەسەر سەردا کەوتووم؟. دەیزانم. من هەمیشە پتر باوەڕ بە دوا شیعری خۆم دەکەم. ئەو باوەڕکردنەش یەکجار تەمەن کورتە، زۆری پێناچێت لەبەر چاوم دەکەوێو سادەو ساکار دەنوێنێ. من چەندین مانگە لە کتێبی "تولدی دیگر" جودا بوومەتەوەو دابڕاوم. لەگەڵ ئەمەشدا واهەست دەکەم دەشێت لە دوا شیعری "تولدی دیگر"ەوە دەستپێبکەم... هەڵبەتە مەبەست لە جۆرە دەست پێکردنێکی فیکرییە... مەسەلەی زمان بە خۆی

Scanned by CamScanner

حەل دەبیّو زمان، وەزن لەگەڵ خۆیدا دێنیّ. کرۆکی مەسەلەی فیکرو ناوەڕۆکە... من هەست دەکەم دەتوانم:

"ئەو پەڕییە غەمگینەی لە ئۆقیانووسێکدا دەژی دڵی لە بلوێرێکدا لێدەداو دەمریّ، سەر لە نویّ زیندوو دەبێتەوە". بکەم بە سەرەتایەك. پێموایە هەموو ئەوانەی لە بواری هونەردا کاردەکەن، یەکێك لە هاندەرانی کارکردنیان، جۆرە پێویستییەکی لاشعورییە بۆ روو بە ڕوو بوونەوەی مەرگو نەمان، واتە هونەر جۆرە هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە نەمریو مان. هونەرمەندان خەڵکانێکن کە ژیانیان پتر خۆشدەویّو جوانتر لێی تێدەگەن وەك چۆن لە مەرگ تێدەگەن. کاری هونەری جۆرە هەوڵو تەقەللایەکە بۆ نەمری بەخشین بە "خود"و رەفز کردنی مەعنای مەرگ. هەندی جار وا بیردەکەمەوە کە راستە مەرگیش یەکێکە لە یاساکانی سروشت، بەڵام بنیادەم تەنیا لە بەردەم ئەم یاسایەدا هەست بەبیّ دەسەڵاتیو بچووکی دەکات. ئەم یاسایە مەسەلەیەکە هیچی لەگەڵ ناکریّ. تەنانەت ناکریّ هەوڵی لە نێوبردنیشی بدریّ، چونکە فایدەی نییە. ئەمە تەفسیرێکی گشتییەو رەنگە گەوجانەش بیّ، بەڵام شیعر بۆ من وەك هاوڕێیەکە کە پێی دەگەم، دەتوانم بە ئاسانی و بێپەردە دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵبڕژێرم. جووتێکەو تەواوم دەکات. بیّ شیعر تەواو نابم. شیعر بێئەوەی ئازارم بدات تێرم دەکات. تینوێتیم دەشکێنیّو رازیم دەکات. هەندیّ کەس کەموکورتییەکانی خۆیان لە ژیاندا بەوە پینە دەکەن کە پەنا دەبەنە بەر کەسانی دی، بەڵام هیچ کاتیّ پینە ناکریّ. ئەگەر

Scanned by CamScanner

پینەکراباو کەموکوڕییەکانی سڕدرابانەوە، ئەوا ئەمە بۆ خۆی دەبوو بە گەورەترین شیعری دنیاو بوون - پێوەندیی دوو مرۆڤ هەرگیز کامڵ نابێ- کەس، کەسی تری پێ تەواو ناکرێ. بە هەرحاڵ هەندێکی تریش پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە کارە هونەرییانە، واتە شتێك دەخوڵقێننو ئاوێتەی خەڵقەندەکەی خۆ دەبنو ئەو دەمە هەست بە جۆرە تەواویو ئاسوودەییەك دەکەن.

شیعر بو من پەنجەرەیەکەو هەر کاتێ بەرەو رووی دەچم خۆ بە خۆ دەکرێتەوە. هەنگینێ من لە بەردەمیدا دادەنیشم، تەمەشا دەکەم. گۆرانی دەڵێم.هاوار دەکەم.

دەگریم. لەگەڵ سێبەری درەختەکاندا تێکەڵ دەبمو دەزانم کە لەودیو پەنجەرەکەوە ئاسمانێك هەیەو کەسێك هەیە دەبیسێ. کەسێك کە لەوەیە دوو سەد ساڵ پاشتر بێ یان سێ سەد ساڵ پێشتر لەوێ بوو بێ. شیعر هۆیەکە بۆ بەرپاکردنی پێوەندی لەگەڵ گەردوونو بووندا. چاکییەکەی لەوەدایە کە مرۆڤ وەختێ شیعر دەڵێ، دەتوانێ بڵێ: منیش هەم. یان منیش هەبووم. لەم حاڵەتە بترازێ ئیدی چۆن دەشێت بوترێ کە: منیش هەم یان منیش هەبووم.

من لە شیعری خۆمدا بە دووی چ شتێکدا ناگەڕێم، بەڵکو لە شیعری خۆمدا، خۆم دەدۆزمەوە، بەڵام لەشیعری کەسانی دیدا، یان لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی... دەزانی هەندێ شیعر هەن وەك دەرگای کراوەن نە لەم دیویان چ شتێك هەیەو نە لەو دیویان - دەبێ بڵێی حەیف بۆ کاغەزەکە. بە هەرحاڵ هەندێ شیعریش

Scanned by CamScanner

وەك دەرگـــای داخـــراون، كـــاتێ دەیانكەیتـــەوە هەســـت بـــە هەڵخەڵەتاوی خۆت دەكەی‌و بایەخی كردنەوەكەیان نەبووە، بەڵام هەندێ شیعر هەن كە لە بنەڕەتدا دەرگا نین... جادەن، ئیدی كورت یان درێژ، گرینگ نییە، جادەن‌و بنیادەم پێیاندا دێ‌و دەڕوات‌و ماندوو نابێ.

ئەگـەر هەڵوەسـتەیەك بكـا ئـەوا بـۆ دیـتنی شـتێكە كـە لـە هاتووچۆكەیدا نەی دیتووە... مرۆڤ دەتوانێ ساڵانێك لە نێو یەك شیعردا بوەستێ‌و هەموو جارێ شتێكی تازە ببینێ. لەو بابەتە شیعرانەدا ئاسۆ هەیە، ئاسمان هەیە. جوانی هەیە. تەبیعەت هەیـە. ئینسـان هەیـە. ژیـان هەیـەو جـۆرە ئاوێتـە بـوونێكی راستگۆیانە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا هەیە، جۆرە نیگایەكی ئاگایانەو زانایانە هەیە.

من ئەم جۆرە شیعرانەم حەزلێیەو بە شیعریان دەزانم. دەمەوێ شیعر دەستم بگرێ‌و لەگەڵ خۆیم بەرێ. من پێموایە كاری هونەری دەبێ بە هۆشیارییەوە پەیوەست بێ- هوشیاری سەبارەت بە ژیان، بە بوون، بەلەش‌و بەدەن‌و تەنانەت دەربارەی ئەو سێوەش كە دەیخۆین.

نـاكرێ ژیـان بـە شـێوەیەكی غـەریزی ببرێتـە سـەر، واتـە هونەرمەندێك نابێ بەو جۆرە بژی. بنیادەم دەبێ سەبارەت بە خۆی‌و دنیای خۆی بۆچوونێكی هەبێ‌و هەر ئەمەش مرۆڤ ناچاری بیركردنەوە دەكات. كاتێ بیرو بیركردنەوە دەستی پێكرد ئیدی مرۆڤ دەتوانێ مەحكەمتر لەجێی خۆی بوەستێ. من ناڵێم شیعر

Scanned by CamScanner

دەبێ شیعری فیکری بێ، چونکە ئەمە قسەیەکی گەوجانەیە. من دەڵێم شیعریش وەك هەر کارێکی هونەری دی دەبێ زادەو ئەنجامی ئەو هەستو دیدو بۆچوونانە بێ کە لەلایەن فیکرەوە پەروەردەو رێبەری کراون. کە شاعیرێك،شاعیرو هوشیار بێ، ئەو کاتە دەزانێ چۆن بیرکردنەوەی دزە دەکاتە نێو شیعرەکانییەوە: لە شێوەی "شەمشەکوێرەیەك کە دێتە پشتی پەنجەرەیەکەوە" لە شێوەی "کلاوکوڕەیەکی مردارەوە بووی سەر بەردێك". لە شێوەی "کیسەڵێکی نووستووی بەر هەتاودا"و بە هەمان سادەیی و جوانی دزە دەکاتە نێو شیعرەکانی.

شیعر جۆری جیاوازی هەیە. هەندێجار شیعر تەنیا شیعرە. مەبەستم لە وشەی شیعر لێرەدا ئەو چەمکە لە سەدا سەد حسییەیە کە لە شیعردا هەیە. بۆ وێنە لە کاتی بولێڵی ئێوارێدا دەڕوانینە درەختێكو دەڵێین: چەند شاعیرانەیە... هەندێ شیعر بەو جۆرەن. واتا جوانن. بە هەرحاڵ هەندێ شیعریش "شاعیرانەن". هەڵبەتە ئەمانە شیعرن، بەڵام شیعر لەو کەوشەنەدا قەتیس نامێنێ و ئەمە ئاقاری تەواوەتی شیعر نییە. ئەمانە شوێنی خۆیان هەیە. شیعر شتێکە کە فاکتەری ناسکی و جوانیش بەشێکن لە بەشەکانی. بۆ وێنە یەکێك کە دەڵێ من کاتێ شیعر دەخوێنمەوە هەندێجار لەزەتی لێدەبینم، ئەدی پاش لەزەت دیتنەکە؟ ئایا ئەرکی هونەر تەنیا لەزەت بەخشینە ؟ ئەگەر وابێ ئەوا ئەم جۆرە کارە زیاتر حاڵەت دروست کردنە تا داهێنانو ئەفراندن.

من وا تێدەگەم ئەوەی کە شیعری ئێمەی شێواندووە، پتر ڕووکردنە ناسکی و جوانییە. ژیانی ئێمە جیاوازە. سەخت و دژوارە. کێوی و پەروەردە نەکراوە. دەبێ ئەم حاڵەتانە لە شیعردا ڕەنگ بدەنەوە، شیعری ئێمە پێویستی بە جۆرە خشوونەتێک و گەلێک وشەی نا شاعیرانەیە. تا گیانی وەبەر بکەوێتەوەو سەر لە نوێ زیندوو ببێتەوە. من لەم هەلومەرجەدا بە گۆشەگیری و رامان قاییل نیم.

من دەڵێم دنیای موجەڕەدی مرۆڤ دەبێ زادەی گەڕان و تەمەشا کردن و تێکەڵبوونی هەمیشەیی بە دنیای دەرەوە بێ. مرۆڤ دەبێ تەمەشا بکات تا ببینێ و بتوانێ هەڵبژێرێ. کاتێ مرۆڤ دنیای خۆی لە نێو خەڵکیداو لە قووڵایی ژیاندا دۆزییەوە، ئەو کاتە دەتوانێ ئەبەدییەت لەگەڵ خۆی هەڵگرێ و لەو دنیا تایبەتییەوە پێوەندی بە دنیای دەرەوە بکات.

کاتێ ئێوە دەچنە سەر جادە، واتە تێکەڵ بە خەڵکی دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ ژوورەکانتان، هەندێ شتی سەر جادەکە لە هزرو بیرتان دەمێنێ کە پێوەندی بە بوونی شەخسی و دنیای شەخسی ئێوەوە هەیە، بەڵام ئەگەر خۆتان لە ژوورەوە زیندان بکەن و گۆشەگیر بن و تەنیا پشت بە بیرکردنەوە دەربارەی جادە ببەستن، ئەو کاتە رەنگە بیرکردنەوەی ئێوەو واقیعەکەی سەر جادەکە زۆر لێکدی دوور بن.

Scanned by CamScanner

ڕەنگە لە جادەکەدا هەتاو بێ‌و تۆ وا بیر بکەیەوە کە هێشتا تاریکە. ڕەنگە ئاشتی بێ‌و ئێوە وا بزانن کە هێشتا شەڕە. ئەم حاڵەتە جۆرە گۆشەگیرییەکی سەلبییە.

نە مرۆڤەکە رزگار دەکات‌و نە زەمینەی داهێنان‌و ئەفراندن خۆشدەکات. بە هەرحاڵ شیعر لە ژیانەوە پەیدا دەبێ‌و ئەمە حەقیقەتێکە نە نکۆڵی لێدەکرێ‌و نە ڕەفز دەکرێ، بۆیە دەبێ بە ناو ژیان بکەوی‌و تەنانەت ناشیرینترین‌و بە ئازارترین ساتەکانی ژیان بجەڕبێنێ. هەڵبەتە نەك وەك منداڵێکی واق وڕماو، بەڵکو بە هوشیاری تەواوەوە. هەموو هونەرمەندێك دەبێ تێکەڵ بە ژیان بێ دەنا لە غەیری ئەم حاڵەتەدا پڕ نابێ!.

من دەربارەی شیعر هەمیشە وتوومە شیعر لە هەموو شتێکدا هەیە، بەڵام دەبێ بیدۆزیتەوەو هەستی پێبکەی، واتە شیعر سنووردار نییە، لە مەدارێکی تەسکدا ناخولێتەوە، بەڵکو گەردونگیرە. ئەگەر سەیرێکی ئەو هەموو دیوانە بکەی کە هەمانن، دەبینی بابەتی شیعرەکانمان یەکجار سنووردارەو لە مەدارێکی زۆر تەنگدا دەخولێتەوە.

یان باس باسی مەعنەوییەتێکی هێندە بەرزە لە ئینسانییەت دەرچووە یا پەندو ئامۆژگاری‌و لاوانەوەو گاڵتەجاڕییە. زمانیش، تایبەتیی و نەگۆڕە، باشە چی بکەی؟!.

دنیای ئێمە دنیایەکی دییە، من کاتێ دەمەوێ باسی کۆڵانێکی پیسی یەکپارچە بۆگەنە میزو پیسایی بکەم‌و بێم لیستی عەترەکان لەبەردەم خۆدا ڕیز بکەم‌و بە بۆنترینیان بۆ وەسف کردن

هەڵبژێرم، ئەمە تەڵەکەبازییە، فێڵێکە بنیادەم لە پێشدا لە خۆی دەکات، پاشان لە خەڵکی دی.

من شیعر لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبانەوە فێر نەبووم. ئەگینا ئێستا قەسیدەم دەنووسی.

هەروا کەوتمە ڕێ، وەك منداڵێك کە لە بێشەیەکدا گوم دەبێت شتێك بەلای خۆیدا ڕایکێشام. تا سەرەنجام گەییمە سەرچاوەیەك و، لە ناو ئەو سەرچاوەیەدا خۆم دۆزییەوە. خۆمێك کە بریتییە لە خودی خۆم و تێکڕای ئەزموونەکانی ئەو بێشەیە.

کەواتە شیعر بۆ من مەسەلەیەکی جدییە. لێپرسراوێتیەکە کە بەرانبەر بە بوونی خۆم هەستی پێدەکەم، جۆرە وەڵامێکی ژیانی خۆمن. دەروێشێك یان سۆفییەك چەند ڕێزی پیرو تەریقەتی خۆی دەگرێ، بە هەمان ئەندازە ڕێزی شیعر دەگرم. پێموایە ناشێت تەنیا پشت بە بەهرەو توانا ببەسترێ، چونکە نووسین یان وتنی شیعرێکی چاك بە ئەندازەی کەشفێکی عیلمی، دیقەت و وردەکاری و زەحمەتی دەوێ. باوەڕم بە شتێکی دیش هەیە. ئەویش "شاعیربوونە" لە هەموو ساتەکانی ژیاندا. "شاعیربوون" واتە ئینسان بوون و بوونە ئینسان.

هەندێ کەس دەناسم کە ڕەفتاری ڕۆژانەیان چ پێوەندییەکی بە شیعرەکانیانەوە نییە. واتە تەنیا وەختی شیعروتن شاعین و پاشان لە شاعیری دەکەون و دەبنەوە بە مرۆڤێکی حەسوودی بەغیلی زاڵمی تەسکبینی بچکۆلە.

Scanned by CamScanner

من قسەی ئەو مرۆڤانەشم قبووڵ نییە. من زیاتر بایەخ بە ژیان دەدەم، کاتێ ئەو بابەتە مرۆڤانە لە شیعرەکانیاندا یان لە وتارەکانیاندا شۆڕشگێڕییان لێدەتکێ و پڕ بەزار دەنەڕێنن، من دڵم لێیان تێکهەڵدێ و باوەڕناکەم راستگۆ بن و لە دڵی خۆدا دەڵێم رەنگە لە پێناوی قاپێک پلاودا ئەم هاتوهاوارە بکەن. پێموایە کەسێك کە کاری هونەری دەکات دەبێ هەوەڵجار خۆی دروست بکات و کەماڵ بەخۆی ببەخشێت.

پاش خۆی ئەوجا بێتە دەرێ و وەك یەکێك لەم بوونە بڕوانێتە خۆی تا بتوانێ حاڵەتێکی گشتی بەسەر لەبەری مامەڵەو بیرو هەستەکانی ببەخشێت..

سەرچاوە:

پێشەکی "برگزیده اشعار فروغ فروخ زاد"

چوارەم: پێنج سەرنج دەربارەی (لە دایكبوونێكی تر)

"١"

خا فروغ لە سێ دیوانی یەكەمیدا، واتە "ئەسیر، دیوار، یاخی بوون" پتر هەواو هەوەسی ژنانە دەخاتە قاڵبی نەزمو وەزنەوە. بەڵام كە دەگاتە "لە دایكبوونێكی تر" ئیدی فروغەكەی جاران نییە، دەستبەرداری هەواو هەوەسی ژنانە دەبێ و روو دەكاتە وێنەگرتنی ژنانە، وێنەگرتنی ژنانەی ژیانی تایبەتی خۆی و بارودۆخی ژینگەی كۆمەڵایەتی ژن. دیارە ئەم وێنانە كە لە گەڵەك بواردا تازەو قووڵ و زۆر پاك و خاوێنن، گەواهی شاعیرێتییەكی بێ وێنەی بۆ دەدەن. هەڵبەتە بێ وێنە لە شیعری فارسیدا.

"لە دایك بوونێكی تر" كە لە ناڤینی تەمەنی شاعیردا هاتە بڵاوبوونەوە، لە ڕاستیدا یەكەمین لە دایك بوونە نەك "لە دایكبوونێكی تر". جەوهەری شیعری لە دیوانەكانی پێشویدا یەكجار كەم بوو، فروغ وەكو شاعیر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی "لە دایك بوونێكی تر"دا لە دایك بوو.

فروغ، لەم دیوانەیدا. بە پێچەوانەی دیوانەكانی دیكەی، كەمتر پەنا دەباتە بەرسۆز، بەڵكو پتر خۆی و شتەكانی و كۆمەڵگەو ژینگەی كۆمەڵایەتی لە مەیدانی شیعردا دەجەڕبێنێ و هەست پێدەكا. چونكە دەزانێ شیعر ئەوە نییە كە دەربارەی شتەكانی كۆمەڵگە سۆزفرۆشی بكەی، بەڵكو شیعر هەستكردنە بە بوونی

خەڵك‌و شتەكان. شاعیر دڵسۆزانە، دڵسۆز وەكو كاشیفەیەك بە نێو شتەكانا دێ‌و دەچێ، شاعیر پردێكە لە نێوان ئێمەو شتەكانی دەوروبەری. فروغ، وەكو نیما و شاملوو رووی دەمی شیعری لە شاعیرە، پاشان روو دەكاتە ئەوانەی كە خاوەنی زهنی شاعیرانەن.

فروغ، هەرگیز نایەت پێشەكی بهۆنێتەوەو، بە دەگمەن خۆی بە ئەنجامگیرییەوە مژول دەكات ئەمە خەمی ئەو نییە، لە ناوەندەوە دەست پێدەكا و هەر ناوەندیشەوە كۆتایی بە شیعرەكەی‌و هەموو شت دێنێ.

وێنەكانی فروغ نە هێندە سادەو ساكارو روونن كە گەوجانەو بێتام بێنە بەرچاو نە هێندەش ئاڵۆزو نادیارن ببنە مەتەڵ‌و هەڵهێنانیان مەحاڵ بێ. وێنەكانی ئەو یان ئەزموونی عاتیفی ئەوتۆن كە تایبەتێتی ئەزموونی گشتی بگرنە خۆ، یان كۆمەڵێك ئەزموونی گشتین كە دەشێت ڕەنگدانەوەی خودی ئەو بن. وێنە ئاوێتەیەكی ئەندێشەو هەست‌و خەیاڵە لە چوارچێوەی شتەكاندا، ئەو شتانەی كە سەر بە زەمان‌و شوێنی جیاوازن، بەڵام بە هۆی وشەوە وەكو پۆلە ستێران. وەكو هێشوە ستێران یەكیان گرتووە. پڕكردنی شیعرێك لە هێشوە وێنەیەك، بە شێوەیەكی ئاگادارانە كارێكی زۆر هەڵەیە. گەر لە پشت پەردەی وێنەكانەوە مرۆڤی راستەقینە بەرچاو نەكەوێ، ئەو وێنانە چ بایەخێكیان نابێ. لە وێنەدا خەیاڵی شاعیر هەمە كارەیە، شیعرەكانی فروغ لەم رووەوە پڕن لە تایبەتمەندی شیعری.

Scanned by CamScanner

گەر شێواز، شێوەی ڕەنگدانەوەی زهنیاتی شاعیر بێ لە ڕێگەی وشەوە ئەوا فروغ نە نیمایە، نە شاملووە نە شاعیرانی دیکەی هاوچەرخ و ڕابوردووە. فروغ لە هەندێ شوێنی زۆر کەمدا نەبێ، بۆ وێنە لە دێڕێکدا یا لە کۆپلەیەکدا، یان لە شیعرێکدا، ئەوا شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو هەر ئەمەش کردوویێتی بە شاعیرێکی ڕەسەن.

فروغ، لەم دیوانەیدا، دەستبەرداری ڕۆمانتیزمی سێ دیوانەکەی پێشووی بووەو ڕووی کردۆتە لیریزمی دەوڵەمەند.

"٢"

فروغ لە دیوانی "لە دایکبوونێکی تر"دا هەرچی تەجرەبەی تایبەتی هەیە، واتا وەکو تاکێك ئەزموونی خۆی لەمەڕ ژیان و ژینگەو تەبیعەت هەڵڕشتۆتە داوێنی وێنەی شیعرییەوە. ئەم تەجرەبانە هەندێجار پەیوەستن بە ڕابوردووی تا ڕادەیەك دوورەوە "واتا پەیوەستن بە سەردەمی منداڵییەوە"، فروغ تێکەڵی کردوون و کردوونی بە هەوێنی شیعرەکانی، یان پەیوەستن بە قۆناغی بەرەو بلوغ بوون کە خا فروغ وێنەی یەکجار ڕوون و ئاشکرای دەربارەی ئەم قۆناغە بەرجەستە کردووە، یا پەیوەستن بە قۆناغی ئێستاوە، وەزع و حاڵی ئێستای خودی شاعیر، وەزع و حاڵی خەڵکەکەی دەورو بەری و پەیوەستن بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە. هەندێجار هەرسێ قۆناغەکە ئاوێتەی یەکدی دەبن و جیهانبینی گشتی فروغ، بە شێوەیەکی چڕ دەبارەی ژیان و کۆمەڵگەو

Scanned by CamScanner

چارەنووس، ئەشق نیشان دەدا. نموونەی هەرە جوانی ئەم بابەتە شیعرەی، شیعری "لە دایك بوونێکی تره"ـەو لێرەدا هەوڵ دەدەین لەم شیعرە بکۆڵینەوە.

"ماکس پیکارد"ی فەیلەسووفی ئەڵمانی لە کتێبی "جیهانی بێدەنگی"دا لە فەسڵی (شیعرو بێدەنگی)دا دەڵێ: "شیعر لە بازنەی بێدەنگی دەردەچیّو بە هیوای بێدەنگییە. شیعریش وەکو مرۆڤ، لە بێدەنگییەکەوە بۆ بێدەنگییەکی دی سەفەر دەکا. شیعر جۆرە فڕینێکە، بەسەر لوتکەی بێدەنگیدا. شیعری گەورە جۆرە کاشییەکە کە بێدەنگی داپۆشیوە".

دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە لە شیعردا بێدەنگی لە زمان گرینگترە: "بەرزترینو بالاترین شت ئەو شتە نییە کە قابیلی دەربڕین نەبێ، وەك بڵێی شاعیر لەوە مەنگترو قووڵترە کە شیعرەکەی دەربڕیّو نیشانی بدا. چونکە بەرهەمی شاعیر نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو شتانەیە کە لە بوونی شاعیردا خۆیان مەڵاس داوە.... شاعیر هەر ئەو شتە نییە کە لە دەروونیا دەمێنێ قابیلی دەربڕین نییە – هیگل".

شاعیری گەورە، ناچێ فەزای نێوەڕۆکی شیعری خۆی هەر هەموو بە وشە پڕ بکاتەوە، بەڵکو شتێك بۆ شاعیرێکی دیو شاعیرێکی گەورەتر دەهێڵێتەوە تابتوانێ قسان بکات. ڕێی ئەوە دەدا کە شاعیرێکی دی بەشداری ناوەڕۆکەکەی ئەم بکا. ئەو بابەتە دەکا بە هی خۆی، مۆرکی خۆی پێوە دەنێ، بەلام بە تەواوی بۆ خۆی ناپارێزێ. چونکە شیعری چاك تایبەتێتی

Scanned by CamScanner

فـڕین و بزاڤـی تێدایـەو دوورنییـە لـە هـەر سـاتێکا لـە ئـامێز
شاعیرێکی دیدا، یا شاعیرێکی گەورەی تردا بگیرسێتەوە.

هەندێ لە شیعرەکانی فروغ ئەم تایبەتیانـەی تێدایە، وا هەست
دەکرێ کـە شـیعرێکی دی، چاکترو گـەورەتر، لـە مـەودای نێوان
وشەکانیا لە باوەشی بێدەنگی وشەکانیا خۆی مەڵاس داوە:

هەموو بوونی من نیشانەی تاریکییە
تۆ لە خۆیدا دوبارە دەکاتەوە
بەرەو سپێدەی پشکووتن و خەملینی ئەبەدیت دەبا
من لەم نیشانەیەدا ئاهم بۆ تۆ هەڵکیشا، ئاه
من لەم نیشانەیەدا تۆم
موتوربەی درەخت و ئاوو ئاگر کرد.

"مـاکس پیکـارد" لـە فەسڵی "شـیعرو بێـدەنگی" کتێبەکـەی
خۆیـدا کـە ئامـاژە بـۆ شـیعری ئـەمڕۆی ئـەوروپا دەکـا، دەڵـێ:
"شیعری ئەمڕۆ، لە بێدەنگی دابڕاوە. شیعری ئەمڕۆ لە وشەوە، لە
هـەموو وشـەکانەوە هەڵـدەقوڵێ، دیـارە زۆربـەی شـتەکان بـە وشـە
نـەقڵ نـاکرێن، واتـا وشـە توانـای نـەقڵ کردنـی زۆربـەی شتەکانی
نییە. یان زۆربـەی ئـەو شتانەی کـە لـە ڕێگـای وشـەوە نـەقڵ بـبن،
بوونیان نییە. چونکە وشە خۆی عەودالی شتێکە تا بە شێوەیەك
بەرجەسـتەی بکـا. شـاعیری ڕاسـتەقینە لەدەسـت بەسـەراگرتنی

شتەکانەوە دەست پێدەکاو ئەوجا دەکەوێتە سۆراخی وشە تا شتەکانی پێ بەرجەستە بکا، نەک بەپێچەوانەوە".

فروغ، لە وشەوە دەست پێ ناکات، لە شتێکەوە دەست پێدەکات و هەوڵدەدا شتەکان بە هۆی وشەکانی خۆیەوە دەرببڕێ، شیعری فروغ لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، بزاڤێکە لە تاریکییەوە بەرەو روناکی و لەوێدا مەعشوقەکەی ئاوێتەی درەخت و ئاوو ئاگر دەبێ.

فروغ، پاش ئەو چەند دێڕە، بەشێکی ئەزموونی ژیانی خۆی کە تەواو هاوئاهەنگە لەگەڵ ئیلهامی دێڕەکانی یەکەمی شیعرەکەیدا، ئاوێتەی شیعر دەکات، ژیانی ئەمڕۆو مرۆڤ و شتەکان دەبینێ، گەرچی بە وشەی سادە دەریان دەبڕێ "وشەکانیش لە تۆ وایە پۆلە پاسارییەکن و بە نێو چیمەنێک کەوتوون و بە جریوە جریوی ئارامەوە بۆ دان دەگەڕێن". بەلام جیهانبینییەکی تایبەتی لە چوارچێوەی هەمان سادەییدا دەکەوێتە روو، "ئەم جیهانبینییە لەم هزرە دەچێت کە هەموو بوونەوەرێک، تەنانەت بوونەوەرێکی چکۆلەی وەکو پاساریش عەودالی دانەوێڵەیەکە کە لەسەر زەمیندا وەدەستی بێنێ تا نەمرێ". لە پشت پاسارییە ساکارەکانی وشەکانی فەروخزادەوە، جیهانبینییەکی تەنانەت دەتوانم بڵێم جیهانی بەرچاو دەکەوێ. سادەیی شیعری فروغ هەندێجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ مەودایەک لە نێوان ئەزموونی ژیانی رۆژانەی ئێمەو ئەو شتەی کە ئەو بە شیعر دەری دەبڕێ نامێنێتەوە:

Scanned by CamScanner

ژیان لەگینە
ئەو شەقامە درێژە بێ
کە گشت رۆژێ
ژنێك بەخۆو زەمیلەکەیەوە
پێیدا تێدەپەڕی
ژیان لەگینە
ئەو گوریسە بێ
کە پیاوێك خۆی بە درەختێکەوە
پێ هەڵدەواسێ
ژیان لەگینە
ئەو منداڵە بێ
کە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە.

فروغ، بە وشەی "لەگینە" جیهانبینییەکی تایبەتی و ژنانە لەمەڕ ژیان نیشان دەدا. رۆحی "لە دایك بوونێکی تر" ئاشقانەیە. بەڵام هەر لە چوارچێوەی هەمان ئاشقێتی و ئاوێتەکردنی ئەزموونی ڕاستگۆیانەی چەندین قۆناغی ژیانەوە پاکیزەییەکی تەنیایی ژنانەش بەرچاو دەکەوێ، پاکیزەییەك کە لەوپەڕی سادەیی دایە، دوورە لە هەموو توندو تیژییەك:

له ژوورێکا که به ئەنازەی تەنیاییەکە

دڵی ئەز

کە هێندەی ئەشقێکە

دەڕوانێتە هەنجەتە سادەکانی.

بەختەوەری خۆی.

فروغ، ئەم ڕوانینە "ڕوانین بۆ هەنجەتە سادەکانی بەختەوەری" دەکا بە کلیلو دەرگای باخی بیرەوەرییەکانی پێدەکاتەوە:

بەشی من گەشتێکی خەمینە،

لە باخی بیرەوەرییەکاندا.

فروغ، هەر لە رێگەی ئەم گەشتە خەمامێزەوە، سەردەمی منداڵیو گەورە بوونو سەرجەمی ژیانی خۆی دەدۆزێتەوەو تەنانەت بە شێوەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵیو گەورەبوونی خۆی لە شێوەی ئومێدو ئارەزوویەکدا بە ئایندە بەرجەستە دەکات:

دەستەکانم لە باخچەدا دەڕوێنم

سەوز دەبم،

دەزانم، دەزانم، دەزانم

پەڕەسێلکەکان لەچاڵی قامکە مەرەکەباویەکانم دا

هێلکە دەکەن.

Scanned by CamScanner

بەم جۆرە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، دەبێ بە هیواو ئومێد بۆ "لە دایک بوونێکی تر"و سەوز بوونەوە. وەك بڵێی فروغ لەم چەند دێڕەدا ئاگاداری لە دایك بوونەوەی پاش مەرگە. فروغ، لە چەند دێڕێکی پاش گەشتی باخی بیرەوەرییەکان. لە شێوەی کچۆڵەیەکدا بە دیاردەکەوێ-کچۆڵەیەك بەگوارەی گێلاسەوە-کچۆڵەیەك بە ئەنگوستیلەی ئەستێرەوە روو دەکاتە ئەو کۆڵانانەی کە کوڕانی هەرزەکار چاوەڕوانی دەکەن. فەروخزاد تەنانەت هۆش و هەستی ئەم کوڕە هەرزەکارانەش دەربارەی خەندەو بزەی بێگەردو پاکی کچۆڵەکە دەزانێ و پاشان بە شێوەیەکی نا ئاگایی شوێن پێی هەمان جیهانبینی "لەگینە"ی خۆی لەمەڕ ژیان هەڵدەگرێ و بەمتمانەو باوەڕ بەخۆ بوونی ئەو کەسانەوە کە خاوەنی جیهانبینی جیهانین، داوەری دەربارەی ئەوانە دەکا کە دەژین و دەمرن، هەروەها داوەری دەربارەی ئەوانە دەکا کە لە مردندا زیندوێتی بە دەست دێنن:

سەفەری قەبارەیەك لە خەتی زەماندا
ئاوس کردنی خەتی وشکی زەمان
بە قەبارەیەك،
قەبارەیەك لە وێنەی ئاگایی
کە لە میوانداری ئاوێنەیەك دەگەڕێتەوە.

Scanned by CamScanner

ڕۆژانــە یادداشــتەکانی "لیونــاردۆ دافنشــی" ئــەوەمان بــۆ دەگێڕێتــەوە کــە ڕۆژێــک لــە ژوورە چکۆلەکەی خۆیــدا میزڵــدانی مەڕێکی، هێندە فوو داوە تا قەبارەی میزڵدانەکە هێندەی قەبارەی ژوورەکــە گــەورە بــووە،و ئەوانــەی لــە ژوورەکــەدا بــوون ناچــار ژوورەکەیان جێ هێشتووە.

لێکۆڵــەرەوانی یادداشــتەکانی دافنشــی، ئــەم کارەیــان بــە دەرکــەوتنی بلیمــەتی بلیمــەتان شــوبهاندووە، واتــا کەســێتی بلیمەتان، هێنــدە هێــزو توانــاو شــکۆ پەیــدا دەکــا کــە قەبارەیــەکی گەورەتر لە قەبارەی ئاسایی وەردەگرن یان کارێک ئەنجام دەدەن کە لە مێژوودا، ناویــان بــە گــەورەیی و زینــدوویتی دەمێنێتــەوە. بــە گوتەی فروغ، خــەتی وشــکی زەمــان بــە قەبارەیــەک ئاوس دەکــەن و ئەم قەبارەیە بریتییە لە "وێنە گرتنێکی ئاگایانە" واتــا قەبارەیــەک کــە شوێنی خــۆی بــە چاکی دەزانــێ و ئــەنجام ئــەو قەبارەیــەی کــە خەتی وشکی زەمانی ئاوس کردبێ دەمێنێ. ئەو قەبارەیــەی کــە چ جــێ پێیــەکی لەســەر خــەت و جــادەی زەمــان بــەجێ نەهێشــتبێ دەمرێ:

ئیدی ئاوایە

کە کەسێک دەمرێ و

کەسێکی دی دەمێنێ.

"٣"

شیعر، لە عومومیاتەوە دەست پێناکا. بەڵکو مامەڵە لەگەڵ جزئیاتدا دەکا. بەڵام لەوەیە پاش نیشاندانو بەرجەستە کردنی جزئیاتەکە بابەتێکی گشتی یان حەقیقەتێکی جیهانی بخاتە روو. باسکردنی مەرگو جوانیو ئەشقی گشتیو عومومیات وێژی لەمەڕ مجەڕەداتو تەنانەت دەربارەی کۆمەڵگەو چارەنووسی بەشەرو تەبیعەت، کاری شاعیر نییە.

شاعیر مامەڵە لەگەڵ جوزئیاتی مەرگ، ئەشق، جوانیو چارەنووسی بەشەردا دەکا، بەم مەعنایە کە بۆ وێنە لە مەرگی گشتییەوە، مەرگی تایبەتی، لە ئەشقی گشتییەوە، ئەشقی فەردی، لە جوانی گشتییەوە، جۆرە جوانییەکی فەردیو تایبەتیو لە چارەنووسی گشتییەوە، چارەنووسێکی تایبەتی بەرجەستە دەکا، دیارە تا ئەم تایبەتمەندیانە، توانای عومومیات گیری پتری تێدا بێ، ئەوەندە باشترو بەهێزتر دەبێ.

فروغ، لە سێ دیوانەکەی پێشوتری خۆیدا لەمەڕ ئەشق، مەرگو چارەنووسی بەشەرو خوا، عومومیات وێژی دەکرد، بەڵام لە زۆربەی شیعرەکانی "لە دایك بوونێکی تر" دا شەقڵێکی تەواو تایبەتی داونەتێو لە راستیدا باسی ئەو ئەزموونە تایبەتیانە دەکا کە شەقڵی فەردییان وەرگرتووە، بەڵام لە چوارچێوەی گشتێتی هەمان ئەو ئەزموونانەدا دەگونجێ تەنانەت بە چەکی هەستو سۆز روو بە رووی فیکرە فەلسەفییەکان دەبێتەوە، بۆ وێنە بڕوانن بزانن چۆن ئەزموونی خۆی لەمەڕ مەسەلەیەکی وەکو

Scanned by CamScanner

ئاوس بوون، بە وردی دەخاتە رووو ئەزموونی خۆی رووبەرووی خەڵکان دەکاتەوەو بەو جۆرە شەقڵی گشتیان پێدەبەخشێ:

پەنام بدەن ئەی ژنانی سادەی کامڵ
پەنام بدەن ئەی ئەوانەی
لەو دیو پێستی سەر قامکی نەرمتانەوە
رەوتی جوڵەیەکی بەلەزەت
دوی سڵپاتێك دەکەوێ و
لە درزی بەرۆکتانەوە
هەمیشە هەوا ئاوێتەی
بۆنی شیری تازە دەبێ.

یان سەیربکەن. چۆن ئەزموونی هەستی مەرگ بە شێوەیەکی شەخسیی و فەردیی و بە هەموو نیشانەو هێمیایەکی ترسناکەوە بەرجەستە دەکا:

بە درێژایی رۆژ. بە درێژایی رۆژ
بەرەڵلا، بەرەڵلا، وەك جەستەیەکی سەرئاو کەوتوو
بەرەو سامناکترین تاوێر
قووڵترین ئەوشکەوتی دەریا
گۆشت خۆرترین ماسی
دەڕۆییشتم،
تەزووی مەرگی پێدا دەهات
یەکە بە یەکەی
مۆرەغەی ناسکی پشتم.

Scanned by CamScanner

له هه‌موو ئه‌مانه بالاتر ئه‌وه‌یه ده‌بینین چۆن هه‌ستی خۆی له‌مه‌ڕ هاوباخه‌ڵی، که له زۆر شیعریدا مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ کردووه‌و بوون به به‌شێك له تایبه‌تمه‌ندییه‌کان‌و، جیهانبینی‌و ته‌جره‌به‌ی شیعری ئه‌و به‌رجه‌سته ده‌کات‌و چۆن به شێوه‌یه‌کی ڕاستگۆیانه‌و ته‌نانه‌ت ئاره‌زوو بزوێن،و به‌سوود وه‌رگرتن له هێما‌و خوازه وسیفاتی فه‌ردی تایبه‌ت به ویسال، به ریتم‌و ئاهه‌نگێکی له‌به‌ردڵان، ته‌جره‌به‌ی هاوباخه‌ڵی به‌رجه‌سته ده‌کات:

گوڵا سۆر،

گوڵا سۆر،

گوڵا سۆر،

ئه‌و، ئه‌زی بۆ باخی گوڵا سۆر بر

له تاریکی دا گوڵێکی سوری له

ئه‌گریجه‌ی په‌شێوم داو

سه‌ره‌نجام

له‌سه‌ر په‌ڕه‌ی گوڵێکی سورا

له‌گه‌ڵم خه‌وت

Scanned by CamScanner

"٤"

هەر شاعیرێك، جوزئیاتی تایبەتی بۆ دەربڕینی مەبەست و ناوەڕۆك و یان حاڵەتی شتەكانی خۆی هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە شاعیرێك لە ژینگەیەكدا شتێك یان چەند شتێك هەڵبژێرێ كە شاعیرێكی دی هەر بەلایدا نەچێ، یان لەوەیە شاعیرێك حاڵەتێك هەڵبژێرێ كە شاعیرێكی دی هەر هەستی پێ نەكرد بێ. فروغ لەم ڕووەوە شتی تایبەتی هەڵدەبژێرێ. شتگەلێك بە ڕواڵەت بێ بایەخ دەنوێنن، بەلام گەلەك مەعنا و چەمكی گەورەو گشتییان لە پشتەوە هەیە. فروغ پاش ئەوەی هەندێ لە شتەكان لە گومناوی ڕزگار دەكا، مەعناو توانایەكی عاتیفی گەورەیان پێ دەبەشێت:

دەشێت سفر ئاسا
لە دابەشكردن و كۆكردنەوەو لێكدان دا
هەمیشە ئەنجامێكی یەكسانت هەبێ
دەشێت چاوانی تۆ
لەنێو پێڵوی تۆراویدا
مینا دوگمەی كاڵە وەبوی
پێلاوێكی كۆن ببینرێ
دەشێت چەشنی ئاو
لەنێو گۆمی خۆیدا وشك ببێ.

Scanned by CamScanner

فروغ، هەندێجار لە شیعرێکی دا، شتێك یان حاڵەتێکی زۆر جوان لە پاڵ شتێك یان حاڵەتێکی زۆر ناشیریندا دادەنیٚ و یان دوو شتی تەواو دژ بەیەك لە رووی ماناوە پێکەوە دەچەسپێنیٚ و- ئەم کارە زیاتر ئەلیوت خەریکی بووە- ئەنجامێکی عاتیفی و فەلسەفی یان رۆحی قووڵ وەردەگریٚ:

دەشیٚ جوانی لە حزەیەك لەگەڵ شەرمدا
چەشنی وێنەیەکی پێکەنین هێنەری رەش و سپی فەوری
لە نێو سەندوقەکەیدا بشاردرێتەوە.
مەعشوقەکەی من
بە لەشی رووتی بیٚ شەرمییەوە
وەك مەرگ
بەسەر لاقە بەهێزەکانییەوە
وێستا.

فروغ، هەندێجار زۆر بەوردی حاڵەتە هەڵبژاردەکانی خۆی وەسف دەکات و لەم وەسف کردنەیدا هەندێجار حاڵەتەکان لە خەمێکی تەم ئاسا دەگریٚ. بۆ وێنە لەم کۆپلەیەدا، لە تۆ وایە فروغ، بیٚ جیٚ و شوێنە و بە دوای خانوویەك دا دەگەڕیٚ و بەم جۆرە خانووی ئارەزووو، دڵخوازی خۆیمان دەخاتە بەرچاو:

بیر لە خانوویەك دەکەمەوە
هەناسەی پێچکەکانی، تاقەتبەر نەبیٚ

Scanned by CamScanner

چلچراکانی، رۆشن وەک بیلبیلەی چاو
شەوانی قووڵ و مەنگ، سست، بێ سرتە بێ
بیر لە منداڵیێ دەکەمەوە.

بزەی
وەک بازنەی یەک لە دوی یەکی
سەرئاو، بێ کۆتایی بێ
بیر لەتەنێ دەکەمەوە،
پڕ خوێن وەک هێشووی،
ترێ بێ.

پاش ئەمە، لە پڕ لە گفتوگۆیەکی زهنیدا، وەک بڵێی وەڵامی وەسفی خانووە دڵخوازەکەی بێ، زۆر بێڕەحمانە دەکەوێتە وەسفی خانووە حەقیقییەکەی:
من بیر لە وێرانە دەکەمەوە
لە تاڵان و بڕۆی ڕەشەبا
لە روناکی گومان لێکراو
کە شەوان لە پەنجەرەدا دەخزێ
بیر لە گۆڕێکی بچکۆلە دەکەمەوە.
بچوک وەک جەستەی نەوزادێک.
و هەندێ جار ئەم وەسفە، زۆر بە ڕاشکاوی و سەرەڕۆیانە بەدیار دەکەوێ و حەقیقەتێکی روناک، مرۆۋ بەرەو قوڵایی ترس دەبا:
هەمیشە لە ئاهەنگی ئیعدامدا

Scanned by CamScanner

کاتێ پەتی سێدارە
چاوانی گرژی مەحکوومێك
لە کاسە دەردەپەڕێنێ
ئەوان دەچوونەوە قاوغی خۆو
تەسەورێکی شەهوەت بزوێن
تەزوی بە دەماری پیرو ماندویان
دەدا.

"٥"

مرۆڤ لە جادەیەکی پانەوە بە نێو شار دەکەوێ. بە چەندین مەیدان و دووڕیان و سێ ڕیاندا تێ دەپەڕێ. چەندین شەقام و کۆڵان بەجێ دێڵێ. هەزاران خانوو ومال دەبینێ و ئەنجام لەبەردەم دەرگایەکدا دەوەستێ. بە کلیلێك دەرگا دەکاتەوەو دەچێتە ژوورەوە، ئیدی ئێرە شوێن و مالی ئەوەو چی دەکات و چی ناکات ئازادە.

تەکنیکی گشتی شیعر. هەمان جادەی پانە، شاعیر لەو جادەیەوە دەست پێدەکات، خۆی لە شاری تەکنیکی گشتی شیعردا دەبینێتەوە، بە پێچ و پەناکاندا رەت دەبێ و ئەنجام کلیلی تەکنیکی خۆی بە دەستەوە دەگرێ و دەرگای فۆرم دەکاتەوەو ئازادانە ڕەفتار دەکات.

لە بارەی فۆرمەوە. ئەگەر شاعیر پاش کۆمەڵێك ئەزموونی جیاواز خۆی نەدۆزێتەوەو پاش فێربوونی تەکنیکی خەڵکانی

Scanned by CamScanner

ئەزموونی هاوبەش لەگەڵ هەموو شاعیراندا، تەکنیك و فۆرمی تایبەتی خۆی پەیدا نەکا، واتا ئەگەر شاعیر سات بە سات ئەو جادە پانە تەسك نەکاتەوە، هەرگیز نابێ بە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی. شاعیر هێندە بەرز دەبێتەوە کە لە ئەنجامدا تەکنیکی کارەکەی شێوەی تیغێك وەردەگرێ. تیغێکی دیار، بڕندە، درەوشاوە کە لە پڕ ئینسان لە تیژی و بڕندەییەکەی ئاگادار دەکاتەوە. تەکنیکی شاعیر لە ئەنجامی مەشق و مومارەسەو تاقیکردنەوەوە دەبێ بە شتێك لە موو باریکترو لە پەڕەی گوڵ ناسکتر. شاعیر وەکو تەنافبازێکە کە بەلێهاتووی لە ئاسمانداو بەسەر تەنافێکی باریکدا دێ و دەچێ و سەما دەکات، هاتووچۆ وسەمایەك کە لەسەر زەمینی پان و بەرین نایەتەکرن.

شاعیر، بابەت و ناوەڕۆکی خۆی هێند بەرز دەکاتەوە تا دەیگەیەنێتە ئەو پەتە لە موو باریکترو ئەو تیغە بڕەندەیە. واتا بە هەمان شێوە کە تەنها دروستکاران و ڕاستگۆیان دەتوانن لە پردی سیرات بپەڕنەوە. ئەوانەی کە ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە کەوتونەتە عەودالی فۆرم و تەکنیکی تایبەتی و فەردی، دەتوانن لێهاتووانە لەسەر لێواری ئەو تیغە بڕندەیە بڕەقسن و ئەو پەڕی توانا و دەسەڵات بنوێنن.

بۆ وەدەست هێنان و دۆزینەوەی تەکنیکی شەخسی و تایبەتی دەبێ لە خۆت دوور بکەوێتەوە و لە زمان نزیك ببیتەوەو دەبێ تەکنیکی جۆراو جۆر تاوتوێ بکەوی. دەبێ خۆت بخەیتە شوێنی شاعیرانی تر و شتیان لێوە فێر ببی و لاسایی فۆرمی ئەوان

Scanned by CamScanner

بکەیتەوەو پاشان لە چوار چێوەی زماندا تاقی بکەیتەوە، لە
زمانێکی گشتییەوە کە هەمان جادەی پانی دەرێی شارە دەس
پێبکەی و بچێتە شاری زمانەوە، زمانی تایبەتی شاعیرانەی خۆ
بدۆزیتەوە. ئەو کەسانەی کە نەتوانن لە خۆ جیا ببنەوە، ناتوان
تەکنیکی بە هێز پەیدا بکەن. مەبەست لە "جیابونەوە لەخۆ
ئەوەنییە کە ئینسان هەموو شتێکی خۆی وەلا بخا، بەڵک
مەبەست ئەوەیە هێندە لە زمانی کۆمەڵگەی خۆیدا نقوم بێ
هەرکە بەرەو خۆی گەڕایەوە، زمانی تایبەتی خۆی دۆزی بێتەوە.

ئەو شاعیرەی کە جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبێ. هەرکە گەیی
ئەم حاڵەتە تەکنیکییە، ئیدی بابەت و ناوەڕۆك بە ئاسانی بەرەو
پیری دێن. چونکە هەر کاتێ بە تەکنیکی بە هێزەوە روو لە هەر
ناوەڕۆکێك بکات، شتێکی جوان و بێ وێنەی لێ دروست دەکات.
شێواز بریتییە لە سەمایەکی تەکنیکی تایبەتی لە بەرانبەر
ناوەڕۆکێکی گشتی.

ناوەڕۆك لە ئەزەلەوە هەبووەو هەیە، بەڵام تەکنیك بەپێی
قەریحەی زاتی شتێکە تاڕادەیەك موکتەسەب. بۆیە دەڵێم بەپێی
قەریحەی زاتی، چونکە ئەگەر قەریحە نەبێ، چ شتێك کەسب
ناکرێ، چ شتێك کەسب ناکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا مەکسیم گۆرکی
گوتەنی "بەهرە، یەعنی کار". کەسێك کارنەکات بەهرەو توانای
بەدیار ناکەوێ، واتا زۆر نووسین و زۆرگوتن و هەمیشە لە حاڵی
تاقیکردنەوەدا بوون و هەڵبژاردن لە و گوتن و نوسین و
تاقیکردنەوانە.

فروغ، بە تەکنیکێکی بە هێزەوە، شێوازی خۆی دۆزیوەتەوەو لەم کارەدا بەهرەو توانای خۆی نیشانداوە. لە مهدی حمیدییەوە تا احمد شاملوو گەرچی لە رووی زەمانەوە چ جیاوازیو دوورییەك نییە، بەڵام لە رووی شیعرییەوە بەلای کەمەوە نیو سەدەیەکیان فەرقە. فەروخزاد ئەم مەودای ئەم نیو سەدەیەی بە کەمتر لە دەساڵ بڕیو لەم ماوەیەدا، ئاشنایەتی لەگەڵ "توللی"و "مشیری"و "نادر پور"دا پەیدا کرد. ئەوانی بەجێ هێشتو کەوتە شان بە شانی "شاملو"، بەڵام لە شێوەیەکی ژنانەدا... ئەوجا قەدەرێ لە نیما و شیعری نیمادا ڕاما و بوو بە هاونشینی ئەو شاعیرانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەری نیماوە. ئەوجا رووی کردە زمانێکی راستگۆیانە، وەزنی لە تەبیعەتی قسەکردن نزیکتر کردەوەو جۆرە وەزنێکی ئاسایی ژنانەی داهێنا کە تەنیا لە ڕیشەدا دەچێتەوە سەر وەزنی عەروزی فارسی. پاشان هەستی بە گیانی ڕەنگینو ئازادو پڕ گۆڕانی زمان کرد. فروغ، هێندە بە قوڵی تەکنیکە نوێیەکەی خۆی لە هزری خوێنەردا چەسپاندووە، ئەگەر شیعرێکی ئەو بەبێ ناوی خویشی بڵاوببێتەوە، رەخنەگری شیعری هاوچەرخ دەتوانێ بیناسێتەوە. شێواز بەلای رەخنەگرەوە ئەو فاکتەرەیە کە بە هۆیەوە شیعری شاعرێکی خاوەن شێواز بناسرێتەوە. شیعری فروغ بە خوازەکانیا، بە جۆری مامەڵەی لەگەڵ وشەدا، بە جۆری بزاڤی وێنەکانیا و بە تایبەتمەندی ئەو فرمانانەی ئەو بەکاریان دێنێ بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

Scanned by CamScanner

فروغ، لە نێوەڕۆك‌و بابەتی شاعیرانی جۆراو جۆرو سوو

وەرگری. بەدیار لە نیما وەردەگری، خەونەکانی شاعی

دەقوزێتەوەو مامەڵەیەکی فروغانەی لەگەڵ دەکات‌و ئەمە قووڵ

بە شیعرەکانی دەبەخشێ‌و هەرگیز لە ڕەسەنایەتی فروغ وەک

شاعیرێك کەم ناکاتەوە.

تێبینی: ئەم نووسینە لە کتێبی "طلا در مس"ەوە کراوە بە

کوردی/طلا در مس/رضا براهنی/ کتاب زمان/چاپ دوم/۱

Scanned by CamScanner

پێنجەم: باڵندە مردنییە، بەڵام فڕین هەر دەمێنێ
فروغ لە تای تەرازووی شیعردا

هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە هەڵسەنگاندنی کۆی شیعری هەر شاعیرێك، بە تایبەتی گەورە شاعیران، کارێکی ئاسان نییە. سەلیقەو شارەزایی و وریایی و ئینسافی دەوێت و ئاستی شیعریی هیچ شاعیرێکیش لە هەوەڵەو تا کۆتایی چوونیەك نییە. بۆیە پێموایە زەرورەتی هەڵسەنگاندنی دروستی شیعری هەر شاعیرێکی مەزن، قۆناغبەندی ژیانی شیعری ئەو شاعیرە دەخوازێت. جا لەم پێودانگەوە دەکرێت ژیانی شیعریی فروغی فەرخزاد وەکو شاعیرێکی گەورەی سەدەی بیستەمی ئێران بکەین بە دوو قۆناغەوە. قۆناغی یەکەم کۆمەڵە شیعرێن: (اسیر، دیوار، عصیان) لە خۆ دەگرێت. قۆناغی دووەم هەردوو کۆمەڵە شیعری: (تولدی دیگر، و ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد) لە خۆ دەگرێت.

دنیای شیعریی قۆناغی یەکەمی ژیانی شیعریی فروغ، برێك سنووردارە، زیاتر نوێنەری ژنێکە تەنیاو ناڕازی، دنیایەکە پڕ لە پێڵ و شەپۆلێن بە گێژەنگ و گێژاوی هەستێن ژنانەو دایکانەی دژ بە داب و نەریت و خووخدەی کۆن و باوی خانەوادەیی، نێوەڕۆکی ئەم شیعرانە تا رادەیەك سەتحییەو بێ هیچ هەڵوەستەو قووڵبونەوەیەك بە ئاسۆیی دەڕوات. بەڵام دنیای قۆناغی دووەم دنیایەکە بێ سنوور، کراوە تا ئەوپەڕی کرانەوە، راستە نوێنەری

Scanned by CamScanner

ژنێکی تەنیایە، بەڵام بە کەڵکەڵەو خەون و خەیاڵ و بیرو هزرینێکی جیهانی، لە چوارچێوەی شیعرێن ئازادو بە ناوەرۆکێکی قووڵ و ئەستوونی پڕ جوڵە، پڕ لە هەڵوەستەو قۆناغ و قووڵبوونەوەی زۆر، کە خوێنەر بە هەردوو باری ئاسۆیی و ئەستوونیدا دەگەڵ خۆیدا دەبات. هەموو شیعرەکانی قۆناغی یەکەم لە نێوان سالانی ١٣٣٢- ١٣٣٩دا نووسراون و شیعرەکانی قۆناغی دووەم لە نێوان سالانی ٣٣٩- ٣٤٥دا نووسراون. هەر قۆناغێک کۆمەڵێک وشەی کۆد ئاسای خۆی هەیە کە دەشێت وەکو کلیلی کردنەوەی دەرگای شیعرەکان بەکار ببرێت، دیارە ئەم وشانە، لە هەردوو قۆناغەکەدا چوونیەک نین و، واتە گۆڕانی تەواویان بەسەردا هاتووەو دەکرێت لە میانەی کۆدە وشەکانەوە، جیاوازی دنیای بچووکی قۆناغی یەکەم و دنیای گەورەی قۆناغی دووەمی شیعری ئەو بناسیت.

هەڵبەتە فروغ. دوای ئەوەی ئاشنایەتی دەگەڵ شیعری شاملو و نیمادا پەیدا دەکات، زەینی شاعیرانەی وی بەرەبەرە دەخەملێ و بە کوچەو کۆلانانی تەجریبی شاعیرانەی خۆدا دێت و دەکەوێتە خەمی ئەوەی کە دەنگ و ڕەنگی خۆی هەبێت، دیدو هەڵبژاردنی خۆی بدۆزێتەوە، خاوەنی نیگای بینابێ، خودانی گوێی شەنەوا بێ.... دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە کاری هونەری تەنیا بە دەربڕینی هەستە غەریزی و سروشتیەکان پێک نایەت. هونەرمەند وەختێ هونەرمەندە کە جیهانبینی و نۆڕینی خۆی سەبارەت بە خۆی و بە جیهان هەبێت و بەرە بەرە ئەم نۆڕین و جیهانبینی و هزرینە لە بەرهەمەکانی خۆیدا هونەریانە بنوێنێ.

هەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە فروغ لە هەوڵی کاری هونەرییەوە لە باری فیکری و نێوەڕۆك و لە رووی وێنەو خەیاڵی شیعرییەوە سیمای تایبەتی خۆی هەبووەو، سێبەری لاسایی کردنەوەی شاعیرانی دی بەسەر شیعرەکانییەوە بەدی ناکرێت... ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی شیعریی ئەودا مایەی سەرنجەو تازەیە، لایەنی هونەرمەندانەی ئیعترافاتی بابایەکی شاعیری ژنە کە بوێرانەو راستگۆیانە هەستەکانی خۆی دەربڕیوە، واتە ژنێك بوو کە دژایەتی خۆی بۆ داب و نەریتی باو نەدەشاردەوە، بەڵام ئەم کارەی تەنیا لە دەوری تەوەری "من"ی تایبەت بە خۆی دەسوڕایەوە. ئەو "من"ە فەردیەی کە لە زۆربەی شیعرەکانیا رەنگی داوەتەوە،و شیعرەکانی لە سنووری پیشاندان و نواندن و ناساندنی ئەم "منایەتیە" هێوەتر نە دەڕۆیین. ئەو منە فەردی و شەخسی و ئێرانیەی کە پاشان لە قۆناغی دووەمی شاعیریەتی ئەودا پەرەی سەندو گۆڕاو بوو بە منێکی جڤاکی و گشتی و جیهانی.

واتە مەدارە تەنگەکەی منایەیەتیەکەی جارانی بەزاند... هەروەها لە رووی وێنە سازی و داڕشتنی شیعریشەوە خودانی خەیاڵێکی هەندێ تایبەت و جیاواز بوو، زۆربەی وێنەو داڕشتنەکانی تازەن و زادەی زەینی داهێنەرانەو دنیامیکی ئەون، رێگەی بە خۆی نەداوە، وێنەی شیعری خەڵکانی دیکە بە سووکە دەسکارییەوە دووبارە بکاتەوە. چونکە وەکو شاعیرانی دیکەی ئەو رۆژگارە نەك هەر لە دنیای دەرێی خۆی دانەبڕاوە، بەڵکو

Scanned by CamScanner

هەمیشــە ئــەم دنیایــە لەگــەڵ دنیــای ناوەوەیــدا لــە کــارلێکی بەردەوامــدا بــووەو بۆیــە وێنــە شــیعریەکانی لــە نــاخی خۆیــەوە هەڵدەهێنجاو لە شیعرا نمایشی دەکردن.

ئەمەش زادەی ئەو واقیعە بوو کە خۆی گوتـەنی نە ئەوەنـدە نقـومی ئـەدەبیاتی کلاسـێکی بـوو، لــە پــەلوپۆ بکــەویّو لێــی دەرنەچـێت، نــە ئەوەنــدەش دڵبەنــدو گــیرۆدەی داوی ئــەدەبیاتی نوێی فەڕەنگی بـوو کـە تیایـدا ون بـیّ. هەمیشـە پشـتی بـە زەینـی داهێنەرانـەی خـۆی بەسـتبوو، هەمیشـە ئامـادەو چاوەڕوانی ئـەوە بوو شیعر لەودا حلول بکات، بە خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت: "... لە دیـوارو (هەڵبەتـە لـە ئەسـیریش دا) مـن تـەنیا گوزارشـتگەرێکی دنیای دەڕێی خـۆم بووم. لەو زەمانەدا شیعر هێشتا لە منا حلولی نەکرد بوو. بەڵکو لە ماڵێکا پێکەوە بووین.

وەکو مێـردو وەکـو ماشـوق، وەکـو هـەموو ئـەو خەڵکانـەی کـە چـەند مودەتێـك دەگـەڵ بنیادەمـدان. لـیّ پاشـان شـیعر لـە منـدا ریشـەی داکوتـاو لەبـەر ئەمـە بابـەتی شـیعر لـەلام گـۆڕاو ئیدی من شیعرم تەنیا بـە دەربـڕینی هەسـتێکی فـەردیو تایبـەت، سەبارەت بـە خـۆم نـەدەزانی. کـە شـیعر زیـاتر لـە منـا ریشـاژۆ بـوو، من پەراگەندەتر بوومو دنیایانی زیاترم کەشف کرد." گفتوگۆ دەگەڵ سەدرەدین ئیلاهی –مجله سپیدو سیاه – اسفند/ ١٣٤٥.

ئیدی لێرەوە فروغ، بەدەم ژانـی شـیعرەوە، لە قۆنـاغی یەکەمی شیعریی خۆیـەوە دەپەڕێتـەوە بـۆ قۆنـاغی دووەم، کـە بـە ڕاسـتی قۆنـاغی خـەملینی شـیعری ئـەوە بـوو، وەکـو شـاعیرێکی گـەورە لە

هەردوو دیوانی: (تولدی دیگر و ایمان بیاوریم...) دا بانگەوازی (انا الشعر)ی بە گوێی جیهاندا دا.

دیوانی ئەسیر: یەکەمین کۆمەڵە شیعری فروغی فەڕوخزادە، کە شیعری ساڵانی ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٤ی شاعیری لە خۆ گرتووە، واتە شیعری ١٩، ٢٠، ٢١ ساڵی تەمەنی شاعیرن‌و بیست‌و نۆ شیعرە. دیوار دووەمین کۆمەڵە شیعری (فروغی فەڕوخزادە) کە شیعرێن ساڵانی ٣٥و ٣٦و ٣٧ی لە خۆ گرتووە. هەندێ شیعری ئەم دیوانەش هەندێ شیعری نەبێ، دەنا بە هەمان نەفەسی دیوانی یەکەمەوە نووسراوە. ئەم دیوانە بیست‌و پێنج شیعری لە خۆ گرتووە. عوسیان (عصیان): سێیەمین کۆمەڵە شیعری فروغە کە بەرهەمی ساڵانی ٣٦و ٣٧ی شاعیری لە خۆ گرتووە. شاعیر لەم دیوانەدا، لەبەر رۆشنایی دەقێن کتێبانی پیرۆز، بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بە خەلیقەتی ئینسان‌و یاخی بوونی ئەهریمەنەوە هەیەو، پێش ئەویش زۆر شاعیرێن رۆژهەڵاتی‌و رۆژاوایی بایەخیان پێداوەو بە نەفەسی هزرینی خەیامانەوە لە دەربڕینی حاڵات‌و هەستە غەریزیە ژنانەکانی خۆی دوور کەوتووەتەوە، بەڵام سەرەنجام کە هەموو پرسیارەکان بێ وەڵام دەمێننەوە، شاعیر ڕادەستی خودا دەبێت‌و داوای بوردنی لێدەکات بۆیە یەکێك لە کۆدە وشە زاڵەکانی ئەم دیوانە وشەی خودایە،و لەم چوار چێوەیەدایە کە بەرەبەرە بیری مەرگ شوێنی ئەشق دەگرێتەوەو کەم کەم خەمی مردن باڵ بەسەر روحی شاعیردا دەکێشێت. شیعرەکانی ئەم دیوانەش وەکو هەردوو

Scanned by CamScanner

زیاتر به زمانێکی ڕاستەوخۆو لۆژیکی دیوانی (ئەسیرو دیوار) پەخشان ئامێزەو زیاتر لە هەمان قاڵبی ئەو دوو دیوانە دایە. ئەم دیوانە هەژدە شیعری لە خۆ گرتووە کە بە شیعری (زندگی - ژیان) کۆتایی هاتووە، کە پێدەچێ سەرەتاو دەرگەیەك بێت بۆ چوونە ناو هەوەڵین شیعرەکانی (تولدی دیگر).

(تولدی دیگر): چوارەمین کۆمەڵە شیعری شاعیرە، کە هۆزانێن ساڵانی ٣٨- ٤٢ی لە خۆ گرتووە. ئەو شیعرانەن کە زادەی دووەمین لە دایکبوونی ژنێکن کە ساڵی ١٣٣١، یەکەمین ساڵی لە دایکبوونی شاعیری ئەو بووە. ئەم دیوانە لە هەردوو دیدو ئاستی ناوەڕۆکەوە بە تەواوەتی لە سێ دیوانەکەی پێشووتری شاعیر جیاوازە، فروغ لە سێ کۆمەڵە شیعری یەکەمیا بێ ئەوەی کەمترین سوودی لە زمان و فەزای شیعری نیما دیتبێ، لە ساڵی ٣٢وە تا ٣٩ جگە لە دەربڕینی قسەێن ژنانەو پرسیارێن یاخیگەرانەی خۆی، پەلی بۆ هیچی تر نە هاویشتووە. تا لە نەورۆزی ساڵی ٤٢دا کە لە ناکاو درەوشانەوەی سیمای فروغێکی دی لە شیعری (اوهام بهاری - وهم سبز) لە (کتێبی هفته) دا چاوانی سەرسام و ئەبڵەق کرد. لەو ساڵەدا بوو کە چاپکردنی (تولدی دیگر) بوو بە ڕووداوی شیعریی ڕۆژ. لەم دیوانەدا بوو کە فروغ کۆمەڵێك دەرگەی بەسەر دنیایانی دیدا کردەوەو لەو دیو ئەو دەرگانەوە کۆمەڵێك هەستی کەشف کرد کە هەرگیز لە چوار دیواری ژوورێن دەرگا داخراوی ماڵەوەدا، توانای دیتنی ئەو هەستانەی نەبوو. هەستگەلێکی لێوڕێژ لە ترسی زەواڵ و تەژی هەڵچوونی

نیگەرانیو یاخی بوونی قووڵی ئینسانی شاعیرێك كە لە هەڕەمەی متمانە بەخۆییدا، زەڕەیەك متمانەی بە كۆمەڵگەی مرۆڤانیو جیهانی زەمانی خۆی نەما بوو.

زۆربەی شیعرەكانی ئەم دیوانە بە زمانێكی نزیك لە زمانی دیالۆگیو بە كێشێكی نزیك لە تەبیعەتی قسەكردنو بە جەوهەرو كرۆكێكی شیعریو كۆمەڵێكو وێنەوە كە تا ئەو رۆژە لە زمانی هیچ شاعیرێكدا پێشینەی نەبووە، نیشان دراون. ئەم دیوانە سیو پێنج شیعری لە خۆ گرتووە كە گرنگترینیان شیعری (تولدی دیگر)ە. هەندێ لەم شیعرانە، لە جۆری خۆیاندا، تا ئێستاش بە باشترینو بەرزترین شیعری ئەمڕۆی فارسی دێنە ژماردن.

(ایمان بیاوریم بە اغاز فصل سرد): پێنجەمینو دوا دیوانی فروغە كە بەرهەمی سێ ساڵی كۆتایی تەمەنی ئەو، لە ساڵی ٤٢ەوەوە تا ١٣٤٥ لە خۆ دەگرێت. ئەم دیوانە چ لە رووی شێوەو فۆرمو چ لە باری پوختەیی زمان و دەربڕین و هزرەوە لە سەرووی دیوانی (تولدی دیگر)ەوەیە. دیوانێكی حەوت شیعرییە، كە هەر شیعرێكیان ترۆپكی خەیاڵو هزرینی شاعیر نیشان دەداتو پیاو وای لێدەكات كە لە خۆی بپرسێت كە ئەگەر فروغ بمایە، ئایا دەیتوانی لەم سنوورەدا هێوەتر ڕۆیشتبا. شاعیر لەم دیوانەدا زیاتر قسان لە شەو دەكات. لە تاریكی و ئەو جەنازە بەختەوەرانەی لەم دەڤەرە تاریكەدا، دێنو دەچنو شاعیر كە سێبەری ترسناكو بەزەیی وڕوژێنی ئەو دیمەنانە دەبینێ بە ناچاری پەنا بۆ خۆی دەباتو لەبەر پەنجەرە هەمیشەییەكەی

خۆیدا، پەنجەرەی روو لە هەتاو، گۆشەگیری هەڵدەبژێرێ. بەڵام وەکو جاران ناتوانێ پەیوەندی دەگەڵ نوور، روناکیدا پەیدا بکات. چونکە هیچ کەسێك نییە ئەو بە هەتاو بناسێنێ و بەوە دڵخۆشی خۆی دەداتەوە کە ناوی فریارەسەکەی، رزگارەکەرەکەی لە ئاوێنە بپرسێت. زمانی فروغ، لەم دیوانەشدا، هەمان زمانی دیالۆگی و مەردمییە کە لە چوارچێوەی دەربڕینی پێشکەوتوانەو زمانی شیعری تایبەتی ئەودا، شکۆو جیلوەیەکی نا ئاسایی پەیدا کردووە. دیوانی (ایمان بیاوریم...) تەنیا حەوت شیعری لە خۆی گرتووە، کە جگە لە شیعری حەوت ساڵی، هەر شیعرێکیان بۆ خۆی و لە جۆری خۆیدا بە گرنگترین شیعرێن فروغ دێنە ژماردن، شیعری (ایمان بیاوریم..) درێژترین شیعری فروغەو لە هەر روویەکەوە بیگریت، شیعرێکی بەرزە.

ئەم شیعرانەی فروغ لەو جۆرە شیعرانەن کە لە جادەیەك دەچن، مرۆڤ پێیدا دێ و پێیدا دەڕوات و ماندوو نابێت، ئەگەر هەڵوەستەیەك بکات دیارە بۆ دیتنی شتێکە کە لە هاتوچۆیەکانی پێشووترا نەی دیتوون، بەر سەرنجی نەکەوتوون. ئینسان دەتوانێ بە ساڵان لە یەك شیعرا بخولێتەوەو ئەوجاش شتی تازە بدینێ، لەم شیعرانەدا ئاسۆ، ئۆتموسفیرو هاماج، سروشت، مرۆڤ، ژیان هەن و جۆرە ئاوێتە بوونێك لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا هەیە. ئەم شیعرانە دەستی خوێنەر دەگرن و دەگەڵ خۆدا دەیبەن، فێری هزرین، نۆڕین، هەستکردن و دیتنی دەکەن، فروغ لە دوای (تولدی دیگر)ـەوە ژنێکە لە قەڵەمڕەوی چکۆلەی خۆی و لەو چوار

Scanned by CamScanner

دیوارەی کە تیایا ئەسیر بوو هاتووەتە دەرێو هەموو جیهانی کردووە بە مەیدانی جەولە شیعرییەکانی خۆی... لە کاتێکا شیعری فارسی لە گەرمەی رەواج و رەونەقی خۆیدا یان ئەوەندە سادەو عەوام پەسندو دروشم ئاسا بووە کە لە هەر شیعریەتێک کەوتووەو هەموو بەهایەکی گوتاری و مەعنەوی لە دەست داوە، یان بە پێچەوانەوە، ئەوەندە بەلای ئالۆزی و دەربڕینی مەتەڵ ئاساوە دایکێشاوە کە لەوە دەرچووە ناوی شیعری لێ بنەیت، کەچی فروغ، هەڵوێستێکی شیعریی مامناوەندی گرتۆتە بەرو ئاماژەشی بۆ ئەمە کردووە: "هەندێ شیعر وەکو دەرگای کراوەن نە لەم دیویاندا هیچ شتێك هەیەو نە لەو دیویان، دەبێ بڵێی حەیفێ بۆ کاغەزەکە.

هەندێکیش وەکو دەرگای داخراوان کاتێ کە دەیان کەیتەوە، دەبین فریو دراوی، بەڵام هەندێ شیعر ئەسڵەن نە دەرگان، نە کراوەن و نە داخراون، جادەن، کورت یان درێژ فەرق ناکات. ئینسان بەردەوام پێیدا دێت و دەڕوات و بێتاقەت نابێت، ماندوو نابێت." (ارش، شماره -٨- گفت و شنود با "فروغ فروخزاد"). بە ڕاستی وایە، شیعرێك شیعر بێ دەبێ وابێ، شیعر جادەیەو تەڤگەر... فروغ یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کە هەرگیز بازنەی لە دەوری چاو ئەندازو روئیاو خەونەکانی خۆی نەکێشاوە...

Scanned by CamScanner

تێبینی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- شعر زمان ما/ ٤/ فروغ فرخزاد از محمد حقوقی چاپ دوم ١٣٧٣= ١٩٩٤/ مؤسسة انتشارات نگاه/ تهران ١٣٧٣.
- بـزرگ بـانوی هسـتی (اسـطورة، نمـاد، صـور ازلـی)/ بـ مـروری بـر اشـعار فـروغ فرخـزاد/ گلـی ترقـی / چاپ دوم پاییز ١٣٨٧/ انتشارات نیلوفر.

Scanned by CamScanner

شەشەم: فروغ لە ئاوێنەی شیعرەکانیا

((١))

فروغ جگە لەوەی شاعیرێکی بە سەلیقەو بەهرەمەند بوو، دەربارەی شیعریش زەینێکی کراوەی دوور لە تاسووبیشی هەبوو لە (مقدمه برگزیده اشعار)دا دەربارەی شیعرێن خۆی دەڵێت: "دەمەوێ بڵێم کە تەنانەت دوای خوێندنەوەی نیماش، من زۆر شیعری خراپم گوتوون.". ئەگەر قەرار بێ کەڵە شاعیرانی سەدەی بیستەمی شیعری فارسی بژمێرین. هیچ گومان لەوەدا نیە کە فروغ یەکێکە لەو چەند شاعیرە گەورەیەی کە لەم سەدەیەدا ژیاون.

فروغ فەڕوخزاد شاعیرێکی عاتیفی، بە زمانێکی زۆر راستگۆیانەو نێوەڕۆکێن لیریکی و کاریگەرەوە، دێنە زمان و مامەڵە دەگەڵ بابەتێن زۆر تازەدا دەکات. بۆ نموونە شاعیرانی کۆن، مەگەر بەدەگمەن، دەنا کەسیان باسی ژیانی تایبەتی خۆیان نەکردووە. بەڵام فروغ راستەوخۆ لە کانگای دڵەوە هەست و سۆزی راستەقینەی خۆی دەربڕیوەو برەوی بەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبیاتی فارسیدا داوە... پایەی شیعریی فروغ، بە تایبەتی ئەگەر دەگەڵ شاعیرانی ژنی دیکەدا بەراورد بکرێت، یەجگار بەرزە، ئەو بابەتانەی ئەو هێناونیە ناو شیعرەوەو دیدو نۆڕینی

Scanned by CamScanner

ژنانەی وی بۆ جیهان و مەسەلە ئینسانیەکان، بەشێوەیەکی گشتی لە شیعری ژنانی دیکەدا پێشینەیان نیە.

بۆ نموونە جارجارێ لە شیعری مەهەستی گەنجەویدا تیمەو نێوەڕۆکی ناشیرین و بێ پەردە دەبینرێت، بەلاّم شیعری فروغ ڕەنگە هەندێجار بێ پەرواو بێ منەت بێ بەلاّم هەرگیز بێ پەردەو ناشیرین نیە. پەروینی ئیعتیسامی شاعیرێکی گەورەیە. بەلاّم بە هۆی پێکهاتەی خانەوادەیی نەسلی پێش فروغەوە، بە حوکمی پێکهاتەی پۆلاّینی نێر سالارییەوە، هیچ کاتێک باسی مەسەلە تایبەتیەکانی خۆی، باسی داخ و کەسەرەکانی خۆی، بە شێوەیەکی گشتی قسەی دڵی خۆی نەکردووە. قسەی ئەو، لەم بوارانەدا، بێدەنگییەکەی بووە، جا چ بێدەنگییەکی پڕ مانا! هەڵبەتە تواناو بەهرەی شیعری پەروین ئەوەمان پێدەڵێت کە دەیتوانی و زۆر بە چاکیش دەیتوانی دیدو نۆڕینی ژنانەی خۆی بۆ دنیای ناوەوەو دەرەوە، بە شیعر بسپێرێت، هونەرمەندانە بیشیعرێنێ و ئەدەبیاتی عاتیفی و لیریکی سەردەمی خۆی دەوڵەمەندتر بکات.

بەلاّم وەکو ئاماژەمان کردێ خەمناکترین و کاریگەرترین شیعری ئەو وەکو شاعیرێکی گەورە، لەم بوارەدا، بێدەنگیەکەی بوو. فروغ، وەکو چۆن باسی مەکینەی خەیاتی، گسک و گسکدان، موبەق، جلشۆری کردووە، بەو ئاوایەش باسی مێرد، باوک، کوڕ، مەعشوقی خۆی کردووە. باسکردنی ئەم بابەتانە بە رادەیەک لە ئەدەبی فارسیدا تازە بوو کە بە هەرزەیی و بێ ئەدەبی و

Scanned by CamScanner

بریندارکردنی حورمەتی ئەخلاقی کۆمەڵ تاوانبار کراوە (هەڵبەتە ئەوانە بە هەڵە لە شیعرو ئەرکی شیعر گەییشتوون‌و هەمان ئەرکی وتاریان لە شیعر بارکردووە! لێ هەنووکە کە ساڵانێکی زۆر بەسەر مردنی فروغ دا بوریوە و ئاگری حەزو رق‌و پێشداوەریانی کاڵوکرچ‌و پەلەو هەڵسەنگاندنی نازانستی، تا رادەیەك دامرکاوەتەوە، دەکرێ بە چاوێکی واقیعی تر تەمەشای شیعری ئەو بکرێت‌و بە گوێرەی رێڕەوی مێژوویی تێکڕای بزاڤی ئەدەبێ فارسی پێگەو پایەی ئەو لە جوگرافیای ئەدەبیاتی فارسیدا دیاری بکرێت‌و بناسێنرێت... فروغ شاعیرێك بوو کە ڕاستگۆیانەو بە ئینسافەوەو هونەریانە لە ژیان‌و ماڵ‌و کۆمەڵگە دواوەو ئەدەبیاتی فارسی زۆری پێویست بەو جۆرە دیدو نۆڕینە هەبوو.

فروغ، بە دەم ئەزموونی ژیان‌و شیعرەوە ئەوەی کەشف کرد کە دەشێت بە زمانی سادە قسە بکرێت، بۆیە لەو پێودانگەوە بە زمانی ئاسایی خەڵکی، باسی پرسە گرنگەکانی ئێران‌و ئێرانیانی سەردەمی تازەی کردووەو خۆی لەو زمانە قەبەو قەڵەوو پڕ تەکەلوفە بواردووە کە لە ئەدەبیاتی کۆندا باو بووە، هەر بۆیەش ئێرانی ئەمڕۆ بە ئاسانی ئاوێتەی شیعرەکانی بووەو بە چڕی لە شیعرەکانیا ڕەنگی داوەتەوە... دیارە هونەرمەندی گەورە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەزموونانی تایبەتی خۆی لە بۆتەی کارە هونەرییەکەیدا قاڵ بکاتەوەو بیگۆڕێت بۆ ئەزموونانی گشتی‌و هەمە زەمانی، کە ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێت، هونەرەکەی سنووری زەمان و رۆژگاری خۆی بە باڵی هونەرو

ئافراندن دەبەزێنێ‌و بە زمانی هونەر خەڵکی هەموو دنیا دەدوێنێ‌و دەبێت بە وێردی سەر زاری خەڵکی هەموو سەردەمەکان. جا فروغ لە زۆر بواردا، ئەزموونانی تایبەتی خۆی لە مەیدانی ڤیان‌و ئەشقدا، لە شکانا، لە ژیانی... لە بۆتەی ئەزموونانی گشتیدا قاڵ کردووەتەوەو گشتایەتیەکی هونەری ئەوتۆی پێ بەخشیوە کە بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەزموونی گشتی‌و لەم رووەوە نەك هەر لە زەمان‌و رۆژگاری خۆیدا بەڵکو تا شیعر بمێنێ هەمیشە خەڵکانێك دەبن دەگەڵ شیعرەکانیا بژین. فروغ بە ڕاستی وەکو هەر شاعیرێکی گەورەو ڕەسەن پەیڤداری ئیعتراف پێنەکراو یان بە گوتەیەکی دی پەیڤداری نافەرمی هەموو ئەو کەسانەیە کە وەکو ئەو دەبینن، وەکو ئەو بیردەکەنەوە، بەڵام توانا گوتنەوانیەکانی ئەویان نییە.

ئەگەرچی زمانی فروغ لە بونیادا، زمانی رۆژو سادەیە، بەڵام لە رووی کرۆك‌و جەوهەری ئەدەبییەوە، لە لێکچوون‌و خواستن‌و خوازەو رەمزێن پڕ بەها خاڵی نیەو لەم رووەوە خزمەتێکی شایانی بە زمانی ئەدەبی سەردەمی خۆی کردووەو کۆمەڵێك ڕەهەندی تازەی کردووەتەوەو ئیمکاناتی شایستەی کەشف کردووە. هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ، فروغ ئەگەرچی لە بنەڕەتدا شاعیرێکی لیریکییەو هەست‌و سۆز، سیفەتی زاڵی هەموو شتەکانیەتی، بەڵام لە روویەکی ترەوە، وەکو زۆربەی گەورە شاعیران، بە یەکێك لە دیرۆکنووسانی ئەدەبی مێژوو و کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی دادەنرێت‌و لەم رووەوە

Scanned by CamScanner

دەبێتە سەرچاوە بۆ ئەو توێژەرانە کە لە ئایندەدا مێژووی کۆمەڵایەتی سیاسی ئەم سەردەمە دەخەنە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە.

((٢))

فروغ لە پێشەکی "برگزیده اشعار"دا دەڵێت: "شیعر بۆ من وەکو پەنجەرەیەکە هەر کاتێ بەرەو لای دەچم خۆ بە خۆ دەکرێتەوە. من لەبەریا دادەنیشم، تەمەشا دەکەم، گۆرانی دەڵێم، هاوار دەکەم، دەگریم. ئاوێتەی وێنەی درەختەکان دەبم و دەزانم کە لەو دیوی پەنجەرەکەدا فەزاو هاماجێك هەیەو کەسێك گوێ دەگرێت، کەسێك لەوەیە خەڵکی دوو سەد ساڵی دی بێت، یا خەڵکی سێ سەد ساڵی لەمە پێش بووبێ."

وا باوە کە هەر هونەرمەندێکی گەورە شاکارێکی گەورەو بەرجەستەی هەیە کە دەکاتە کاکڵەو پوختەی تێکڕای راوبۆچوون و هونەرو ژیانی ئەو، یانی دەکاتە مانیفێستی ئەنتولوژی و هونەری ئەو، دەکاتە لوتکەی کارەکانی و لە بەرهەمەکانی تری، زیاتر شاعیر نیشاندەدات و دەیناسێنێ، بۆ نموونە سهرابی سپهری بە چامەی (سەدای پای ئاب)و (مسافر) کە پوختەو کاکڵەی هەموو شیعرەکانیەتی، بەناوبانگە، مەولانا بە مەسنەوی بەناوبانگە، ئەحمەدی خانی بەمەم و زین، ئیلیوت بە وێرانەخاك، دانتی بە کومیدیای خوایی، هومەر بە ئیلیادە... هتد. بەناوبانگن... هەڵبەتە هەموو شاعیرێك ناگاتە ئەم ئاستە، بە زۆری ئەوانە دەگەنە ئەم ئاستە کە گەیی بنە سیستەمێکی فیکری یان

Scanned by CamScanner

هەست و سۆزێکی بە جۆش و خرۆش و بەردەوام لە پشت شیعرەکەیەوە بێت. چونکە هیچ چامەو بەیتێکی شیعری لە یەک دوو سەعاتاندا نایەتە گوتن یان نووسین، بۆیە دەبێ شاعیر بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر یەک حاڵەتی جێگیری شیعریدا بێت. واتە مەنزومە (بەیت) بە هەموو درێژییەکی خۆیەوە لەسەر یەک هێڵی جێگیری فیکری و سۆزداری بڕوات.

مەنزومە (بەیت) دەرفەتی شاعیر دەدات کە تێکڕای سات و دەمە گرینگە فیکری و عاتیفییەکانی خۆی دەور بکاتەوەو بگێڕێتەوەو بەوپەڕی ئازادی خۆی، بەلای کەمەوە بۆ خۆی، بگێڕێتەوەو ئاشکرا بکات. جا کە باسەکەمان، لێرەدا باسی فروغە، دەکرێت شیعری (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد) بە باشترین و کاریگەرترین و گرینگترین مەنزمەوی فروغ دابنرێت، کێ لە ئێمە، یان لە کچانمان، یان خوشکانمان، یان دایکانمان هەیە کە خۆی لەو شیعرەدا نەبینێتەوە؟ فروغ لەم شیعرەدا، بە زمانی ئەدەبی ئەمڕۆ، بە زمانێکی زۆر عاتیفی و کاریگەرو خەمناک، بەوپەڕی بەلاغەت و فەساحەتەوە، سەربهوردی شکستی خۆی لە ژیاناو بە تایبەتی لە ژیانی ژن و مێردایەتیداو چۆنیەتی جیابوونەوەی لەو پیاوەی کە خۆشی ویست (زاهیری مەبەستی مێردەکەیەتی) بە شێوەی یادگارێن پەراگەندە دەگێڕێتەوە، هەڵبەتە لە پێچ و پەناو پەسێرانی ئەم تیمەو نێوەڕۆکەوە، ئاماژە بۆ بابەتێن دیکەش دەکات. (فروغ لە ساڵی ١٣٣٠دا لە تەمەنی شازدە ساڵیدا شوو دەکات، بە خۆشەویستی شووی کرد. لێ

Scanned by CamScanner

سەرەنجام دووچاری نائومێدیو شکست دەبێتو دوای سێ ساڵ لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە. ئەم شکستە کارێکی قووڵ لە دڵو دەروونی دەکات کە بە زۆری لە شیعرەکانیا ڕەنگی داوەتەوە... بە هەر حاڵ بابەتی سەرەکی زۆربەی شیعرەکانی فروغ، گەڕانەوەیە بۆ یادگارێن ڕابردوو و سەردەمێن منداڵیو، داخو حەسرەتە بۆ تەمەنی بە باچووی خۆی) .

فروغ لەم شیعرەدا (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد، کە ٢٥٥ دێڕە) قسەو دیدی خۆی سەبارەت بە ژیان بە گشتیو ژیانی تایبەتیو ڕابردووی خۆی، بە تایبەتی دەردەبڕێت. ئەم شیعرە لە ڕاستیا زمزەمەو چپە چپێکە کە شاعیر لە ڕۆژێکی ساردی زستانیدا دەگەڵ خۆیدا دەکات، بەڵام ئەوانەی کە لە نزیکی ئاستانەی روحی ئەودا وەستا بن، دەتوانن گوێی لێبگرنو گوێیان لێی بێت. شاعیر، لەم شیعرەدا یەك موخاتەبی هەیە کە پێی دەڵێت: "ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار!"و ئەم یارە لە ڕاستیدا بوونی یەکگرتووی شاعیرە دەگەڵ ئەو پیاوەدا. جا چونکە ئەم شیعرە گێڕانەوەی بیرەوەریانە، لە رووی بونیادێن مانایيو زمانەوانییەوە لەسەر بناغەی دووبارە کردنەوە ڕۆنراوە. ڕستەو وشەکان بەردەوام دووبارە دەبنەوە، وەکو چۆن بیرەوەریان لە زەینـدا دووبارە دەبنەوە.

شیعرەکە بە وەسفی نائومێدی ژنێك دەست پێدەکات، ژنێ کە لەبەر ئاسانەی وەرزێکی ساردا وەستاوە. وەرزی زستان کە ڕەمزی مەرگ و فەوتانو پەریشانیو وێرانییە. دەستەکانی

Scanned by CamScanner

کۆنکرێتی و بێ توانان و رزگارکەرو فریارەسەکەشی کە روحیەتی خۆیەتی، لە گۆڕا خەوتووە... بیر لە جووتگیری گوڵان دەکاتەوە، یانی بیر لە کۆتایی زستان و دەستپێکی بەهار دەکاتەوە، بەڵام ئەم بەهارە لە ئایندەدا نییە، لە رابردووی ئەودایە، چونکە ئایندەی ئەو هیچ تروسکەیەکی تیا نییە.

بە هەر حاڵ ئەم مەنزوومەیە (ایمان بیاوریم...) یەکێکە لە دوا شیعرەکانی فروغ..بەڵێ شاعیر هەرچی دەکات و دەکۆشێت ناتوانێت لەم سەرمایە رزگار بێت، خۆی لەم فەناو پەریشانیە بدزێتەوە، کەواتە باشتر وایە، ئەم حەقیقەتە تاڵە قەبووڵ بکات. ناتوانێ یادگارییەکانی ئەو پیاوە فەرامۆش بکات و خاکی مەزاری ئەو دوو دەستە جەوانە هێشتا تازەیە (دەست، خۆی و ئەوە لە بوونێکی یەکگرتوودا). کەواتە ناچار دەبێ بە سەرەتای وەرزی سارد، بە سەرەتای پیری و تەنیاییەکی گەورە، باوەڕ بێنێ، دانی پێدا بنێت، ئەمە تیمەو نێوەڕۆکی سەرەکی شیعرەکەیە... بەڵێ، بەمجۆرە فروغ، وەکو گەورە شاعیرانی دیکە، مەسەلەو پرسە تایبەتی و بچووکەکانی دەوروبەری خۆی دەگۆڕێت بۆ پرس و مەسەلەێن گەورەو نەمرییان پێدەبەخشێت.. رووداوێك لە زەمان و شوێنێکی تایبەتیدا دەگۆڕدرێت بۆ شیعرێکی میتا زەمان و هەر ئەمەش رازو نهێنی هونەرە: نەمر بوون و نەمر کردن...

((٣))

فروغ دەڵێت: "وشە بەلای منەوە یەجگار گرینگە، هەر وشەیەك روحیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە."

Scanned by CamScanner

هەندێ وشــە هــەن کــە لــە شــیعری فروغــدا زۆر دووبــارە بوونەتــەوەو تایبەتمەنــدی خۆیــان وەرگرتــووە. وشــەێن وەکــو: دەست، ئاوێنــە، کەزی، حەجم... بە هــەر حالْ فروغ وەکــو هــەر شاعیرێکی گەورەی دی خاوەنی فەرهەنگێکی وشەوانی تایبــەتی و وەك دەڵێن تیرمینولوژییە.. جا لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە فروغ هاتووە بــە خــۆی وشــەی تایبــەتی داتاشــیوەو زاراوەی دروســت کردووە، بەڵکو مەبەســت ئەمەیــە کــە رەفتــارێکی زەیــنی تایبــەتی ئەوتۆی دەگــەڵ هەنــدێ پــەیڤ و وشــاندا کــردووە کــە هەنــدێ لــەو پەیڤ و وشانە لــە شیعری ئەودا مانــای تایبــەتیان پەیــدا کــردووە. گەلێك لەم وشانە لایەنی رەمزییان پەیدا کــردووەو هەیــە. فروغ بــە زۆری چ لــــە مەســــەلە فەردییــــەکانی خۆیــــداو چ لــــە مەســــەلە کۆمەلایەتیەکانــدا زمــانێکی ڕەمــزی هەیــە. هەڵبەتــە مرۆڤ کــە دێتــە سەر باسی لایەنە تایبەتیەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، حەز ناکات پەنا بەرێتە بەر زمانێکی راستەوخۆو بێ پــەردە، لــەم رووەوە چ بــە شێوەیەکی ئاگایی یــان نــا ئاگــایی، پــەنا دەباتــە بــەر رەمــز. فــروغ شاعیرێك بوو کــە لــەوانی دی زیاتر باســی ژیــانی تایبــەتی خــۆی و ئەزموونێن شکســت و خــەمناك و بــە ســوێی ژنــی لــە کۆمــەڵی پیــاو سالاریدا کــردووە. لــە نامەیەکــدا دەڵێــت: "هەمیشــە هــەوڵم داوە وەکو دەرگایــەکی داخــراو وابم تــا هــیچ کەســێك ژیــانی ترســناکی دەروونیم نەبینێ و نەزانێ." بە هــەر حالْ هونەرمەنــدان لــەم جــۆرە حاڵەتانەدا پــەنا بــۆ هونــەری خــۆ دەبــەن، ئیــدی شــیعر بــێ، موزیقــا بێ، نیگارکێشــی بــێ.... کــە بــە تەبیعــەت و لــە جەوهــەرو کرۆکــدا،

لایەنی ڕەمزیو ناراستەوخۆییان هەیە... نموونەی زمانی ڕەمزی فروغ لەم دێڕانەدا بە جوانی دەبینرێت:

دووبارە سڵاو لە هەتاو دەکەم
لە جۆبار کە لە مندا ڕەوان بوو
لە هەوران کە بیروخەیاڵاتی دوورو درێژم بوون
لە گەشەکردنی دەردناکی سپیدارانی باغ کە دەگەڵ منا
بە وەرزە وشکەکانا ڕەت دەبوون.

لەم شیعرەدا هەتاو، ئومێدو روناکی، جۆبار، ژیانێکی سستو ئارامو زەمزەمەئاسا، هەوران، هزرێن تاریکو نا ئومیدیو رەشبینیو خەم، سپیدار، ئەندێشەی ژیانو مردنی پەی دەرپەیو، وەرزێن وشکی ژیانی بۆشو بەتاڵو دژوار، وەبیر دێننەوە.

زمانی فروغ، زمانێکە پڕ ئاهەنگو هاو ئاهەنگو هەڵقوڵاوی کانگای دڵو ڕەوان، ڕەنگە نزیکترین زمانی ئەدەبی بێت لە تەبیعەتی زمانی قسەکردنی ئاساییەوە کە نیما زۆری بانگەواز بۆ دەکرد. ئەم زمانە مۆسیقای خۆی زیاتر لە دیالۆگو گێرانەوەوە وەرگرتووە تا لە عەروزەوە.

ئەم زمانە لەلایەکی ترەوە، یەجگار پڕسۆزو عاتیفی و کاریگەرە، چونکە لە کانگای دڵەوە هەڵقوڵاوەو بۆنی ڕاستگۆییو پاکیو سادەیی لێدێت. لەلایەکی ترەوە زمانێکی ئەدەبییە، لێ

Scanned by CamScanner

زمانی ئەدەبی ڕۆژگاری ئەمڕۆ نەك ئەدەبیاتی هەزار ساڵ لەمە پێش!... جا فروغ وەکو چۆن لە ڕووی ماناوە شاعیری سەردەمی ئەمڕۆیە، بەو ئاوایە لە ڕووی زمانیشەوە شاعیری ڕۆژگاری ئەمڕۆیە.. زمانێکی هێندە سرك‌و زندووی بە کاربردووە کە شاعیرانێکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوەوە، بۆ نموونە زمانی سپەهری نزیکترین زمانە لە زمانی فروغەوە، زمانی ئەمانە بە ڕادەیەك لێکدیەوە نزیکن کە خوێنەر هەندێجار و لە هەندێ شیعردا بە هەڵەدا دەچێت‌و بە ئاسانی لێکتریان جیاناکاتەوە، هەڵبەتە سپەهریش وەکو فروغ سوودی لە ئاهەنگی زمانی فارسی ئەمڕۆ وەرگرتووەو هەمان فارسی زندوو و باوی ئەمڕۆی ڕەچاو کردووە. دیارە پێویستە هەر شاعیرێکی گەورە بە زمانی سەردەمی خۆی قسان بکات.

زمانێك کە هەڵقوڵاوی دیالۆگ‌و گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکی‌و گفتوگۆی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەیە. ڕەگی موسیقای شیعر لە زماندایە،و پێویستە مۆسیقای باوو پەسندی خەڵکی هەمان ڕۆژگار بێت. کاتێ کە خوێنەر شیعرێك دەخوێنێتەوە یان گوێگر گوێی لێدەبێت، لە دڵی خۆیدا بڵێت ئەگەر قەرار بوایە من بە زمانی شیعر باخفم، بە هەمان شێوە دەپەڤیم. لەبەر ئەمەیە کە شیعرێن سەردەمی ئێمە هەستێکمان لا دروست دەکەن کە شیعرێن زۆر چاکتری سەردەمانی کۆن، ئەو هەستەیان لەلامان پێ دروست ناکرێت..

Scanned by CamScanner

فروغ، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە گرینگی بە زمانی تایبەتی خۆیو گرینگی زمان لە گوێزانەوەی هەستو چێکردنی موسیقادا، داوەو لە گفتوگۆیەکانی خۆیدا، قسەی لەسەر ئەم لایەنە کردووە، بۆ نموونە لە (مقدمە: برگزیدە اشعار)دا دەڵێت:

... من تەمەشای دەوروبەرم، شتەکانی دەوروبەرمو خەڵکەکەی دەوروبەرمو هێڵە گشتیەکانی ئەم دنیایەم کرد، کەشفم کردنو وەختێ ویستم بیڵێم، بیگێڕمەوە، سەیرم کرد پێویستم بە وشەیە، وشەێن تازە کە هی هەمان دنیا بن... وشەم هێنان. چ قەیدیە کە ئەم وشانە هێشتا نەبوون بە وشەی شاعیرانە، خۆ گیانیان تیایە! دەیانکەین بە وشەی شاعیرانە. وشە پەیدا بوون، ئەوسا مەسەلەی زەرورەتی گۆڕینو دەستکاری لە کێشی وشەکاندا هاتە پێشەوە.

تواناێن زمانی فارسی زۆر زۆرە.

ئەم خەسڵەتەم لەزمانی فارسیدا کەشفکرد کە دەشێت بە سادەیی قسە بکرێت... یانی بە هەمان ئەم سادەییەی کە من ئێستا دەگەڵ تۆدا قسە دەکەم.

من گوێم لە پێشینەی شیعریی وشەو شتەکان نییە. من چیکەم کە تا ئێستا هیچ شاعیرێکی فارسی زمان بۆ نموونە وشەی "انفجار= تەقینەوە"ی لە شیعردا بەکار نەبردووە.

ئەگەر دیدو نۆڕین، نۆڕینو دیدی ئەمڕۆیی بێت، زمانیش وشەێن خۆی دەدۆزێتەوەو هاوئاهەنگی ئەم وشانە دابین دەکات. وەختێ زمان پوختە بوو، گرێو گۆڵی تیا نەما، یەکدەستو رەوان بوو کێشی خۆی دەگەڵ خۆیدا دێنێو بەسەر کێشو وەزنە

Scanned by CamScanner

باوەكانیا دەسەپێنێ. من ڕستە، بە هەمان سادەیی كە لە مێشكما دروست دەبێ، دەخەمە سەر كاغەزو كێش وەكو داوێكە كە بە بەینی ئەو وشانەدا رەت دەبێت.

لە زمانی فارسیدا ئەو كێشانەی كە ریتمو ئاهەنگی كەمتریان هەیەو لە ئاهەنگو ریتمی گفتوگۆوە نزیكترین، دەكرێت هەر ئەو كێشانە بهێنرێنو پەرەیان پێ بدرێت... ئەوەی كە كێش دروست دەكاتو دەبێ كێش دابین بكات، بە پێچەوانەی رابردووەوە، زمانە: هەستی زمان، غەریزەی وشەو ریتمی دەربڕینی ئاساییو سروشتی وشانە.

پێویستە واقیعی ترینو بەرجەستەترین وشە بێتە هەڵبژاردن، تەنانەت ئەگەر شاعیرانەش نەبێت.

ئەم دوو پرسە، واتە كێشو زمان لێكدی جیا نین، پێكەوە دێنو كلیلیان لە ناو خۆیاندایە. زمان، كێش بەگەڵ خۆی دەخات...

((٤))

وتمان هەندێ وشە هەن كە لە شیعری فروغ دا بە رادەیەك دووبارە بوونەتەوە كە دەشێت بە ناسنامەی شیعری ئەو دابنرێن یان بە كلیلی كردنەوەی دنیای شیعرەكانی ئەو دابنرێنو زۆرجاریش شەقڵی رەمزییەتیان پەیدا كردووە، جێی خۆیەتی لێرەدا چەند وشەیەك لەو وشانە بە نموونە بێنینەوە، كە رەنگە خوێنەران بتوانن لەو رێگایەوە، زیاتر ئاشنای ئوتموسفێرو هاماجی گشتی شیعری فروغ ببن... بۆ نموونە وشەی خۆر

Scanned by CamScanner

(هەتاو) لە هەموو ئەم شیعرانەدا دووبارە دەبێتەوە: (ئەو ڕۆژانە، هەتاو هەڵدێ، دان بە سەرەتای وەرزی ساردا بنەین، خەیاڵی کەسک، سڵاوی دووبارە لە هەتاو دەکەم، پەنجەرە، تەنیا دەنگە کە دەمێنێ، باڵندە مردەنیە.)

دیارە خۆر یان هەتاو لێرەدا ڕەمزی ژیان و ژین وئومێد هیواو یادەوەری ڕۆژانی خۆشی ژیانە (لە رابردوودا). یان وشەی زستان و بەفر: کە لەم شیعرانەدا دووبارە دەبێتەوە: (ئەو ڕۆژانە، دان بە سەرەتای وەرزی ساردا بنەین) دیارە ئەو وشانە دەنگدانەوەیەکی باش و ئەرێنیان هەیە، چونکە پاکی و بێگەردی و سپێتی و ئارامی و هێوری وەبیر دێننەوە، ڕەگیان دەچێتەوە سەر ئەو چەمك و مانایانە. باشترین شیعری فروغ کە (ایمان بیاوریم بە اغاز فصل سرد)ـە، گێڕانەوەیەکی بیرەوەریانەی خەمناك و بە ئازارە لە زستاندا. فروغ لە زستاندا لە دایك بووەو لە زستاندا کۆچی دوایی کردووە (لە ڕۆژی ١٥/دی ما/ ١٣١٣ لە دایك بووەو لە ٢٤/بهمن/ ١٣٤٥دا کۆچی دوایی کردووە).

یان وشەی هاوین و سەوز: کە لە هەردوو شیعری (لە ئاوە کەسکەکاندا، وەهمی کەسك) دووبارە دەبنەوەو بیرەوەریە خۆشەکانی رابردوو وەبیر دێننەوە.

یان وشەی درەخت (نەمام) کە لە شیعری (تەنیا دەنگە کە دەمێنێ، دڵم بە باخچە دەسووتێ، پەنجەرە، باوەڕ بێنین بە...، لە دایکبوونێکی تر، لە نێو تاریکیدا، لەسەر خاك، با دەمانبات، گوزەران)دا دووبارە دەبنەوەو درەخت بە شێوەیەکی گشتی ژیان و

Scanned by CamScanner

هەندێجار بەشێکە لە بەشەکانی ژیان و هەندێجار رەمزی شاعیر خۆیەتی کە با وێرانی کردووە... درەخت رەمزی ژیانی ئەبەدی و لە هەموتان نەهاتووە، لەو رووەشەوە کە رەگی درەخت لە زەویدایەو لق و پۆپی لە ئاسماندایە، ئەمە نیشانەی پەیوەندی نێوان هەرسێ جیهانی: دۆزەخ، زەوی، وبەهەشتە،هەروەها درەخت رەمزی تەبیعەتی بەشەرییەو رەمزی رێرەوی لە کۆتایی نەهاتووی ژیانە...

یان وشەی چەمەنزار کە لە شیعری (فەتحی باخ، ئاشقانە، دوای تۆ)دا دووبارە بووەتەوە، ئەمیش وەکو درەخت رەمزی ژیان و بوون و ئارامی و بیرەوەریانی خۆشە.

یان وشەی (باخچە) کە لە شیعری: (فەتحی باخ، دڵم بە باخچە دەسووتێ)دا دووبارە دەبێتەوە، باخچەش هەڤبەند دەگەڵ درەخت و چەمەنزاردا رەمزی ژیانی گشتی، ژیانی خانەوادەیی و ژیانی خودی شاعیرە. لە فەرهەنگی رەمزاندا باخ رەمزی خودئاگایی و جەنگەڵ و بێشە رەمزی ناخودئاگاییە.

یان وشەی (سەوز) کە لە شیعری: (ئەو رۆژانە، با دەمانبات، بە هەتاو...، دڵم بە باخچە دەسووتێ)دا، لێرەدا رەمزی نەشوونماو ژیان و یادگارە خۆشەکانە.

یان (زەوی) کە لە شیعرێن: (فەتحی باخ، باوەڕ بێنین بە.....)دا دووبارە دەبێتەوە، رەمزی بوون و سروشتە.

یان (پەنجەرە) کە لە شیعرێن: (گوزەران، با دەمانبات، لە غرووبی ئەبەدیا، پەنجەرە، دیاری، دیدار لە شەوا، خەیاڵی سەوز،

Scanned by CamScanner

من له تۆدا دەمردم، پەنجەرە، کەسێك كە وەكو هیچ کەسێکنیە)دا دووبارە دەبێتەوە.رەمزی هیواو نوورو روناکی و درەوشانەوەو ئاییندەو ئەوزاری پەیوەندیە. پەنجەرەی زۆر خۆشدەوێ و ناوی یەکێك لە شیعرەکانی ئەوە. پەنجەرە تاقە ئەوزاری پەیوەندی ئەوە بە جیهانی دەرەوە. هەندێجار پەنجەرە بە ماناو چەمکی چاو و زەین بە کار دەبات بەو ئیحتوبارەی کە هەندێجار پەنجەرە رەمزی خودی شاعیرە. هەروەها پەنجەرە رەمزی خودئاگاییەشە، بە تایبەتی ئەگەر لە بڵندایی دا بێت.

یان کەزی (گێسو) كە لە شیعری: (بیبورە، من لە تۆدا دەمردم، شیعری سەفەر، لە ئاوی سەوزی هاوینا، فەتحی باخ، سلاوی دووبارە لە هەتاو دەکەم، پەنجەرە)دا دووبارە دەبێتەوە. کە بەلای شاعیرەوەو لە نۆڕینی ژنانەی ئەوەوە گرینگترین بەشی بەدەنەو، ئینسان لە شیعری ئەودا بە دەستو کەزی تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکات... لە فەرهەنگی رەمزاندا قژ دارایی رۆحانیو مەعنەوی ئینسانەو نیشانەی گەشەکردنی مەعنەویەو لە دەستدانی نیشانەی شکستو هەژارییە..

یان وشەی (باڵندە) كە لە شیعری: (تەنیا دەنگە کە دەمێنێ، دوای تۆ ، باوەڕ بێنین...، باڵندە، هەر یەك باڵندە بوو، دیدار لە شەوا، باڵندە مردەنییە.)دا دووبارە دەبێتەوە، رەمزی روحو فریشتەیە، هەروەها رەمزی بەرزەفڕی ئەندێشەو خەیالاتە، دیارە لە خەیاڵدانی ئەفسانانی کۆنیشدا روح، باڵندەیەو دەگوترێت روحی لە قەفەزی سینە هەڵفڕی. باڵندە لە وشە خۆشەویستەکانی

Scanned by CamScanner

فروغەو ناوی چەند شیعرێکی وی راستەوخۆ بە وشەی باڵندەوە پەیوەستە. دوا شیعری فروغ ناوی (باڵندە مردەنیە)یە.

یان وشەی (چۆلەکە- چێشکە- پاساری): کە رەمزی شادیو خۆشی ژیانە، رەمزی چالاکیو چەلەنگی جۆشو خرۆشە، لەم شیعرانەی فروغ دا دووبارە دەبێتەوە: (ئەو رۆژانە، من لە تۆدا دەمردم، باڵندە مردەنیە).

یان وشەی (کۆتر) کە رەمزی روحەو سلاڤییەکان باوەڕیان وایە روح لە دوای مردن دەبێت بە کۆتر، کۆتریش رەمزی هێزێن مەعنەوی و بالایە. کۆتر یەکێکی ترە لەو باڵندانەی کە لە شیعری فروغ دا ناوی هاتووەو لەم شیعرانەدا دووبارە بووەتەوە: (لە غروبی ئەبەدیا، نیشانە زەمینییەکان، فەتحی باخ.)

یان (کوچە= کوجی)، کە رەمزی رابردوو و سەردەمانی خۆشی منداڵیو تێپەڕبوونی تەمەنو هەندێجار رەمزی ژیانو کۆمەڵە، یەکێکە لەو وشانەی لە زۆر شیعری فروغ دا دووبارە بووەتەوە وەك: (من لە تۆدا دەمردم، لە غرووبی ئەبەدیا، لە ئاوی سەوزی هاوینا، ئەو رۆژانە، پەنجەرە، دیاری، هەیبنی).

یان وشەی (ئاوێنە) کە لەم شیعرانەدا دووبارە دەبێتەوە: (دیدار لە شەوا، خەیاڵی سەوز، بە هەتاو، من لە تۆدا دەمردم، لە دایکبوونێکی تر، باوەڕبێنین بە سەرەتای وەرزی سارد). لە مانا گشتییەکەیدا رەمزی زەینو دڵو بیرەوەریانە. هەندێجار رەمزی سفرەی مارە بڕینە کە لای خەڵکی بە "ئاوێنەی بەخت" ناسراوەو هەندێجار رەمزی پاکیو بێگەردییە... (سفرەی مارەبڕین،

سفرەیەکە لە ڕێورەسمی مارەبڕینا لە بەردەم بووکو زاوادا رادەخرێتو ئاوێنەو مۆمدان، قورئانو هەندێ خۆراکی بارگاوی بە ڕەمزی وەکو (نان، پەنیر، سەوزی، شیرینی، هەنگوینی....." لەسەر دادەنەن.

یان وشەی (ئەستێرە) کە لەم شیعرانەدا دووبارە دەبێتەوە: (دڵم بە باخچە دەسووتێ، پرسیار، لەسەر خاک) هەندێجار ڕەمزی ئومێدو بەختەوەریەو هەندێجار ئاماژەیە بۆ پولەکەی جلکی بووکێنی.

یان وشەی "دەریاو ئۆقیانووس" کە لەم شیعرانەدا (دیدار لە شەوا، خەیاڵی سەوز، لە دایکبوونێکی تر، باوەڕبێنین...، ماشوقی من،)دا دووبارە بوونەتەوە، هەندێجار ڕەمزی بوونو ژیانە، هەندێجار ڕەمزی قووڵی یادگاریانە،و هەندیجار نیشانەو دەلالەتی تەنیاییو غوربەتو مردنە... ئۆقیانوس هەندێجاریش ڕەمزی ژن یان دایکەو گەڕانەوە بۆ دەریا بە مانای گەڕانەوە بۆ لای دایکو بەپیرەوەچوونی مەرگە. یان (چرا) کە ڕەمزی هیواو بەختەوەریو ڤیانو مەکۆی خانەوادەییە لەم شیعرانەدا دووبارە دەبێتەوە: (دیاری، من لە تۆ دا دەمردم، پەنجەرە، باڵندە مردەنیە.)

یان وشەی (دەست) یەکێکە لەو وشانەی کە فروغ زۆری حەز لێدەکاتو لە هەموو ئەم شیعرانەدا دووبارە کراوەتەوە: (ئەو ڕۆژانە، ویساڵ، تەنیایی مانگ، نیشانە زەمینییەکان، فەتحی باخ، لە دایکبوونێکی تر، پەنجەرە، دڵم بە باخچە دەسووتێ.)

Scanned by CamScanner

((٥))

هەوێن یا مۆتیف، یان تیمە، بابەتێکە لە تێکڕای ئەدەبیاتی وڵاتێکدا یان لە کۆی بەرهەمی کەسێك دا، یان لە سەرانسەری بەرهەمێکی تایبەتی هونەریدا، بەردەوام دووبارە دەبێتەوەو دەبێت بە بناغەو هێمی کارە ئەدەبییەکە... زۆربەی کارە ئەدەبیە ناوازەکان، بە تیمەیەکی پەنهان بارگاوین و ئەم تیمەیە لە سەرانسەری بەرهەمەکەدا تۆو دراوەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بندێری بەرهەمەکەدا بەرجەستە کراوەو چاو شارکێ دەگەڵ خوێنەرا دەکات... جا شیعری فروغ، وەکو شاعیرێکی گەورە، گەلێك لەم تیمەو موتیف و هەوێنانەی تێدایەو خوێنەری جددی زۆر بە ئاسانی هەستیان پێدەکات، لەوانە بۆ نموونە بابەتی مردن و زەواڵ و پۆسیان، یەکێکە لە بابەت و تیمە سەرەکییەکانی شیعری فروغ. کە سەرەنجام لە شیعری (باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد)دا مل بۆ حەقیقەتی فەناو نەمان دەدات. بۆیە پێی وایە کە کاری هونەری خۆی لە خۆیدا جۆرە ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی مەرگ و زەواڵ و فەنایە، هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی جۆرە نەمرییەك... کاری هونەری جۆرە هەوڵێکە بۆ نەمربوون و نەمرکردنی خودو سڕینەوەی مانای مەرگ و مردن... کەچی وێڕای ئەوەش دەڵێت: "... هەندێجار بیر دەکەمەوە دروستە کە مردنیش یەکێکە لە یاساکانی تەبیعەت، بەڵام بنیادەم تەنیا لە هەنبەر یاسادا هەست بە حەقارەت و بچووکی دەکات. ئەمە پرسێکە کە هیچ کارێکی دەگەڵدا ناکرێت،

تەنانەت ناکرێت دژی نەهێشتنیشی خەبات بکرێت، بێ فایدەیە، دەبێ هەبێ." (بڕوانە: مقدمە برگزیدە اشعار.) تەنانەت ئەشق و ویسالَیش لە زەینی فروغ دا جۆرە خەرمانەیەکی مەرگ و زەوالْ، دەوری داوە. لە نامەیەکیا بۆ برایەکەی دەنووسێت: "بنیادەم دەبێ لە لفی خۆی بگەڕێت و هەر کەسێك لفێکی هەیە. پێویستە لفی خۆی بدۆزێتەوە، دەگەڵیا بخەوێ و بمرێت. مانای هەڤخەوی ئەمەیە، یانی کامڵ بوون و مردن" (بڕوانە: مجلە فردوسی، ٢٧/مرداد/ ١٣٤٨).

تیمەیەکی دیکەی شیعرەکانی فروغ، نا ئومێدی و رەشبینی و بەدگومانیە. نائومێدی لە شیعرەکانیا هاوار دەکات، هیچ ئومێدێك بە ئایندە نیە. هەر خۆشییەك هەیە لە ڕابردوودا تەواو بووەو بڕاوەتەوە. تاریکی و شکست و داڕوخان گەمارۆی ئایندەی داوە. ئەمە بە زەقی لە شیعرێن (با دەمانبات، نیشانە زەمینییەکان، خەیاڵی سەوز)دا بەدی دەکرێت.

هەروەها خۆزی خواستن بە ڕابردوو، یەکێکە لە مۆتیفە زاڵەکانی شیعری فروغ، ئەمە لە مۆتیفە باوەکانی شیعری فارسییە، شاعیرانی سەردەمی سەلجوقی بە داخ و کەسەرەوە یادی شاعیرانی سەردەمی مەحموودی دەکەنەوەو شاعیرانی سەردەمی مەحموودی بە حەسرەتەوە یادی سەردەمی روودەکی دەکەنەوە... بە هەمان شێوە دەبینین فروغ خۆزگە بە سەردەمی منداڵی و نەوجەوانی دەخوازێت و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمانە لە شیعری فروغ دا زۆر دووبارە دەبێتەوە. لە زۆر شیعری خۆیدا

Scanned by CamScanner

یادی سەردەمی منداڵی کردووەتەوەو لە هەندێ شیعردا کۆمەڵێك یادگاری‌و بیرەوەری ئەو رۆژگارانە دەگێڕێتەوە. لە شیعری (دوای تۆ) بە گوتاری (ئەی حەوت ساڵی) یادی سەردەمی منداڵی دەکاتەوەو لە شیعری (کەسێك کە وەکو هیچکەسێك نیە)دا بە زمانی کچێکی منداڵەوە قسە دەکات.

تەنیایی‌و غوربەت، تیمەیەکی دیکەی شیعری فروغە، لە ژیاندا تەنیایە. هەندێجار لە ئاخرو ئۆخری شەودا شیعر دەڵێت. لە شیعری ئەودا باسی ماڵانی چۆڵ‌و تەنیایی عەسرانی هەینی دەکرێت. لە نامەیەکیا بۆ براکەی دەنووسێت: "ژیان وایە یان دەبێ خۆت بە شادمانی‌و بەختەوەری رۆتینی و ئاسایی وەکو منداڵ و مێردو خانەوادە فریو بدەیت یان بە شادمانی‌و بەختەوەری نائاسایی وەکو شیعرو سینەماو هونەرو ئەم شتە بێهودانە! بەڵام بە هەرحاڵ هەمیشە هەر تەنیایت‌و تەنیایی دەتخوات‌و وردوخاشت دەکات". (بڕوانە: مجله فردوسی، ٢٧/ مرداد/ ١٣٤٨).

سادەیی‌و خۆشباوەڕی‌و متمانەی نابەجێ: یەکێکە لە تیمەکانی دیکەی شیعری فروغ‌و زیاتر ئاماژەیە بۆ خۆشباوەڕی و متمانەی نابەجێی خۆی لە زەمانی گەنجی‌و لە کاتی شووکردنا. هەروەها مەسەلەی زەوجین‌و رامان لە رێو رەسمی زەماوەندو باسکردنی لایەنە جۆراو جۆرەکانی جلی بوکێنی یان سفرەی مارەبڕین کە هەر هەمووی نیشانەو رەمزی بەختەوەری درۆینەن. ((٦))

Scanned by CamScanner

(لە دایکبوونێکی تر) ناوی دوا شیعری کۆمەڵە شیعری (لە دایکبوونێکی ترەو شاعیر کردوویەتی بە ناونیشان دیوانەکەی خۆی. فروغ بەم دیوانە هاتە ریزی گەورە شاعیرانی رۆژگاری ئەمرۆوەو بە تەواوەتی لە فەزای شیعریی کۆمەڵە شیعرەکانی تری هاتە دەرێ. هەر چەند شیعرەکانی هەوەڵی ئەم دیوانەش لاوازن، بەڵام بە گشتی، کۆمەڵێك شیعری زندوو و جوانی لە خۆ گرتووە.

بە نێوبانگترین شیعری ئەم دیوانە، شیعری (لە دایکبوونێکی ترە). ئەم ناونیشانە هێماو ئامازەیە بۆ ئەوەی کە فروغ لە رووی شیعرییەوە، سەر لە نوێ لە دایك بووەتەوە. فروغ لەم شیعرەدا، خۆی بە پەرییەك شوبهاندووە، کەلە ئۆقیانووسێکدا، کونجی تەنیایی گرتووە (پەری نابینرێ).

ئەم تیمەیە شرۆڤە دەکات کە لەگینە مرۆڤێك بۆ هەمیشە لە رابردوودا بمێنێتەوەو ئەمە بە مانای مەرگ‌و فەنایە. لێ ئەگەر کەمێك بتوانێ لە سەفەری ڕابردووەکان بگەڕێتەوە، بە زندوویەتی دەمێنێتەوە، وەکو چۆن شاعیر بە خۆی لە سەفەری ترسناکی بیرەوەرییەکان، سەرەنجام بۆ زەمانی ئێستا دەگەڕێتەوە. فروغ پێی وایە کە رابردوو لە گۆلاێك دەچێت کە نابێ لەو گۆلاوەدا بە دووی مرواریدا بگەڕێی‌و، بە ئومێدی مرواری بیت، ئەگەر وانەبوایە ئەویش لەوێدا، لە دیار گۆلاوەکە دەمایەوە. وێڕای ئەمەش لە شیعرەکانی دیکەی فروغ دا ئەوەش دەبینین کە ژیانی ئێستاشی ئەوە نیە کە بە تەمای بووە.

Scanned by CamScanner

(لە دایکبوونێکی تر) سێبەرو کاریگەرییەکی فرەی بەسەر شیعری مۆدێرنی ئێرانەوە هەبووە،و سوهرابی سپەهری لە رووی شێوازەوە نزیکترین شاعیرە لە فروغەوە...

((٧))

یەکێك لە نیشانە دیارەکانی شیعری نوێی فارسی بایەخدانی راستەوخۆو هۆشیارانەیە بە پرسە کۆمەڵایەتیو جڤاکیەکان... لە ئەدەبیاتی کۆنیش دا، بایەخدانو گرینگی دان بە رەوشو وەزعو حاڵێن کۆمەڵایەتیو رامیاری دەبینرێ، بەڵام هەرگیز بەم راستەوخۆییو فراوانییەی ئەدەبیاتی نوێ نیە.

فروغ، سەبارەت بە پرسە جڤاکیەکانی سەردەمی خۆی دیدو بۆچوونێکی هەستیارو رەخنەیی هەیە. یەکێك لە شەڕەکانی ئەو، دەگەڵ ئەو یاساو عورفو دابو نەریتانەدایە کە بە شێوەیەکی گشتی بە زەرەری ژنانن. فروغ وەکو ژنێکی یاخیو سەرکێشو لە هەمان کاتدا رۆشنبیر، ئامادە نیە مل بۆ ژیانی ئاساییو مەزلوومانەی ژنی ئێرانی بدات، بۆیە بەگژ یاساو دابو نەریتی چەوساندنەوەی ژناندا دەچێتو ئەمە یەکێکە لە پاشخانو زەمینەی سەرەکی شیعری ئەو. لە نامەیەکیا کە لە ١٢/دەی/١٣٣٤دا لە ئەهوازەوە بۆ گوڤارێکی ناردووە، دەڵێت: "ئاواتی من ئازادی ژنانی ئێرانو یەکسانی مافی وانە دەگەڵ پیاواندا. من بە تەواوەتی ئاگام لە دەردو رەنجی ئەو خوشکانەمە کە لەم وڵاتەدا بە هۆی بێدادی پیاوانەوە دەیکێشنو نیوەی هونەرەکەم بۆ

Scanned by CamScanner

بەرجەستەکردنی ژان و ئازاری ئەوان تەرخان دەکەم." (بڕوانە: مجله خوشه، نوروز ١٣٤٦).

فروغ، لە هەندێ شیعریا، بە ڕاشکاوی و بێ پەردە باسی ماشوقی پیاوی کردووە،!... لە شیعری جوانی (فەتحی باخ)دا دەڵێت کە ئەشق و خۆشەویستی لەوەدا نییە کە دوو ناو لە تۆماری رزیوی مەحزەرو نووسینگەی مارەو تەڵاقاندا، لە تەنیشت یەکەوە تۆمار بکرێن، بە گوتەیەکی دی مەرج نییە مارەنامە زامنی بەردەوامی و پاراستنی ڤیان و خۆشەویستی بێت.

فروغ سەبارەت بە قانون و فریشتەی عەدالەت زۆر رەشبین بوو. چونکە یاساکان هەمیشە دژی ئەو و هاورەگەزانی ئەو بوو. خەباتی ئەو بێفایدە بوو، ئیدی بۆ خۆ پاراستن لەو هەموو زوڵم و ناهەقیە پەنای بۆ "ڤیان و ئەشق" دەبرد، گوشاری دنیای دەرەوە، ناچاری دەکرد پاشەکشە بۆ جیهانی ناوەوەو دەروون بکات. ئەوەتا لە بیرەوەرییەکانی سەفەری ئەورووپایدا دەنووسێت: "گوشاری ژیان، گوشاری ژینگەو گوشاری ئەو کۆت و زنجیرانەی کە لە دەست و پێی بەستبووم و من بە هەموو هێزو توانای خۆمەوە هەوڵم دەدا ڕوو بە ڕووی ببمەوە، شەکەت و ماندووی کردبووم. من دەمویست "ژنێك" واتە "بەشەرێك" بم. دەمویست بڵێم کە هەقی ژیان و ماف هاوار کردنم هەیە، ئەوانی دی دەیانویست هاوارەکانم بەسەر لێوانمەوە بتاسێنن و هەناسەم لە سینەمدا خەفە بکەن." (بڕوانە: مجله فردوسی/ سال نهم/ ١٣٣٦).

Scanned by CamScanner

فروغ، هاتوچۆی کۆڕو کۆبوونەوەو ئەنجوومەنە ڕۆشنبیرییەکانی تارانی دەکرد، بەڵام وەکو لە گفتوگۆو نامەو شیعرەکانیا بەدیار دەکەوێت، قەت بە هەندیّ وەرنەگرتوون. بەحوکمی ئەوەی کە ژن بوو، لەوە دەچێت لە پیاوان باشتر، پەی بە پووچەڵی و بێناوەڕۆکی ئەم توێژە بردبێت. ئەو ڕۆشنبیرە سەتحیانەی کە لە ئاستی ئافرەتدا، دەبوون بە خاکی بەر پێیان و جەوهەری بۆش و بە تاڵی خۆیان دەنواند، ئەگەر ڕەخنەگر بوایەن، شاعیرێکی لاوازی ژنیان دەگەیاندە کەشکەڵانی فەلەك، ئەگەر مامۆستا بوایەن. چاوی تەماحیان دەبڕییە قوتابییەکانی خۆیان. ڕۆشنبیرانیّ کە لە زەلکاوی مەی و مەینۆشیدا دەکەوتنە هەڵەکەسەماو لەسەر مێزو خوانی شیودا، قسەی زلیان دەربارەی برسیەتی خەڵکی دەکرد.

دیارە فروغ، مەبەستی لەو ڕۆشنبیرو شاعیرو نووسەرانە بوو کە لە مەیدانی ئەودەبدا، ئیدیعای زانایی و دانایی و ڕۆشنبیرییان دەکردو خۆیان بەرەخنەگرو شاعیری نیشتمانی و نەتەوەیی و نووسەری نێو نەتەوەیی و تیۆریسینی گەورە دەزانی... لە نامەیەکیا بۆ ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی، دەڵێت:

"ڕەوشی ئەدەبیات جاران چۆن بوو، هەروایە، چەنەبازییەکی زۆر، بێهودە گۆییەکی زۆر ترو برِیّ کاری کەم... من کە دڵم تێك هەڵدێت، ئەوەندەی بتوانم هەوڵدەدەم خۆم لە پرتەوی ئەم پیوەرو ئامانجە گەوجانەو سواو و پواوانە دوور بگرم. من بیر لە دنیا دەکەمەوە، هەر چەندە ئومێدی

دنیایی بوون زۆر کەمەو لە نرخی نەبوودایە، بەڵام باشیەکەی ئەمەیە کە ئینسان لە سنووردار ی ئەم ژینگە سیّ بە چوارەو لەم حەوزی کرمانە رزگار دەکات، ئیدی نەك لەوە ناترسیّت کە خراوەتە تاقیگەی بنکە هونەرییە بچووکەکانی ئەم وڵاتەوەو بۆ نەگبەتی دەرنەچووە، بەڵکو پیّکەنینشی پیّ دیّت."

هەڵبەتە فروغ، دژی جیاوازی چینایەتیش بوو و بە دیاردەیەکی نا پەسندی دەزانیو بە چاوی رەزامەندی سەیری نەدەکرد. فروغ بە خۆی تاڵاوی هەژاری و نەبوونی چەشتبوو وهەندیّجار تەنانەت خەرجی گیرفانیشی نەبوو. لە نامەیەکیا بۆ فەرەیدون فەرّوخزادی برای دەڵیّت: "... ئیّستا چلەی زستانەو من تا ئیّستا سۆپام نییە. پارەشم نییە."، "... بە زۆری لە نیوەی مانگدا پارەم پیّ نامیّنیّو کەسیّکم نییە کە کۆمەکم بکات."، "... من دە دانە ساڵە کە شیعر دەڵیّمو هیّشتاش وەختیّ کە ئاتاج بە پەنجا تمەن دەبم، دەبیّ سەری خۆم بگرمو لە بەدبەختیا بگریم."* (بڕوانە: نامە مورخ ۳۰/دی/۱۳۳۸ بە فریدون فروخزاد، مجلە فردوسی، ۲۷/مرداد/ ۱۳٤۸).

دیارە هەڵوێستی ئینسانپەروەریو مرۆڤدۆستی و دلۆڤانیو میرەبانی فروغ هەر قسەی رووت نەبووە، بەڵکو بە کرداریش هەمان هەڵوێستی هەبووە. فروغ ژیانی گولان دەکات بە فیلمو منداڵی یەکێك لەو گولانە، لەگەڵ خۆیدا دیّنیّ، بە فرزەندی هەڵیدەگریّتەوەو بە دڵو گیان بە خیّوی دەکات، منداڵەکە ناوی حوسیّن دەبیّتو بابی نوور محەمەد، کە لە خانەی گولانی

مەشهەد دەبێت. لە نامەیەکیا بۆ نوور محەمەدی بابی حوسێن دەڵێت: "بە هەر حاڵ، دڵنیابە تا من لە ژیانا بم وەکو دایکێك سەرپەرشتیو چاودێری حوسێن دەکەم." لە نامەیەکی تردا دەڵێت: "بۆیە ئەمانەت بۆ دەنووسیم تا بزانیت کە من هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو و کوڕەکەی خۆمدا ناکەم.".

فروغ، وەکو شاعیرێکی هوشیارو بە ئاگا، تەنیا نیگەرانی پرسە جڤاکیو رامیارییەکانی وڵاتی خۆی نیە، بەڵکو هەندێجار لە ئاستی جیهانیشدا نیگەرانی ئایندەی تیرەی بەشەرو ئەم پێشکەوتنە شارستانیە بی سنوورەیە. زانایانو ئیدیعاچیانی ئاشتی بە پێغەمبەرانی دەشوبهێنێ کە پەیامەکەیان پەیامی وێرانی جیهانو فەنا بوونی تیرە بەشەرە:

پێغەمبەران، پەیامی وێرانیان
دەگەڵ خۆدا بۆ ئەم سەدەیەی ئێمە هێنا
ئەم تەقینەوە پەیا پەیانە
و هەورە ژاراویانە
ئایا دەنگدانەوەی ئایەتانی پیرۆزن؟
ئەی دۆست، ئەی برا، ئەی هاوخوێن
کاتی گەییشتیە سەر مانگ
مێژووی قەتڵو عامی گوڵان بنووسە!

(شیعری پەنجەرە).

Scanned by CamScanner

((٨))

مەیدانی شیعری ژنانی ئێرانی بە پێنج ناو ئاوەدانە: رابیعەی کچی کەعبی قزداری، مەهەستی گەنجەوی، عالەمتاج قائم مەقامی ناسراو بە ژالە، پەروینی ئیعتسامی، فروغی فەرۆخزاد. جا بۆ ئەوەی پایەی فروغ لەم مەیدانەدا دەربکەوێ، جێی خۆیەتی کە زۆر بە کورتیو لامسەرلایی دوو قسان لەمەر شیعروشاعیری هەر یەکێکیان بکرێت:

*-رابیعە: لە شاعیرانی سەدەی چوارەمە. کیژی کەعب بووە، کەعب ، لە گەورەپیاوانی عەرەب بووە. دەڵێن رابیعە ئاشقی بەکتاشی خولامی برایەکەی خۆی بووەو برایەکەی کوشتوویەتی... دەگێڕنەوە دەڵێن ئەشقی رابیعە ئەشقی مەجازی نەبووە، بەڵکو ئەشقی حەقیقی بووە. مخابن شیعری زۆر لە دوای رابیعە بە جێ نەماوە، ئەوەی ماویشە ناسکو خەمناکەو بەو شیعرانەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دڵدارەکەی پیاوێکی روحزلو لە خۆبایی بووەو هیچ حیسابێکی بۆ ئەشقو ڤیانی شاعیر نەکردووە. رەنگە دڵدارەکەی لە دۆستانی براکەی بووبێ نەک نۆکەرو خولامی.

*- مەهەستی گەنجەوی: لە هاوعەسرانی سوڵتان سەنجەر بووە. دەڵێن جوانو دڵتەڕو ئەڤیندارو ئاشق پیشە بووەو عودیشی لێدەدا. یەکەم ژنە کە بە چوارینە سەرایی ناوی دەرکردووە. هەموو چوارینەکانی ئاشقانەن. لە هەندێ لەو چوارینانەوە وا بە

Scanned by CamScanner

دیار دەکەویْ کە مەهەستی ژنێکی بە جورئەت و گۆساخ و بێباك بووە. ئەمەش نموونەیەکە لە چوارینەکانی:

رۆز ازل امدم نیشان غم تو
جان تا ابد بود مکان غم تو
من جان و دل خویش ازان دارم دوست
این داغ تو داردو ان نیشان غم تو

وەکو دەردەکەویْ شیعرەکانی (مەهەستی)ش وەکو رابیعە تەنیا بە دەوری سۆزو گودازوئەشق و ئاشقیدا دەسوڕێنەوە.

*- عالەمتاج قائم مقامی، ناسراو بە ژالە: لە ساڵی ١٢٦٢ هەتاوی لە دایك بووەو لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە تاران کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە شاعیرە گەورە گومناوەکان. دایکی پژمان بەختیاری شاعیری غەزەلخوانی هاوچەرخ و راستکەرەوەی دیوانی حافزە. هیچ کەسێك بە شاعیری ژالەی نەزانیوە. دوای مردنی، پژمان بەختیاری بە رێکەوت دەفتەری شیعرەکانی دۆزیوەتەوەو چاپی کردووە. رەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە حەزی نەکردووە خەڵکی بە شاعیری وی بزانن، ئەمەبیْ کە لە شیعرەکانیا بە جورئەتەوە هێرشی کردووەتە سەر رەگەزی پیاو و گلەییەکی زۆری لە ژیانی ژن و مێردایەتی و مێردەکەی خۆی کردووە.

عالەمتاج لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، لە پیاوێکی تەمەن چل و چەند ساڵەی سوپایی، تووڕەو تڕۆو زبر مارە کرا بوو. مێردەکەی

بابایەكی میرپەنجی بوو (میرپەنجی: میرو فەرماندەی یەكەیەكی نزیكی پێنج هەزار كەسییە). كە جگە لە جەنگو ڕاوو شكار هیچی تری نەدەزانی. ژاله، بە ناچاری ماڵی مێردەكەی چۆڵ كردو پەنای بردە بەر ماڵی باوكی، بەڵام لەو زەمانەدا دایكو باوكی مرد بوون.

مخابن شیعرێكی كەمی لە پاش بە جێماوە. دیوانەكەی تەنیا ۹۱۷ بەیتە شیعری لە خۆ گرتووەو وا دیارە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زەبەر دەست بووە. بە هەرحاڵ شاعیرێكی گەورەیە كە لە قاڵبو فۆرمی قەسیدەدا، شیعری زۆر تۆكمەو جوانی بە شێوازی شاعیرانی كۆن گوتووە. لێ ناوەڕۆكی شیعرەكانی تازەو مۆدی ڕۆژو ژنانەنو باسی شانەو ئاوێنەو مەكینەی خەیاتیو سەماوەرو سفرەی مارەبڕینو منداڵو ڕەوشی بێوەژنانو مەزلومیەتی ژنی ئێرانی دەكاتو لە هەموو ئەمانەش گرینگتر زۆر بەتوندی ئیراد لە ڕەگەزی پیاوو بە تایبەتی لە مێردەكەی خۆی، دەگرێت.

*- پەروین ئیعتسامی: لە ساڵی ۱۳۲۰دا واتە پێنج ساڵ پێش عالەمتاج، لە تەمەنی سیو چوار ساڵیدا كۆچی دوایی كردووەو لە قوم بە خاك سپێردراوە. هەڵبەتە عالەمتاجی نەناسیوە. پەروین لەو تەمەنە كورتەدا زۆر شاكاری ئەفراندووە. ژنێكی خوێنەوارو لە بنەماڵەیەكی زانستو ئەدەب پەروەر بوو. پەروین لە ساڵی ۱۲۸۵ هەتاوی لە تەورێز لە دایك بووە. بابی پەروین، یوسفی اعتصامی، وەرگێڕی بێنەوایانی هۆگۆیە. پەروین عەرەبی لای باوكیو ئینگلیزی لە قوتابخانەی كچانەی ئەمریكاییەكان فێر بوو

Scanned by CamScanner

بوو. ئەویشیان دا بە پیاوێکی سوپایی (کە پسمامی خۆی بوو).
ئەویش وەکو عالەمتاج، تەنیا ماوەیەکی کەم لە ماڵە مێردا
هەڵیکردو بەرەو باوان بووەوە...

پەروین، لەوە مەزڵومترو شەرمنتر بوو کە تاقە وشەیەک لەمەڕ ئەڤینداریو هەستی خۆی یان شکستو ناکامی خۆی لە ژیانی ژنو مێردایەتیدا بڵێت. دەردو ئازاری ئەو لە بێدەنگی ئەودا پەنهان بوو. ئایا وەختێ کەسێک تاقە وشەیەک دەربارەی بابەتێک نەڵێت، نابێ ئەو بێدەنگییەی ئەو بە هاواری ئەو لێکبدرێتەوە؟... کەسێک شیری پاک بێو بە وردی گوێ بگرێت، تێدەگات کە بێدەنگیش لە خودی خۆیدا قسە کردنە، هەموو گوێیەکی پاک لە زمانی بێدەنگی دەگات.

لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتیدا، هەندێ مەسەلە هەن کە باسکردنیان قەدەغەیە، یەکێک لەو مەسەلانە عەشقی دنیاییو مەسەلەی بەدەنیو جەستەیی ئەشقە لە شیعری ژناندا،کە یەکێک لە کارە پڕ جورئەتەکانی فروغ، روخاندنی دیواری ئەم قەڵای بێدەنگیە بوو. لەم رووەوە شیعری هیچ شاعیرێکی ژن لە رووی راستگۆییو هەستی واقیعیەت نوێنییەوە هاوتای شیعری فروغ نیە. وەکو گوتمان پەروین لە شیعری خۆیدا هەرگیز خۆی لە قەرەی باسی پرسێن ئەشقو ئەشقێنیو ژنو مێردایەتیو کاروباری سێکسیو ئەمجۆرە شتانە نەداوە. لێ شیعرەکانی لە ئیرادو رەخنەی جڤاکیو سیاسی خاڵی نییە. بۆ نموونە بڕوانە شیعری (فرمێسکی هەتیو).

Scanned by CamScanner

*- دوای پەروین، نۆرەی فروغە: فروغ لەلایەکەوە سەنتزی ئەم شاعیرانەی پێش خۆیەتی و لەلایەکی ترەوە تۆڵەی مەزلومیەتی هەموویان دەستێنێ! هەڵبەتە سەرکەوتنی فروغ تا رادەیەك لەمەدا بوو کە لە زەمانێکی ئازادترا هاتبووە دنیا.

هەموو ئەم شاعیرانە روحێکی ئازادو یاخیان هەبووە، ژیانی سنوورداری خانەوادەیی و ملهوڕی پیاویان پێ قووت نەچووەو زۆربەیان مرۆڤی مەزلومو تەمەنیان کورت بووە.

رابیعەو مەهەستی لە چوارچێوەو جیهانی کۆنی شیعری فارسیدا بوێرانە ئەشقی خۆیان بەرانبەر بە پیاو دەربڕیوە. لە رۆژگاری دواتردا، رۆژ بە رۆژ قسەکردن لەو جۆرە پرسو مەسەلانە پتر قەدەغە بووە. ئەشق و ئاشقێنی دەبوایە ئاسمانی و بە رواڵەت رۆحانی بێت. عالەمتاج (ژالە) لە جیاتی ئەوە کەوتە ئیرادگرتن لە مێردەکەی خۆی و پەیوەندییە باوە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ژن و مێرد. پەروین، لەم مەیدانەدا بێدەنگی رەهای هەڵبژارد، بەڵام لە جیاتی ئەوە، بە رەخنەگرتن لە وەزع و حاڵی کۆمەڵایەتی باو، داخی دڵی خۆی هەڵڕشت.

فروغ، لە سەردەمێکا لە دایك بوو بوو کە ئازادی (هەر چەندە سەنتی بوو) بواری دەدا کە تۆڵەی چەند سەد ساڵەی مەزلومیەتی ژن بکاتەوە. فروغ زۆر بە گورجی ئەم دەرفەتەی قۆستەوە. هەم دەمی لە بابەتی ئاشقێنی قەدەغە کوتاو هەم کەوتە رەخنەو ئیرادگرتن لە یاساو داب و نەریتی باوی کۆمەڵایەتی و هەم هەستە رەسەنە ژنانەکانی بەرجەستە کرد..

هەڵبەتە فروغ لە دنیای هونەرو ئەدەبدا بلیمەت بوو. هەرچەندە وەکو شاعیرانی ژنی بەر لە خۆی خوێندنێکی ڕێکو پێکی ئەدەبی نەبوو، بەڵام لە دنیای وشەو ئاخاوتنی هونەریدا، داهێنەر بوو. مخابن، لە هەوەڵو گەرمەی خەمڵینی مرۆڤانی خۆیدا، مەرگ بەرۆکی گرتو بە تامپۆنی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد.

((٩))

فروغ، لە شیعرا زۆر گوێی بە قاڵب و فۆرمی شیعری نوێو کۆن نەداوەو لەو ڕووەوە هیچ تاسووبێکی نەبووە. لە گفتوگۆیەکیدا بە بەرانبەرەکەی دەڵێت: "من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم کە گوتت شیعری ئەمڕۆو نەتگوت شیعری نوێ. چونکە شیعر نوێو کۆنی نییە" (بڕوانە: مقدمە برگزیدە اشعار). دیارە لەمەدا هەق بەوە، چونکە زۆر جار دەتوانرێ نوێترین شیعر لە فۆرمو قاڵبێن کۆنو تەقلیدیدا بگوترێ، وەکو چۆن هەندێجار جەڵەبی ترین نێوەڕۆک لە فۆرمو قاڵبێن تازەی ئازادو سپیدا، بە سواوترین زمان گوتراوە!... فروغ، شاعیرێك بوو کە بەرە بەرە زۆربەی شێوە شیعرییەکانی جەڕباندبوو و لەم ڕووەوە ئەو قسانەی کە دەربارەی ماهیەتی شیعر، زمانی شیعر، کێشو ئەم شتانە کردوونی هەمووی دروستو بەجێیە، بە تایبەتی کۆمەڵێك داوەری دروستی دەربارەی سوود وەرگرتن لە فۆرمو قاڵبی کۆنو بایەخی شیعرێن نوێ. فروغ، وەکو زۆربەی هاوعەسرانی خۆی، ساویلکانە، یەکسەری ئەفسوونی شیعری نوێ نەبووە. لە "چاوخشانێك بە شیعری ئەمڕۆدا" دەڵێت:

Scanned by CamScanner

"مـن بـه پێچـەوانەی ژمارەیـەك لـە شـاعیرانەوە، كـە بـە گەشـبینییەكی سـاویلكانەوە دەڕواننـە بزوتنـەوەی شـیعری ئەمڕۆ... باوەڕم وایـە كـە ئـەم شـیعرە جگـە لـە یـەك دووانـیٚ... شیعرێكی بۆش و بەتاڵە... ڕوو بە ڕووی ئەم راستیە دەبیتـەوە كە ژمارەی ئەو شاعیرو شیعرانەی كە دەتوانریٚ پشتیان پیٚ ببەستریٚ لـە ژمـارەی قامكـانی دەسـت تێناپـەڕیٚ." (بڕوانـە: ارش، شمـارە ١٣/اسفند/ ١٣٤٥).

فـروغ لـە شـوێنێكدا لـە وەلامـی ئـەم پرسـیارەدا: "بـە ڕای تـۆ دەكرێـت لـە فـۆرمو قـاڵبی كلاسـیكی وەكـو غـەزەل و مەسـنەویدا شیعری تەواو سەركەوتوو بگوترێ؟ دەڵێت: "هەڵبەتە دەكرێـت... شیعر قاڵب و فۆرم نیە، بەڵكو نێوەڕۆك و تیمەیە." (بڕوانـە: هـەمان سەرچاوەی پێشـوو). لـە (مقدمـە برگزیـدە اشـعار)دا دەڵێـت: "من زیـاتر نـاوەڕۆكم مەبەسـتە... هەنـدیٚ شیعر واهـین، یـانی جوانن. ئۆخـژنت پێدەبەخشـن، دەت لاوێـنن. بـە هـەرحاڵ هەنـدیٚ شیعر "شـاعرانە"ن. هەڵبەتـە ئەمانـە شـیعرن. بـەلام شـیعر لـەم چوارچێوەیەدا ناوەسـتیٚ... هـەر ئەمـە نییـە... شـیعر شتێكە كە رەگـەزی ناسـكی و جـوانی یەكێكـە لـە رەگـەزەكانی. شـیعر "بنیادەمێكە" كە لە نـاو شیعردا دەژی، دیٚ و دەچێت، نـەك تـەنیا ناسـكی و جـوانی ئـەو بنیادەمـە... مـن وەخـتیٚ دەخوێنمـەوە، هەندێجار حەزی لێدەكەم، پێم خۆشە، بەلام پێم خۆشە یانی چی؟ ئەدی دوای ئەوە؟... لەم جۆرە كارانەدا زیاتر حاڵـەت دروستكردن هەیە تا ئەفڕاندن. من پێموایە ئەوەی شیعری ئێمەی تێك داوە،

Scanned by CamScanner

ئەو بایەخە زۆرەیە کە بە ناسکی و جوانی دراوە. ژیانی ئێمە جیاوازە. زبرە. پەروەردە نەبووە. پێویستە ئەم حاڵەتانە بهێنرێنە ناو شیعرەوە. شیعری ئێمە ئەزقەزا پێویستی بە زبری و پەیڤ و وشەیێن نا شاعیرانەی زۆر هەیە تا گیانی وەبەردا بێتەوەو سەر لە نوێ زندوو ببێتەوە". (بڕوانە: مقدمە برگزیدە اشعار).

((١٠))

فروغ، لە (مقدمە برگزیدە اشعار)دا دەڵێت: "من هیچ کاتێک سەبارەت بە شیعر، بیرکردنەوەی خۆم لە قاڵب نادەم یانی بیرکردنەوەم دەربارەی شیعر سنووردار ناکەم. من دەڵێم شیعر لە هەموو شتێکدا هەیە. بەڵام دەبێ بیدۆزیتەوەو هەستی پێ بکەیت...

من شیعر، لە خوێندنەوەی کتێبانەوە فێر نەبووم و ئەگەر وا بوایە ئێستا قەسیدەم دەنووسی. هەروا خۆ بە خۆ وەرێکەوتم. وەکو منداڵێك کە لە لێرەوارێکدا گوم دەبێ. رووم کردە هەموو شوێنێك و لە هەموو شتێك ڕامام و وردبوومەوەو هەموو شتێك سەرنجی ڕاکێشام تا ئاقیبەت گەییمە سەرچاوەیەك و خۆم لەو سەرچاوەیەدا دۆزییەوە، خۆم کە بریتی بێ لە خۆم، هەموو ئەزموونەکانی لێڕەوار."

لە کۆنی کۆنەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ زۆربەی فەیلەسووفان هەوڵیانداوە ماهیەتی ئەدەبیات شرۆڤە بکەن و بە شێوەیەك قسە لەربارەی گەوهەرو بونیادی ئەدەبیات بکەن. یەکەمین فەیلەسوف ناودار کە لەم بوارەدا باسێکی تێرو تەسەلی کردبێت ئەفلاتونەو

ڕەنگە دوا فەیلەسوفیش سارتەر بێ کە لە کتێبی (ئەدەبیات چییە؟)دا ماهیەتی شیعری خستووەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە.. بە هەرحاڵ بە بۆچوونی ئەفلاتوون چونکە جیهانی دەرەوەو بوون، بۆ خۆی وێنەو سێبەری دنیایەکی ڕەسەنی باڵاتری نادیاری نەبینراوە، بۆیە شیعری وەکو پرۆسەیەکی لاسایی کردنەوەی واقیع، بە کارێکی بێهودە ژماردووە. چونکە شیعر لاسایی کردنەوەی نووسخەی دووەمی جیهانێکە کە خۆی کۆپی جیهانێکی باڵاترە. شیعر لەم حاڵەتەدا کۆپی کردنەوەی کۆپییە، نەک کۆپی کردنی دەقە ئەسڵەکە کە جیهانە باڵاکەیە.

پاشان ئەرستۆ برێك دەسکاری تیۆرەکەی ئەفلاتونی مامۆستای کردو رایگەیاند کە کاری شاعیران لاسایی کردنەوەی رووتو موو بە مووی دنیای واقیعو بوون نییە، بەڵکو سۆزو گودازو هەستو حاڵەتە دەروونیو روحیو زەینییەکانی خۆشیانی ئاوێتە دەکەن. یانی کاری ئەوان لاسایی کردنەوەیەکی موو بە مووی بێ روحو گیان نیە. دیارە دیدو بوچوونو گۆشەنیگای هەر کەسێك بۆ دنیاو بۆ هەر شتێك جیاوازە، جا گۆشەنیگاو دەخالەتی هونەرمەند لە جیهانو لەو بابەتو شتەی کە لاسایی دەکاتەوە، بایەخێکی زیاتر لە لاسایی کردنەوەی رووت بە کارەکەی دەبەخشێت... بۆیە ئەگەر بابەتی لاسایی کردنەوەکە پێشینەی نەبێت، و تازە بێت بایەخی هونەریو لەزەتی ئەستاتیکی زیاتر دەبێت، چونکە لەلایەکەوە هەموو تازەیەك لەزەتی خۆی هەیەو لەلایەکی ترەوە هەوڵە بۆ

Scanned by CamScanner

دەوڵەمەندترکردنی ئەدەبیات. جا بەم پێودانگەو لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەدا فروغ، بە هەموو حیسابێك شاعیرێكی ڕەسەنو داهێنەرە، یەكەم بە شێوەیەكی گشتی لاسایی بابەتو شتە ئەسڵەكانی كردووەتەوە. خۆی تەمەشای جیهانی دەرەوەو ناوەوەی كردووە، واتە دیدی خۆی بۆ جیهانی دەرەوەو ناوەوە هەیە، نەهاتووە لە نیگاو دیدی ئەمو ئەوەوە، تەمەشای جیهانی ناوەوەو دەرەوە بكات. لەمو لەوی پرسیبێت كە چیان دیتووەو هەمان ئەو شتانە بڵێتەوەو كاوێژ بكاتەوەو بە عەینەكی تۆزو غوبارگرتووی مردووانو پێشینان تەمەشای دنیای كردبێت. دووەم لاسایی هەندێ شتی كردووەتەوە، واتە هەندێ شتی دیتووە كە پێش ئەو شاعیرانی دی خۆیان لە قەرەی نەداوە. شاعیرانی دی هەر نەیان دیتووە، وەكو ئەوەی بەر لە فروغ ئەو بابەتو شتانە هەر نەبووبن... كەواتە فروغ هەم نوسخە ئەسڵەكەی كۆپی كردووە، كە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی ڕەسەنایەتیەو هەم دیدو نۆڕینی بۆ جیهانی ناوەوەو دەرەوە تازە بووە.. دیارە فروغ لەم بوارەداو بە شێوەیەكی گشتی لە بواری شیعردا، بۆچوونی قووڵو جوانی هەیە لەوانە: "...ئەگەر بتەوێ شاعیر بی... لە نوێ دەست بكە بە لە دایكبوونو خۆ بوونو هزرینو دۆزینەوەو كەشفكردنی مانایێن جیاواز، چەمكێن جیاواز. من ئەو كارە دەكەم، بەڵام زەحمەتە، زۆر زەحمەتە ، كۆڵنەدانو پایەداریو ئیستیعابی دەوێت." (بڕوانە: مجلە فردوسی ۲۷/ مرداد/ ۱۳٤۸، از نامەهای خصوصی او بە فریدون فروخزاد).

Scanned by CamScanner

یان: "... تا دەتوانی تەمەشا بکە، بڕی و ریتم و تۆنی ئەم ژیانە تێبگە.." (بڕوانە: از نامە بە احمد رضا احمدی). یان "... شیعری ئەمڕۆ، دیدو ئیدراکی تایبەتی زەمانی خۆی نییە. هەڵەی گەورەی شاعیرانی ئێمە لە مەدایە کە وا وێنا دەکەن بە ریز کردنی چەند ئامارژەو هێماو دەربڕینێکی تازەو کۆکردنەوەیان لە قالبێکی نا باوی نائاساییدا دەتوانن وێنەیەکی ئەم ژیانە توڕەو نەخۆشەی کە لە کوچەو کۆڵان و جادەو بانەکاندا بەردەوامە، بە دەستەوە بدەن، شیعری ئەمڕۆ دەترسێت ناوی ئەو شت و شوێنانە بێنێ کە لە بەیانییەوە تا ئێواریێ سەروکاری دەگەڵیاندا هەیە." (بڕوانە: نگرشی بر شعر امروز، ارش، شمارە ۱۳/اسفند/ ۱۳٤٥).

ڕەسەنایەتی شیعری فروغ لەوەدایە کە لاسایی هەرچییەکی کردبێتەوە، چووەتە سەر نووسخە ئەسڵەکەو بەڕادەیەك نەفەسی خۆی پێبەخشیوە کە لە نوسخە ئەسڵەکە بەرجەستەترو کاریگەرترە، ئەمەش پایەیەکی شیعری یەجگار گەورەی پێبەخشیوە، ئەگەر بمانەوێ پایەی فروغ لە نێو جوگرافیای شاعیرانی ژن دا دیاری بکەین، بێگومان دەبێ لە ریزی هەرە پێشەوەی دا بنەین. زۆربەی شاعیرانی ژن، لە چاوی پیاوەوە تەمەشای جیهانی ناوەوەو دەرەوەیان کردووەو هەمان زمانی ئەویان بەکار بردووە، بە ڕاستی ئەدەبیاتی فارسی لە مێژ بوو پێویستی بەوە بوو کە جیهانی ناوەوەو دەرەوە لە دیدی ژنێکی وردبینەوە بەرجەستە بکات و وێنە بگرێت و بخوێنێتەوە. ئەدەبیاتی فارسی لەو رووەوە بۆشاییەکی یەجگار گەورەی تیا

بوو، فروغ هات و ئەم ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی گرت و لەم ڕووەوە هەقێکی گەورەی بەسەر ئەدەبی فارسییەوە هەیە.

((١١))

نزیکترین دەنگی شیعریی لە فروغەوە، دەنگی سوهرابی سپهرییە. سوهراب باشترین شیعری خۆی لە ئاخرو ئۆخری تەمەنی فروغ و دوای فروغ نووسیوە، بەمەدا ئەوە دەردەکەوێ کە لگینە سوهراب ئەو زمانە ڕەوان و تۆن و ئاهەنگە خۆرسکە لە فروغەوە فێر بووبێ. ئەم دوو شاعیرە ڕێزی تایبەتیان بۆ یەکدی هەبوو. سوهراب لە شیعرەکانی خۆیدا کەم دابێژێک ئاماژەی بۆ فروغ کردووە. لە (ندای اغاز)دا دەڵێت:

چیزهائی هم هست، لحظه هایی پراوج
(مثلا شاعرەیی را دیدم
ان چنان محوی تماشای فضا بوو کە در چشمانش
اسمان تخم گزا شت...).

***

هەندێ شتیش هەن، هەندێ ساتێن پڕ لوتکە
(بۆ نموونە شاعیرێکی ژنم بینی
بە جۆرێ مەحووی تەماشای فەزا بوو کە لە چاوانیا
ئاسمان هێلکەی کرد....)

***

Scanned by CamScanner

له گینه ئەمە ئاماژە بێت بۆ ئەم دێڕانەی (تولدی دیگر):

و پرستوها در گودی انگشتان جوهریم
تخم خواهند گزاشت.

***

پەرەسێلکان لە چاڵایی قامکانی مەرەکەباویم دا
هێلکە دەکەن.

هـەروەها سـوهراب لـە شـیعرێکی سـەربەخۆدا بـە ناونیشـانی (دوسـت) سۆزو گـودازو هەسـتو نەسـتی خـۆی دەربـارەی فـورغ، شیعریانە دەربڕیوە:

گەورە بوو
و خەڵکی ئەمڕۆ بوو.
وخزمی هەموو ئاسۆ کراوەکان بوو
و چەند باش دەنگو ئاوازی
ئاوو زەوی تێدەگەیی.

***

فروغیش پـەی بە بلیمـەتی سـوهراب بردبـوو. ئـەوەتا دەربـارەی سوهراب دەڵێت: "سوهراب لە بەشی کۆتایی کتێبی "اوار افتاب — دارو پەردووی خۆر"ـەوە دەست پێدەکاتو بە شێوەیەکی زۆر تـازەو ئەفسوناویشـەوە دەسـت پێـدەکاتو بەردەوامـەو دەچێتە پێشـێ. سـپەهری لـە هـەموو ئـەوانی دی جیایـە. دنیـای فیکـریو

Scanned by CamScanner

هەستی ئەو بەلای منەوە جوانترین دنیایە. سوهراب باسی شارو زەمانو خەڵکانێکی تایبەتی ناکات. باسی مرۆڤو ژیان دەکاتو هەر لەبەر ئەمەشە بەرینە. لە مەیدانی وەزندا ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە. ئەگەر هەموو تواناکانی خۆی هەر بۆ شیعر تەرخان بکردایە، هەنگێ دەتبینی کە دەگەییە کوێ." (بڕوانە: ارش، شمارە ١٣/ اسفند/ ١٣٤٥، گفتوگوی سیروس طاهباز و دکتر ساعدی با فروغ).

مخابن فروغ لە مانگی بەهمەنی ساڵی ١٣٤٥دا کۆچی دوایی کرد وبەردەوامی هەڵکشانی شیعریی سپەهری نەبینی.

فروغ، لە شوینێکا ئەم شیعرانەی سپەهری دەگەڵ شیعرێن خۆیدا بە دەنگ خوێندووەتەوە: (روناکی، من، گوڵ، ئاو).شێوازی شیعری ئەم دوو شاعیرە هێندە لێکدیەوە نزیکن کە بە ئاسانی لێکدی جیاناکرێنەوە. زمانیان سادەو روونو رەوانە، دیدو نۆڕینو جیهانبینیان تازەو خۆڕسکە. زۆر وشەی هاوبەشی وەکو: (سێو، ئاوێنە، پەنجەرە، ئەشق، تەنیایی، جۆگا، شەقام، ژیان، هەڤئامێزی، حەجم، سەوز، دەم، سات...) لە شیعری هەردووکیاندا دووبارە بووەتەوە، خۆ لە هونەرە ئەدەبییە گوزارەکاریو جوانکارییەکانیشدا زۆر جار دەشوبهێنە سەر یەکتری.

هەڵبەتە لە ئۆتموسفیری مەعنەویاندا هەندێ جیاوازیان هەیە. سپەهری شاعیرێکە خودانی جیهانبینیو سیستەمێکی هزری دیاریکراوی ئەوتۆیە کە دەکرێ بڵێین تا رادەیەك شەقڵو

مۆرکێکی فەلسەفی یان بە گوتەیەکی دی عیرفانی هەیە، سپەهری بەشێوەیەکی گشتی شاعیرێکی رۆشنبیرە کە شیعرەکانی پڕن لە هێماو ئامازەێن رۆشنبیری. فروغ زیاتر عاتیفی و هەستیارەو لە شیعری ئەودا هیچ هێماو ئامازەیەکی رۆشنبیری و فەرهەنگی نییە. هەستیاری، هەندێجار فروغ بۆ مەیدانانی جڤاکی و تەنانەت سیاسیش دەکێشێت.

فروغ زیاتر لەسەر ئەرزە، بەڵام سپەهری ئەگەر لەسەر ئەرزیش بێ، لەسەر ئەرزێکە کە هەموو کەسێك نایگاتێ و پێی نازانێت. فروغ زیاتر لە زەمانی رابردووا و دەگەڵ بیرەوەریاندا دەژی. سپەهری لە زەمانی حاڵ و ئێستادایە. لە ڕابردوو و ئایندە دابڕاوە.

ئەمە لە حاڵێکایە کە فروغ بۆ تاقە ساتێکیش لە بیری (قاقەزقوشیان) غافڵ نییە. سپەهری ئەگەر هەندێجار یادێکی منداڵی و منداڵ بکات لەو روانگەیەوەیە کە منداڵ رەمزی پاکی و بێگەردییەو کەسێکە هێشتا نیگای بە گەردو غوباری داب و نەریتان لێڵ نەبووە.

بە هەر حاڵ ئەویش وەکو فروغ بە بیانووی جیاواز جیاوازەوە دەچێتە سۆراخی منداڵان و منداڵی.

فروغ، شکست خواردوو و رەشبین و نا ئومێدە، ژنێکی تەنیایە، هەمیشە لە ئاستانەی وەرزێکی ساردا بووە، بەڵام سپەهری گەشبین و چالاك و زیتەڵ و شادو شەنگوڵە، پیاوێکی تەنیا بەڵام ئاوەدان و قەرەباڵغ کە هەمیشە لە ئاستانەی بەهارێکی سەیردا

Scanned by CamScanner

بووە. ئەگەر ژیان بۆ فروغ جگە لە هەوری رەشی بێ تاقەتی هیچی تر نەبووبێ، ئەوا بۆ سپەهری رەمزی خۆشی بووە.. بەڵام سەبارەت بە زۆر بابەتو وردەکاریش، دیدو گۆشەنیگای هاوشێوەیان هەیە. هەردووکیان جیهانبینی وردیان بۆ تەبیعەت هەیە. ڕاستە کە یاساو رێسا کۆمەڵایەتیو کێشەکانی ژیان، ژنێکی تەنیای وەکو فروغ، بەرەو ئەوە دەکێشێت تا ئومێدانە، رەشبینانە گوزارشت لە ژیان بکات، بەڵام سپەهری سۆفی ئاسا، گوێ بە یاساو رێسایان نادات‌و دەم لە چالاکیو چەلەنگی دەکوتێ، بەڵام هەندێجار جۆری بەرخوردەکەیان لە بونیاددا دەشوبهێتە سەر یەك. بۆ نموونە لەو پێناسانەدا کە هەردووکیان دەربارەی ژیان کردوویانە، ژیان بە ئاوێتەیەك لە مردن‌و ژیان، خەم‌و شادی، خراپیو باشی دەزانن، لێ فروغ کاردانەوەی هەیە، بەڵام سپەهری دەڵێت ئەمە یاسای ژیانەو دەبێ بە رووی خۆشەوە حەقیقەت قەبووڵ بکەی.

وەکو گوتمان سوهراب شاعیری بەهارو فروغ شاعیری زستان بوو، هەڵبەتە لە بندێری شیعری هەر یەکێکیاندا، جۆرێك لە پێشبینی مەرگی خۆیان بەدی دەکرێت، یان وەکو دەڵێن هەستی شەشەمیان یان دڵیان خەبەری داوە، ئەوە بوو سوهراب لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩= ١٩٨٠ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردو فروغی شاعیری زستان، هەم لە زستاندا لە دایك بوو،و هەم لە زستانی ١٣٤٥= ١٩٦٦دا کۆچی دوایی کردو لە (باوەڕ بێنین بە

سەرەتای وەرزی ساردا) کە مێژووی زستانی تەمەنی ئەوە، دەڵێت:

ئەمڕۆ رۆژی یەکەمی دەی مانگە.
من رازی وەرزەکان دەزانم
و زمانی ساتەکان تێدەگەم
فریارەس لە گۆڕا نوستووە
وخاك، خاکی پەزێرا
ئاماژەیەکە بۆ ئارامی
بە دایکم گوت: ئیدی تەواو بوو.
گوتم: هەمیشە پێش ئەوەی تەسەور بکەی روو دەدا
پێویستە، بۆ رۆژنامە، پرسەنامەیەك بنێرین.

لە شوێنێك دا دەڵێت: ".... دەترسم کە زووتر لەوەی کە تەسەور دەکەم بمرمو کارەکانم بە نیوەچڵی بمێنێ".

لە کۆتایی دوایەمین شیعریا (باڵندە مردە نیە) کە بە ماوەیەکی کەم پێش مردنەکەی گوتوویەتی دەڵێت:

بیر لە فڕین بکەوە، فڕین فێر بە
باڵندە مردە نییە.

ئەمە لە ڕاستیا دوا پەیڤی شیعرییە کە خستویەتیە سەر کاغەز.

Scanned by CamScanner

زانیاری زیاتر بڕوانە:

- نگاهی بە فروغ / دکتر سیروس شمیسا. چاپ سوم ١٣٧٦/
نتشارات مروارید، تهران/ خیابان انقلاب.

- بزرگ بانوی هستی (اسطورە -نماد- صور ازلی) چاپ دوم
١٣٨٧- ٢٠٠٨/ انتشارات نیلوفر.

- ئەو دیوی مەرگ/ نووسین و ئامادەکردن و گۆڕینی: حەمەکەریم
عارف/ چاپی یەکەم/ ٢٠٠١ دەزگار چاپ و بڵاوکردنەوەی
موکریانی/ کوردستان/ هەولێر

حەوتەم: مەرگی ئەو شەهیدە

کاتێ شاعیرێکی گەنج دەمرێت، چۆن لەو چەند رۆژە کەمەی دوای مردنەکەی داوەری دەربارە بکەین؟ لە کارەساتێکی سامناکدا، قارەمانێکی پێشەنگ لە مەیدانی بەرینی مەعنەویدا بارگە تێکدەنێت، کۆچ دەکات و سەیر دەکەین لە جێگای خۆی، چاڵێك، بۆشاییەکی ترسناکی لامانەوە بەجێهێشتووە.ئەم بۆشاییە سامناکە چۆن وەربگرین؟ چۆن مامەڵەی لە تەکدا بکەین؟من پێشنیاز دەکەم کە فرۆغ ناوبنەین "شەهید". جگە لەمە، لەم چەند رۆژە کەمەی دوای مردنەکەی و بەم پەلەپەلە هیچی دی ناکرێت. چونکە ئێمە بەر لە مردنەکەی هەموو قسەیەکی خۆمان- چ بە غەرەز و چ بێ غەرەز، چ بە مەدح و چ بەزەم- کردووەو ئیدی دوای مردنی بە ساڵانێك خەڵکی دیکەش قسەی لەسەر دەکەن، قسەی ئەوان کە لە نێو ڕازو ڕەمزێن ڕەخنەی ئەدەبیدا، شێوەیەکی هونەریتر، لەم قسانەی ئێمەیان دەبێت، لەم هەستە توند و قووڵ و پیرۆزەی کە هەنووکە ئێمە لە هەنبەر ئەم کارەساتە گەورەیەدا، هەمانە،دوور دەبێت.

ناوی بنەین شەهید،چونکە وەکو چۆن ژیانی بەشەران لێکدی جیاوازە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی فەرق دەکات، بەو ئاوایە مەرگیانیش وەکو ژیانیان چەمکێکی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە مەرگی نیما، کارەسات نەبوو، تەبیعەت بوو، رێکەوت و تەقدیر نەبوو، حەتمیەتی یەکسان و یەکدەستی زەمان بوو، لێ مردنی

Scanned by CamScanner

...روغ، نەك هەر كارەسات بوو، بەڵكو كاردانەوەیەك بوو دژی ...بیعەت، نەك هەر رێكەوت و تەقدیر بوو، بەڵكو ڕاوەستانی ...گەمانی چەرخی رۆژگار و زەمان بوو. مەرگی نیما، مەرگێكی ...اسایی بوو، چونكە نیما پیر بوو ومرد.لێ مردنی فروغ، مردنێكی ...ائاسایی بوو، مردنی فروغ ،مردنی جەوان بوو.

...ئێمەی پیاوانی ئەم وەچەیە چەندیش لە ڕووی دید و ئەندێشەو ...واری داهێنان و ئەفراندن و هەموو شتەكانی دیكەوە، جیاوازی و ...ووكە جیاوازیانمان هەبێت، ئەوساش كەم وزۆر دەگەڵ یەكدا ...بێنە بەراوردكردن. لێ فەرووخزاد، بە حوكمی ئەو پایە ...تایبەتییەی كە هەیبوو، لە گەڵ هیچكەسدا قابیلی بەراورد ...نییە،چونكە ئەگەر شاعیرانی پیاو، هەریەكەو بەشێكی لە ئەركی ...پیاوەتی خۆی نیشاندابێت و رۆڵێكی لە ئەستۆ گرتبێت، ئەوا ...فەرووخزاد، بە تاقی تەنیا زمانحاڵی ژنی بێدەنگی ئێرانی درێژای ...سەدان ساڵە. فەرووخزاد تەقینەوەی گرێی توندو بە ئازاری ...بێدەنگی ژنی ئێرانە.

...لەبەر ئەمە ئەگەر ئێمەی پیاوانی قەڵەم بە دەستی ئەم وەچەیە ...لە كاراكتەرو قارەمانانی ئەو چیرۆكە بێ سەرووبەرو دڵتەزێنانە ...بچین كە لە رووداوێن سەرگەردانی خۆمانەوە هەڵدەقوڵێن، فروغ، ...بە حوكمی چۆنیەتی بەدەنی خۆی، كاراكتەرو قارەمانی تاقانەی ...تراژیدیایەكی كارەساتاویە، چونكە ئەو لەوەتای هەزار ساڵە بە ...تاقی تەنیایە. بە تاقی تەنیا باری چارەنووسی داوە بە كۆڵیا و لە ...تەنیاییدا، لە سەفەری " قەوارە"ی خۆیدا، "خودی" خۆی لەسەر

"هێڵی زەمان" دادەنێت و دەڕوات. ژنی ئێرانی کە چەندین سەدە لە بواری داهێنانی شاعیرانەدا نەزۆك بوو، لە فەرووخزادا ئاوس دەبێت و خۆی بە هەموو توانا و روونییەکەوە لە ئاوێنەی رۆژگاردا دەنوێنێت. لەبەر ئەمە، پایەی ئەوی بێ پێشینە، بێ نەزیر و وێنە و مخابن جارێ، یا لەوەیە بۆ هەمیشە بێ پاشینەیە.

فەرووخزاد، ئەگەرچی وەکو "ئوفیلیا" بەرەو ترسناکترین ئەشکەوتێن دەریایی و دڕندەترین ماسیان، هەمان حەرەکەتی یەکدەستی شێتانی غەریقی هەبووە، بەڵام لە هەست وسۆزی سادەو راستگۆیانەو قووڵی خۆیدا، هێز و توانایەکی ئەوتۆی هەیە، کە وەچەێن دوای ئەو هەرگیز ناتوانن لە باندۆر و کاریگەری ئەو دەربازبن و هەڵێن. ئەدی خۆی نەیگوتووە؟

دەستەکانم لە باخچەدا دەروێنم
سەوزدەبم
دەزانم، دەزانم، دەزانم.

شیعری فروغ، چارەنووسی ئەو بوو، وەکو چۆن مەرگ، چارەنووسی هاملێتە. شیعر بازنەیەکی خاڵییە کە شاعیر بە بوونی خۆی پڕی دەکاتەوەو فەرووخزاد، بە جۆرێ فەزای شیعری خۆی " بە خودی خۆی" پڕکردووەتەوە، کە شیعری وی بۆ هەمیشە بووە بە هاوتای ناوی وی و وەکو ئەوەیە کە چ شاعیرێك لە گۆڕێ نەبێت و ئەوەی هەیە تەنیا شیعرەو هیچی تر. بەڵام ئەو

Scanned by CamScanner

ڕێگای خۆی بڕیوە، ڕۆیشتووە و لە هەرەتی خەملین و پوختەیی تەمەنا ڕۆییوە و ئەم حەسرەت و ئەفسووس و تەنانەت ئەم کارەساتە پڕ کول و کۆڤانە، بۆ ئێمە ماوەتەوە کە شیعری فارسی دووچاری مەحروومیەتی ئەبەدی لە شیعرێن دواتری کەسێك بووە کە ئەگەر تەمەنێکی ئاسایی ڕانیبا لەوە بوو تا چل سالی دیکەش شیعر بلێت.

لێ ئەو پەی بە حەقیقەت بردووە.کێواو کێوی لە ژێر بال ناوە تا سیمورغ بە چاو ببینێت، ئەم سیمورغەی لە ئاوێنەیەکا کە خۆی تەمەشای کردووە، لە پەنجەرەیەکا کە بەهاری بە خەیالە سەوزەکانییەوە بۆ لای ئەو ناردووەو، لە باخچە چکۆلەکەی مالەکەی خۆیدا دیتووە. ئەم سیمورغەی لە سەر چلی درەختێکا گرتووەو زۆربەی کات ئەم سیمورغەی لە شێوەی خۆیدا دیتووە.

لە فەرووخزادا " ڕۆیشتنی ئاسۆیی نەبوو"، بەلکو "ڕۆیشتنی ئەستوونی" هەبوو. ڕەنگە داهێنەری ڕەسەن وابێ . نێوەرۆکی شیعری فەرووخزاد، هەمان نێوەرۆکی سیانەی نەمری و جاویدانین: ئەشق، جوانی و مەرگ. ئەم ناوەرۆکانە لە دەورانی دایکسالاری مرۆڤی سەرەتاییەوە تا ئیستا بە گوێرەی زەمان و شوێن، شێوەێن جیاوازیان وەرگرتووە. لێ لە ڕیشەو ماناو چەمکدا هەر وەکو جاری جاران ماونەتەوە. ئەم سێ ناوەرۆك و تیمەیە بە دەوری سیمای ژندا دەسوڕێنەوە: جوانی سیفەتی ژنە، ئەشق هەوێنی ژنە و مەرگی خۆی یان ماشوق و دلدارەکەی، چارەنووسی ژنە. فەرووخزاد، لەم سێ ناوەرۆکە نەمرەی شیعر،

Scanned by CamScanner

جلی زەمانی خۆی دەپۆشێت و هەمیشە لەم سێ ناوەرۆکەدا قووڵ دەبێتەوەو بەرەو قووڵی دەڕوات، چ لە یەکەمین سێ دیوانی خۆی کە مەشق و ڕاهێنانی سوودمەندی شاعیرانەی بوون و چ لە " لە دایکبوونێکی تر" و شیعرەکانی دواتری ئەم دیوانە کە بەرهەمە درەخشانەکانی ئەو پێکدەهێنن.

گەورەترین داخ ئەمەیە کە لە نێو شاعیرانی هاوچەرخدا، کەسێك نییە کە تەنانەت بە ئەندازەی دە، دوازدە ساڵ لەمە پێشی فەرووخزاد، بەهرەو تواناو جورئەتی هەبێت. هەڵبەتە ئەم خاڵەش بە ڕاستی مایەی نیگەرانییە کە تاران بێ فەرووخزاد چەند چۆڵ و بێ روح و گیان دێتە بەرچاو.

ودڵی باخچە لە ژێر هەتاوا ئاوساوە
وزەینی باخچە خەریکە هێدی هێدی
لە یادگارێن سەوز بەتاڵ دەبێ

سەرچاوە: طلا در مس/رضا براهنی/ کتاب زمان/ چاپ دوم/۱۳٤۷

Scanned by CamScanner

هەشتەم: فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەرك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا ، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوربان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

Scanned by CamScanner

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەلاًشکەری

ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم

ئۆفیس: نووسینگە، ژووری کار

ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین

ئیش: کار

Scanned by CamScanner

ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانە

ئیزنگ: داری سووتاندن

ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز

ئاوێزە: چلچرا،پلپلەو سلسلەی خشلی ژنان

ئاوارتە: ریزپەڕ، جیاکراوە، دوورخراوە، پەڕێنراو

ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی

ئیفترا: بوختان

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن

ئەشقی: شەقاوە، بەرەلآ، یاخی، ملهوڕ

ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵە

ئاچەر: هاچەر، کلیل

ئالدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمە ڕێژ، سورمە چن

ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئسراحەتی لەشك

ئەلها: ئارەزوو، کەڵکەڵە.

ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکە، ماخولیا و جۆرە شێتییەکە.

ب:

بارەژن: زڕدایك، هوّی دایك، باجی

باب: باوك

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

Scanned by CamScanner

به تۆبزی: به زۆر، به خورتی

به روحم : به بەزەیی ، دلۆڤان

برنجه: جۆره کانزایەکه، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچاره،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخه، یەخه

بەکاوەخۆ: به هێواشی

بەرسڤ: وەلاّم

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکه: سەرینی بچووك، گۆشه

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: به تەواوەتی

بەو ئاوایه: بەو جۆره، بەو شێوەیه

باریه: لۆسه

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم، ڕەخ

بێشه: دارستان، لێر

بەرکۆشه: بەرهەڵبێنه

بن پیاڵه: ژێر پیاڵه

بۆرەقنه: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووه مەلی بەهاره

بێزوو: بێزگ، مەگێرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلاّنس: هاوسەنگی

Scanned by CamScanner

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بە سوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

بازێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، رێزان، رێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆبرلو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵغ: بەڵغ، کەرەوو

Scanned by CamScanner

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

بوخچە: پارچەیەکی چوارگۆشەیە بۆ کەل و پەل تێنان

بەدخوا: دڵپیس، لە چاکە بەدوور

بەعزکردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان

بن عام: خزمی دوور

بەگەن: پەسند

باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون

بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامل سپی

بیژی : زۆڵ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا

بەتڵ: بەشێك

بوری : تێپەڕی

بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە

بزە: زەردەخەنە

بە خۆی نەوەستا: خۆی پێ زەوت نەکرا

بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی

بنیچە: ڕەچەڵەك

بەور: دڕندەیەکی بە سامە

بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە

بێ زات: بێ زاخ، ترسنۆك

بە غار: بە ڕاکردن

بڕێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك

بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ

بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند

باخفم: قسەبکەم.

Scanned by CamScanner

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارک: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەک

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشک گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشک ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆلکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاک: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبوونەوە

Scanned by CamScanner

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

پەرکەم:فێ، خوودار، پەتاو هەلأمەت پێکەوە، ئەنفلۆنزا

پێشهات: قەومان، بەسەرهات

پشتیر: گەوڕ، تەویلە

پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆکە

پڕکێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتکردن

پاکەن: کەوش کەن، جێگەی پێڵاو داکەندن

پەیڤ: وشە

پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.

- **ت:**

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

Scanned by CamScanner

تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشریق : هەورە تریشقە، بروسکە

Scanned by CamScanner

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژاڵرخەن، پێکەنین بە موسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تلیانە: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی.

- **ج:**

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولا، بزوا

جڤاکی: کۆمەلایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمكانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونی: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

• چ

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چرین: وتن (بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: درك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

Scanned by CamScanner

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقە هاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێومرە،فرۆشیاری گەڕۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیلە

چوون: وەك،

چپەدوو: دووان بە چپە

چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.

- **ح:**

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

حێل: گەورە، زۆر گەورە

- **خ:**

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

Scanned by CamScanner

خوێزه: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆک: فریبۆک، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خولْق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بێ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فێ ، پەرکەم

خۆبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەک کە خاك و خۆڵی تێ فڕێ دەدرێ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك بەبێ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی.

- **د:**

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تووڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میهرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن (بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

Scanned by CamScanner

دلڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووک کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەرەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەمری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆک، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست، چەق

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

دۆتمیر: کیژەمیر، شازادەخانم

Scanned by CamScanner

دەقوتاند"بەسەردەبرد

دلاوا: بەخشندە، دڵ تێر، بە دەست و دڵ

دادڤانی: دادوانی، قەزایی

دەمە قاڵە:دەمبۆڵە، دەمقرە، دەمەقاڵێ

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچ پەرست

دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس

دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو

دەقەتێ:دەبورێ

دەحکە: مشت و مڕ، گەنگەشەی توند

دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵکی، ژنی بەخێوکەری منداڵی خەڵکی

دەخەلەساین: رزگار دەبووین

دەساوێز: بیانوو، پەڵپ

دەڵمە: دۆڵمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت

دزێو: ناحەز، ناشیرین

دەسەجەمی: بە کۆمەڵ

داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەلاً

دوم: کلك

دین: شێت

دەلال:جوان و ڕەزا سووك

- ڕ:

ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشمو

Scanned by CamScanner

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

ڕۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخالٚ ، خەڵوز

ڕك : کوور، ڕژد

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

رمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

ڕەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

ڕەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچكۆڵەی لاواز، بیٚ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالٚ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

ڕەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

ڕەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشكار

ڕیشخەن: گاڵتە پێكردن

[illegible]بیت: ڕایەت، مسكێن

Scanned by CamScanner

ڕەزا سووك: ئێسك سووك، ڕەزا شیرین، دەلال.

ڕاجفرین: لەرزین، ڕاچڵەكین

ڕەدا: ڕازی بوون، قاییل بوون

ڕەخ: رۆخ، قەراخ، لا، كەنار

ڕازگر: مەحرەمی ڕاز، نهێنی پارێز

ڕۆزا: جۆرە گوڵێكە، گوڵی پیرۆز

ڕوودار: بێ شەرم، ڕووقایم، بێ چاو ورِوو

ڕاڤە: واتا شیكردنەوە، تەفسیر

ڕایە: حەدد، شیاوی

ڕەتبلاو: هزرو بیر بلاو، پەرتەحەواس.

- **ز:**

زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایكبوون، مەفتەن

زوخاڵ: ڕەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕكوونی، بوغزن، كینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

Scanned by CamScanner

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، مندالأن

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆڕزان

زەرگاڵ: پێڵاوی لە موو چندراو، بەلەك پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زیبا: جوان، خشیك، ڕند، خشکۆك

زراڤ: باریك، شووش.

• ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژرخەن: پێکەنینی ژەهراوی ، پێکەنینی تەوسامێز

ژرۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن.

• س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

[illegible]سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

[illegible]لە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

[illegible]: پەیمان، بەڵێن

Scanned by CamScanner

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقلّ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، مندالّی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

Scanned by CamScanner

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل: پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: ڕێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

سەرگەڤار:سەرۆکی خێزان، گەورەی خێزان

سۆر: سوور، ڕەنگی سوور

سەوقاتی: دیاری

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و کول و پەڵ، کۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقا نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سلۆك: سرك، ڕەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، کومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

- **ش:**

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕیار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگولێ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

Scanned by CamScanner

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە، دەبەنگ، سائەقڵ

شێلو: لێڵ

شلك: ناسك و تورت، سست و خاو

شەجەرە: سەجەرە، لیستی‌ناوی باب و باپیران

شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە

شـەوبێری: شەونشـینی، شـەوکۆڕو مەجلیسـی دۆسـت و بـرادەران، شەڤرونك

شەقڵ: مۆرك

شەڤرونك: شەونشینی، شەوکۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە

شەراشو: شەڕانی، جنگن، جینگن

شەپلە: نەخۆشی ئیفلیجی

شکستۆك: نزیکە شکان، شکستەنی، شتی ناسکی نزیکە شکان.

شەملەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.

Scanned by CamScanner

• **ع:**

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

عال: نایاب.

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەکی.

• **ف:**

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەک، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیّ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نیوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، كراوە

فەرەنگی: ئەورووپایی

فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر

چیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری

فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە

فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی

فیزماڵك: خۆ دزینەوە

فیودالْ مولْكدار، دەرەبەگ

فەلە: دیان، مەسیحی.

• ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەراڵ: پاشا

قەراڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەڕەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەلْکاوی قامیشەلاّن

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەلاّتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

Scanned by CamScanner

قەلایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاولە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆزیتەڵ، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم، قەمبوور

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قرێـژە بـەرد: خەتـە تیلکـە،ورتە شـینایی پێکـەوە نووسـاوی سـەر بەردان

قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، باڵاپۆش

قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە

قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان

قرێتە: قرێدە، قلادەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی

قۆشمە: حەنەکچی، گاڵتەچی

قوڕنە: گۆشە، سووچ، قوژبن، سیلە

قەیچی: مقەست

قاودان: دەرکرن، جواوکردن.

قەبرغە: برک، قەبرخە، خالیگە

قووچاندن: راکردن، هەڵاتن. ڕەڤین.

قاقەز قوشی : کۆلارە.

• **ك:**

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

Scanned by CamScanner

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلان

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

Scanned by CamScanner

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆک: سەگ

کەستەک:سندە گڵ، کڵۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاک، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕک هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێک

کەترەخانە: خانەی پیران

کەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە

کۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر

کەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد

کلە سووتە: رووپامایی، کلکە لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی

کۆجاڕ: کێوسات، کۆسار

کارەکەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری

کەڵگیت: کەرکیت، هەپك ، شانەی پۆ کوتانی تەون.

کەنیزەك: کارەکەر، کەنیز، قەرەواش.

کەوێڵ: کۆخ، کۆختە،خانووی چکۆلەی یەکچاوە. ئەشکەوت.

کوچەماڵ: کەناس

کەڵەموست: قامکی گەورە،کەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.

- **گ:**

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

Scanned by CamScanner

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە

گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە

گاڵدان: هاندان بۆ کاری خراپ

گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ

گەوشەك: بڕوانە گەمشەك

گەمشۆ: گێل، دێوانە، کەمفام، کاڵفام

گەوڕ: پشتێر، ئاغەڵ، تەویلە

گۆڵ : سەگی نێر.

- **ل:**

له کەیفان: له خۆشیان

له بیلادەوە: له ئیجادەوە، له بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

Scanned by CamScanner

لۆسه: باریه

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایده: بێگانه

له هەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشه، بووکەڵه

لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆك

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگه، لەوەیه

لەوتاوه : پیس بووه

لەز : خێرا ،پەله

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دووره شەڕ

لاکەوه : لاچۆ ، برۆ کەنار

له نك: له کن، له جەم، له دەف، لەلا

لەگام: چەوره، زگ لەوەڕێن

لێژگه: لێژایی، نشێو

لێبۆك: لەوده، حەنەکچی، فیڵباز، موهەڕیج

لچ: لێوی خوارەوه

لوشکه: لوشك، جووته

لاتریسکه: لادان له ڕێگه

لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ

لەله: نۆکەری زارۆك بەخێوکەر

Scanned by CamScanner

لاڤە: پاڕانەوە

لە عەلەیی: لە دژ

لە یەکبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، لە پەستاو بێ بڕانەوە

لەزێکە: پەلە بکە، خێراکە، بلەزە

لوقمان: دکتۆر، حەکیم

• م

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێربڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ ومـوش: ملۆمـۆ، گـەران و بـۆنکردنی زەمـین بـۆ پەیـداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : ڕەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

Scanned by CamScanner

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و توڕەیی

مەچێر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

مێردەك: بۆرە پیاو

مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز

مەعاف: بەخشراو، ڕەوا

موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر

میانساڵ: ناڤساڵ

مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر

مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵکی

مشە: زۆر، فرە

مامێز:مامزە.

مامز: ئاسك، کەژاڵ

مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.

• ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزلر: قامیشەلان

Scanned by CamScanner

نسیبەت: بەلاّ، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: ڕەگەز، ڕەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالّ : میانسالّ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەلاّیەتییەوە

نۆبەرە: یەکەم منداڵ، یەکەم بەر

نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەکەوتن، پیڕانەگەییشتن

نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز

نەپرینگانەوە: سڵ نەکردنەوە، کۆنەکردنەوە، سڵ نەکردن

نیونەخت: یەك دەم، یەك سات

نێش: چزوو

Scanned by CamScanner

نەساغ: نخۆش

نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری.

- **و:**

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەكرد: كردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : كراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف كردن : تەرخان كردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر كێڵاٚن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاٚوەخانە، دارالنشر

وەشانكار: بلاٚوكەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەكی، پیرۆزی

وشكەبار:میوەی وشكەوەكراو

وەكوژاندن : تەمراندن، كوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

Scanned by CamScanner

وازوازی: دەمدەمی مجێز

وێڵ: ماریفەت

وانێك: یارۆ، هێن

وڵە: نەمەیی‌وی تەواو.

- هـ

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چرپوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربە هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو، هەڕەت، جەنگە، تاف

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەرکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفێر

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاوێلکە، ئاوزینگ، حالی مردن

هەڵاژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

هێم: بناخە، بناغە

هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا

هاو وازی: هاوگەمە، هاوکایە، هاوبازی

هەوسار: ڕیشمە، دەستە جڵەو

هاوقەتار: هاوکارو پیشە، هاوڕێ، دۆست

هەمێز: ئامێز، باوەش

هزرین: بیرکردنەوە

هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.

هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر

هەڕە: مشار.

هۆشی: گوڵەوەچنی.

• ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاَن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە

یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.

یەغدان: یەخدان، سەنوقیدارینی گەورە.

Scanned by CamScanner